# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٨٣ ▌ سێ شەممە ١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٩ _ ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٠

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## ئەمریکا: ڕێژیمی ئێران هێشتا ماوەتی




نوێنەری تایبەتیی ئەمریکا بۆ کاروباری ئێران دەڵێ گوشارەکانی سەر ئێران قەت بەو شێوەیە نەبووە، بەڵام ئێران هێشتا ماوەتی و لە ڕۆژان و حەوتووەکانی داهاتوودا ئەم گوشارانە زیاتریش دەبن.

ئێلیوت ئابرامز لە وتوویژ لەگەڵ «سی ئێن ئێن»دا سەبارەت بە ملنەدانی هیندێک لە وڵاتان بۆ درێژکردنەوەی سزاکانی سەر ئێران گوتی ئەوە وەزیرانی دەرەوەی ئەم وڵاتانە نین کە لەو بارەیەوە بڕیار دەدەن، بەڵکوو ئەو ٥٠ هەزار سەرۆکی کۆمپانیا، خاوەن بانک و دامەزراوە و بنیاتە داراییەکانن کە لەو بارەوە ساغ دەبنەوە لەگەڵ بڕیارەکەی ئەمریکادا هەن یان نا؟

ناوبراو دەڵێ لە ئەگەری بەردەوامیی سیاسەتی «لانی زۆری زەختەکان» و درێژەی سزاکان، کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا دێ و دێتەوە سەر مێزی دانوستان. بەپێی زانیارییە نوێیەکان دەوڵەتی تڕامپ لە پێناو دابڕاندنی سەتاسەتی ئابووریی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانیدا بە تەمایە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ١٤ بانکی دیکەی ئەم وڵاتە کە تا ئێستا لە سزاکانی ئەمریکا خۆیان دزیوەتەوە بخاتە لیستی ڕەشی گەمارۆکانەوە.

### ناگۆرنۆ قەرەباغ:

# هاوپێوەندی بۆ تورکزمانەکان ڕێگەپێدراو و بۆ کوردەکان تاوان!




شەڕی ئەرمەنستان و ئازەربایجان لەسەر ناگۆرنۆ قەرباغ و لێکەوتەکانی لە ئێران جێی سەرنجن. ڕاستە کە لە کۆندا ئازەربایجان بەشێک لە خاکی ئێران بووە و ئێستاکەش هاوپێوەندیی نەتەوەیی و سۆزداری لە نێوان ئازەرییەکانی ئەم دوو وڵاتە گەرموگوڕە، وەک چۆن کوردەکانیش لە چوار وڵاتی دراوسێدا یەک نەتەوەن و هاوپێوەندییەکی قووڵی نەتەوەیی و نیشتمانییان لەگەڵ یەکتر هەیە؛ بەڵام ئەوەی ئەم دوو باتەتە لێک جوێ دەکاتەوە جۆری سیاسەت و ڕەفتاری حکوومەتی تارانە.

کاتێک سێ ساڵ پێش ئێستا ڕێفڕاندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچوو، و ئەمە لە کوردستانی ئێران شەپۆلێک لە هاوپێوەندیی لێ کەوتەوە، دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بەتوندی کەوتنە سەرکوتی خەڵک و ئێستاش زۆر کەس لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە تاوانی! ئەم هاوپێوەندییە سزای زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا سەپاوە. ڕووداوەکانی وەک ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان، سەرۆککۆماریی مام جەلال، تەقینەوەکانی یەکی شوبات، کوبانی و عەفرینیش کە ڕەنگدانەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو؛ هەر بە هەمان شێوە ڕەفتاریان لەگەڵدا کرا. بەڵام لە جۆری هاوشێوەی کە هاوپێوەندیی ئازەرییەکان لەگەڵ هاونەتەوەکانیان لە ئازەربایجان لەسەر پرسی قەرەباغە، سیاسەت و مامەڵەی تاران و ناوەندە ئەمنیەتییەکان جیاوازە. وەک دەبینین وتاری هەینیی مزگەوتەکانی بۆ تەرخان دەکرێ، نوێنەرانی وەلی فەقیهـ لە پارێزگاکانی زەنجان، ورمێ، تەورێز و ئەردەبێڵ بەیاننامەی پشتیوانیی لەسەر بڵاو دەکەنەوە و ئایەتی قورئان بۆ پێویستیی ئەم پاڵپشتییە دێننەوە، خەڵک و جەماوەریش بێ هیچ ترس و نیگەرانییەک دێنە سەر شەقام.

ئەوەی ئەم هاوپێوەندییە بۆ کوردەکان بە تاوان و بۆ ئازەرییەکان بە ڕەوا دادەنرێ ڕاستە گرێدراوی کۆمەڵە فاکتەرێکە کە لە ستراتیژیی کۆماری ئیسلامیدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا تەعبیر لە سیاسەتی تا سەر ئێسقان دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی و واقعییەتی تاڵی دۆخی کورد لە ئێران و ناوچە دەکا.

بەشێکی دیکە لەو واقعییەتەش بۆ ژیوپۆلۆتیکی کوردستان و سەنگی کورد لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا دەگەڕێتەوە کە کورد دەبێ هەوڵی گۆڕینیان بدا.

## ئادرەسی ڕوونی قەیران و چارەسەر

**عەلی بداغی**

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە حاڵێکدا درێژە بە ژیانی سیاسیی خۆی دەدا کە ژیان و مانی خەڵکی وڵات پتر لە هەر کاتێکی دی دژوار و تاقەتپڕووکێن بووە. ڕێبەرانی ڕێژیم لە لایەک هەوڵ دەدەن بارودۆخەکە ئەوەندەی دەکرێ ئاسایی پیشان بدەن بۆوەی چەندی دەکرێ پێش بە تەقینەوەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان بگرن، تا ئەو ڕادەیەی سەرۆککۆمارە مەشرەفخۆش و عەیارەکەیان! عەیاری ڕێژیمەکەی بە باڵای ئاڵمان دەگرێ و ئیدیعای ئەوە دەکا لە بارودۆخی ئێستاشدا ئابووریی ئێران گەلێک لە ئی ئاڵمان لەپێشترە! ئەولاتریش ئەوە ڕێبەری ڕێژیمە کە خەڵک بۆ خۆڕاگریی پتر هان دەدا و سووچی هەموو مەینەتییەکانی خەڵک لە ئەستۆی خۆی و ڕێژیمەکەی دادڕنێ و تاوانەکەی دەخاتە پاڵ "دوژمن" و ئەو سزا ئابوورییانەی بە سەریاندا سەپاندوون.

هەوڵی ڕێبەرانی ڕێژیم بۆ ونکردنی ئادرەسی هۆکارەکانی دۆخی کارەساتباری ئێستای ئێران لەخۆڕایە و ئاو دەبێژنگ کردنە، چونکی لای کەس شاراوە نییە کە کۆی قەیرانەکانی ئێستای وڵات بەرهەمی چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی ئەم ڕێژیمەیە. ڕێبەرانی ڕێژیم هەر لە سەرەتاوە بە گوتاری ئیدۆلۆژیکی "هەناردەی شۆڕش"، بانگەوازی شەڕ لەگەڵ وڵاتانی ناوچەیان جاڕ دا، دواتریش ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

### کۆماری ئیسلامی ئێران لە نێوان دوو چەمکی «تیرۆریزمی دەوڵەتی» و «تیرۆریزمی نێونەتەوەیی»دا

سمایل شەرەفی

ل (٢)

### ڕێکەوتننامەی ئەلجزایر پرسی کورد و چارەنووسی سیاسیی عێراق و ئێران

عومەر باڵەکی

ل (٣)

### کۆمەڵگەی ئێران و شەرعییەتی نیزامی سیاسیی کۆماری ئیسلامی

د. کوێستان گادانی

ل (٥)

### کاریگەریی سامانی نەوت لەسەر ڕەفتاری سیاسیی دەرەکی دەوڵەتی ئینقلابی

نەوید قادری

ل (٦)

### هێز وەک یەکلاکەرەوەی باڵانسی هاوکێشەکان

شاهۆ مەتین

ل (٧)

درێژەی سەروتار

## ئادرەسی ڕوونی قەیران و چارەسەر

... که تووشی شەڕ لەگەڵ عێراق بوون و دەکرا هەر له ساڵی یەکەمدا کۆتایی بەو شەڕە بێنن، بەئانقەست و بۆ مەرامی سیاسیی خۆیان _که یەکدەست کردنی دەسەڵات به پاساوی هەلومەرجی شەڕ بوو_ پتر له ٧ ساڵیان درێژ کردەوە، شەڕێک که ئاسەواری وێرانییەکەی دوای سێ دەیە ئێستاش به ڕوخساری وڵاتەوە دیارە.

له چوار دەیەی ڕابردوودا بایەخی دراوی نیشتمانی ساڵ به ساڵ و مانگ به مانگ و له ئێستادا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دادەڕمێ. ئابووریی وڵات له سۆنگەی ناکارامەیی و گەندەڵی حکوومەتییەوە لەقوڕ چەقیوە و بەردەوام چووکەتر دەبێتەوە. وەبەرهێنانی بیانی به هۆی پاوانخوازیی سپای پاسداران و سیاسەتی شەڕەنگێزیی ناوچەیی و جیهانیی ڕێژیمەوە بەردەوام له کەمی داوە و هەرەس‌هێنانی کەرتی تایبەت و دابەزینی بازرگانیی دەرەکییش، هیندەی دیکە ئابووریی وڵاتی خستۆتە ئاویلکەدانەوە.

بۆیەشە کاتێک ڕێبەرانی ڕێژیم دارمینی ژێرخانە ئابوورییەکانی وڵات له چوار دەیەی ڕابردووی دەسەڵاتەکەیان دەبینن و نه توانا و نه ئیرادەی چارەسەر له خۆیاندا شک دەبەن؛ دێن و وەباڵی هەموو ئەو بارودۆخە دەخەنە ئەستۆی فاکتەری دەرەکی!

ئەو فاکتەرە دەرەکییانەی کۆماری ئیسلامی به ماکەی قەیرانەکانی وڵاتیان دادەنێ، وێدەچێ له داهاتوودا پتر له ئێستاش بەربینگی پێ بگرن. چونکی باسکی بەڕواڵەت بەهێزی کۆماری ئیسلامی له هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان که خۆی له دەستێوەردان له وڵاتانی ناوچە و تەیار کردنی میلیشیا و گرووپە چەکدارەکان بۆ شەڕی نیابەتیدا دەدیتـەوە، هەتا دێ کورتتر دەکرێتەوە. بۆ نموونە له عێراق حکوومەتی ناوەندیی ئەم وڵاتە چیدی نایەوێ له سۆنگەی نەرمی‌نواندنی بۆ حەشدی شەعبی و دەسەڵاتی سێبەری کۆماری ئیسلامی بەرژەوەندییە ستراتیژیکییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا و ئورووپا بخاتە مەترسییەوە. له سووریەش که هێزەکانی کۆماری ئیسلامی نەک مەیدانداری، بەڵکوو توانای جووڵە و بزووتنیشیان پێ نەهێشتوون. وڵاتانی عەرەبیی ناوچە و ئەمریکا و ئورووپاش سـەرەڕای تێگەیشتنی جیاوازیان لەگەڵ یەکتری، بـەڵام لەپێناو ڕاگرتنی پێوەندییە بنگەییەکانیان پاڵ وێک دەدەن و ناچارن وێڕا له بەرامبەر دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوەستن.

لەو کاتەدا که ئاڵقەی گوشارەکان هەتا دێ زیاتر ڕێژیم ڕێک دەگوشێ، ڕێبەرانی ڕێژیم لەپڕ خەڵکیان بیر دێتەوە و دەیانکەن به قەڵغان و داوا دەکەن زیاتر بەرگە بگرن! بەڵام ناپرسن که پشکی خەڵک له دروست‌بوونی قەیرانەکانی وڵات چەندە که ئێستا دەبێ ئەو خۆڕاگرییە بەشی وان و ئەرکی ئەوان بێ؟ ئایا ئەوە خەڵکن که شەڕ به دنیا دەفرۆشن یان بۆ خۆیان؟ خەڵکن به میلیارد میلیارد گەندەڵی دەکەن یان کاربەدەستە ورد و درشتەکانی خۆیان؟ ئەوانەی خەڵکن بیانییان بۆ هاوردەی دەرمان و کاڵا سەرەتاییەکانی ژیان دەدرێتێ کەچی یان دراوەکان ناگەڕێنەوە، یان دەدرێ به پۆرشە و ئۆتۆمبیلی لوکسی دیکە؛ خەڵکن یان دەست و پێوەندییەکانی خۆیان؟ خەڵک لەبەر بێکاری و له برسان شۆڕشیان نەکرد، بەڵام ئێستا برسی و بێکار و نەدار، ئەمە سووچی کێیە جیا له خۆیان و چۆنە پشکی ئەم خەڵکە لەو دەسەڵاتە تەنیا مەینەتی و هەژاری و بێ‌ئەنوایی بێ کەچی ئێستا دەبێ خەڵک ببنە قەزا و بەلاگێڕەوەی ئەوان و دەسەڵاتە نگریسەکەیان.

جەوهەری باسەکە ئەوەیە که له نێوان خەڵک و کۆماری ئیسلامیدا گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی نییە هەتا ئەوان پێبەند به دەروەستییەکانیان بکا. کۆماری ئیسلامی بـەدەر لەو بەڵایەی بەسەر خاک و وڵاتی هێناوە و دنیای لێ کردووەتە نەیار، خەڵکی خۆیشی لێ دوژمنە. ئەم ڕێژیمەی چوار دەیەیە بۆ شەڕی ئازادیخوازان، ماف‌ویست و کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان شمشیری له ڕوو بەستوە و ئاستی سەرکوت و نارەزایەتییە گشتییەکان گەیوەتە ڕادەیەک که خەڵک ئیدی ئامادەن گیانیان بدەن بۆوەی داهاتوویەکی گەشتر بۆ نەوەی دواتر چێ ببێ.

کۆماری ئیسلامی له ئێستادا کەوتۆتە تەنگانەترین ڕۆژەکانی تەمەنی. له لایەک حکوومەتی دینی به خەسڵەتی دەمارگرژی و پاشکەوتوویی خۆی ناتوانێ لەگەڵ هەلومەرجی بەجیهانی بوون هەڵ بکا، له لایەکی دی بەهۆی ناکارامەیی له ئیدارەی وڵات و گەندەڵیی سەرتاپاداگیر بووەتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرەها قەیران که توانای چارەسەر کردنیانی نییە؛ لەگەڵ ئەوانەشدا چوار دەیە سیاسەتی هێژمۆنیخوازیی شیعەگەری سەرەڕای تەرخان کردنی بەشی هەرە زۆری سامانی گشتیی وڵات ئەم ڕێژیمەی لەسەر ساجی عەلی داناوە. ئەوەی ڕێژیم لەو ڕۆژانەدا پشتی پێ بەستوە یەکەم کارامەیی هێزی سەرکوت و داپڵۆسینە و گەورەترین نەخشیان له بەردەوامیی تەمەنی دەسەڵاتدا بووە، دووهـەم هیوایەک که به گۆڕانکاری له ئیدارەی سیاسیی کۆشکی سپی هەیەتی تا لەو سۆنگەیەوە ئاهێکی بێتەوە بەر و ڕێگایەک بۆ خۆقوتار کردن لەو تەنگانەیە بدۆزێتەوە که بێگومان ئەگەری ئەم گۆڕانکارییەش دادی ڕێژیم نادا؛ چونکی کێشە جەوهەرییەکانی کۆماری ئیسلامی و ویلایەتە یەکگرتووەکان هەروا لەجێی خۆیانن.

کۆمەڵگەی ئێران وەک عەمباری باڕووتـه و چـاوەڕوانـی لێ هەڵبوون و پڕیشکێکە که ئاکامەکەشی چـاوەڕوان نـەکراوە، ئەو بـارودۆخـەش تەنیا کاتێک له بەرژوەندیی خەڵک دەشکێتەوە که هێزێکی پێشکەوتووی دیموکراتیک و خـاوەن متمانە بەدیلی ئەم ڕێژیمە له مەیدانەکەدا بێ و بیەوێ ئەم گۆڕانکارییانە مودیرییەت بکا.

# کۆماری ئیسلامی ئێران له نێوان دوو چەمکی «تێرۆریزمی دەوڵەتی» و «تێرۆریزمی نێونەتەوەیی»دا


سمایل شەرەفی

هـەرچـەنـد تـا ئێستا پێناسـەیەکی ڕوون و یەکدەست له دوو چەمکی "تێرۆریزمی دەوڵەتی" و "تێرۆریزمی نێونەتەوەیی" نەکراوە، بەڵام هەرکات قسه لـه کـۆماری ئیسلامیی ئێران و دیـاردەی "تێرۆر" دەکرێ، بەبێ هێچ دوودڵییەک باس کردن لەم دوو مەفهوومە دێتە ئاراوە. یان به واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین باس کردن له دوو چەمکی "تێرریزمی دەوڵەتی" و "تێرۆریزمی نێونەتەوەیی" و لێکۆڵینەوە له دیاردەی تێرۆریزم به گشتی، بەبێ ناوهێنانی نیزامی سیاسیی ئێستای ئێران وەک ڕێژیمێکی تێرۆریست و تێرۆریست‌پەروەر قورس و ناتەواوە.

ئەم دوو مەفهوومە پێش له پەیدابوونی کۆماری ئیسلامیش هـەبـوون و لـه زۆربـەی زانستنامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا ئاماژەیان پێ کراوە، بەڵام دەکرێ ئیدیعا بکەین که دوای هاتنە سەرکاری ئەم نیزامە، "تێرریزمی دەوڵەتی" و "تێرۆریزمی نێونەتەوەیی" وەک دوو دەستەواژە له حەوزەی "تێرۆریزم"دا زیاتر له هەمیشە باسی لێ کراوە و "کۆماری ئیسلامیی ئێران" له ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا بۆتە ئاوەڵدووانەی ئەم دوو مەفهوومە.

بـه سـەرنـجدان بـه هـەر شـەش ڕەگـەزەکـەی تێرۆریزم که له زانستی کۆمەڵناسیدا کۆدەنگی و هـاوڕابـوونـی لـەسـەرە (چـەنـدپـات بـوونـەوە، ئەنگیزە، ئامانج، دەستووردەران، بەڕێوەبەران و شوێنەوار) دەتوانین به زمانێکی سادە هەر دوو ئەم مەفهوومانە بەم شێوەیە پێناسە بکەین:

تـێـرۆریـزمـی دەوڵـەتـی: کـۆمـەڵـێـک کـردەوەی تێرۆریستی که به ئامانجێکی سیاسی و بۆ ترساندن و توقاندن و سڕینەوە له لایەن دامەزراوەیەکی دەوڵەتی و به فەرمانی کەسانی دەسەڵاتدار بەڕێوە دەچن.




تێرۆریزمی نێونەتەوەیی: کۆمەڵێک کردەوەی تێرۆریستی که به ئامانجێکی سیاسی و بۆ ترساندن و توقاندن و سڕینەوە له لایەن دامەزراوەیەکی دەوڵەتی و به فەرمانی کەسانی دەسەڵاتدار له دەرەوەی وڵات (وڵاتانی دیکە) دژ به نەیاران یان بەرژەوەندیی دەوڵەتان دەکرێن.

له هـەردوو ئـەم پێناسانەدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران نه له "چەند" کردەوەی تێرۆریستدا بەڵکو له "چەندین" کـردەوەی تێرۆریستیدا و به شێوەی ڕەسمی و سەلمێندراو وەک بڕیاردەر و بەڕێوەبەر، ناوی له مێژووی دیـاردەی تێرۆر و تێرۆریزمدا تۆمار کراوە.

لـه پـێـوەنـدی لـه گـەڵ تـێـرۆریـزمـی دەوڵـەتـیـدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئاستی بەرزترین دامـەزراوەکـانـی خۆی وەک ئۆڕگانە دەوڵەتی و حکوومەتییەکانیدا ناوی له سەر چەندین کەیسی تایبەت به تێرۆر تۆمار کراوە. له زۆربەی نزیک به تـەواوی ئەم کەیسانەدا نـاوی کەسانی هەرە بـەرزی دەوڵەتی و حکوومەتی وەک بڕیاردەری تێرۆر سەلمێندراوە. به واتایەکی دیکە هـەردوو دامـەزراوەی سیاسی و یاسایی ئەم نیزامە، واتە دەوڵـەت و حکوومەت و، هەروەها کەسی یەکەم و دووهەمی ئەم نیزامە، ڕێبەری و سەرۆک‌کۆمار نـاویـان له زۆرێـک له پـەروەنـدەکـانـی تایبەت به تێرۆرێزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیدا هاتوە. لەم پێوەندییەدا دادگای میکۆنووس وەک یەکێک له متمانە پێکراوترین و بێلایەنترین دادگاکانی دنیا له پەروەندەی تێرۆری سکرتێری حیزبی دیموکراتی کـوردسـتـان، دوکـتـور سـادق شـەرەفـکـەنـدی و هاوڕێیانی له بیرلینی پایتەختی وڵاتی ئاڵمان له ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی، سەلماندی که:

"دەسـەڵاتدارانی هەرە سەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ عەلی خامنەیی(ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئـێـران)، هاشمیی ڕەفسەنجانی (سـەرکـۆمـاری ئەوکاتی حکوومەتی ئێران)، عەلی ئەکبەر ولایەتی، (وەزیـری دەرەوەی ئەوکاتی دەوڵەتی ئێران) و عەلی فەلاحیان (وەزیری ئیتلاعاتی ئەوکاتی ڕێژیمی ئێران) له کۆمیتەی تایبەت به بڕیاردان له سەر تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتدا بوون و وەک تاوانبار له تێرۆری میکۆنووس دەناسێندرێن".

له پشت تەواوی ئەو تێرۆرانەی که بەرانبەر به نەیاران و دژبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بەڕێوە چـوون، "دەوڵـەت" و "حکوومەت" وەک دوو دامــەزراوەی خـاوەن بڕیـاری ئـەم نیزامە هەن و دەسەڵاتدارانی هەرە سەرەوەی ئەم دوو دامــەزراوە لـه تیمی بڕیـاردەری ئـەم تێرۆرانە بوون. بۆیە بەکارهێنانی مەفهوومی "تێرۆریزمی دەوڵەتی" بۆ هەموو ئەو کردەوە تێرۆریستیانەی له لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بەرانبەر به دژبەرانی چ لەسەر ئاستی دەرەوەی وڵات و چ ئەو تێرۆرانەی که له نێوخۆی وڵات بەڕێوە چوون، به تەواوەتی له جێی خۆیدایە.

به نیسبەت "تێرۆریزمی نێونەتەوەیی"یەوە که له ڕووی جوغرافیاییەوە پانتاییەکی بەرینتر و له ڕووی سیاسییەوە کاریگەریی تایبەت به خۆی هەیە، دیسان کۆماری ئیسلامیی ئێران بێ‌پەروا و ڕووڵماڵاوترین ڕێژیمە که نەتەنیا له بەڕێوەبردنیدا بەڵکوو له پەرەپێدان به دیاردەی "تێرۆر"دا نازناوی "ماکەی تێرۆریزمی نێونەتەوەیی" وەرگرتوە.

به وردبوونەوە له تـەواوی ئەو تێرۆرانەی که له لایـەن کۆماری ئیسلامیی ئێران و له ماوەی ئەم چوار دەیە له دەسەڵاتدارەتیی ئەم ڕێژیمەدا بەڕێوە چوون، دەردەکـەوێ که ئەم ڕێژیمە "بۆ تێرۆری نەیاران و دژبەرانی خۆی هیچ سنوورێکی جوغرافیایی نەناسیوە و له زۆربەی وڵاتانی دنیا کردەوەی تێرۆریستی ئەنجام داون". بەشێک لەو وڵاتانەی که کۆماری ئیسلامیی ئێران تێرۆری تێدا کـردوون، بریتین له؛ ئامریکا، بریتانیا، ئاڕژانتین، تورکیە، عێراق، سووریە، لوبنان سوئیس، دانمارک، سۆئێد، ئەفغانستان، پاکستان، ئاڵمان، ئوتریش، ئیسرائیل، هێندوستان، بەحرەین، کنیا، تایلەند، فەڕانسە، قوبرس، و...

> **کۆماری ئیسلامیی ئێران لـه ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا پتر لـه ٤١٦ کەس لـه ئەندامان و تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیونی کوردی داوەتە بەر پەلاماری تێرۆریستی که حیزبی دیموکرات به بوونی ٣١٤ قوربانی، ئامانجی سەرەکی بووە. جیا لـه شەهیدکردنی ئەم ٤١٦ کەسە، لـەو کردەوە تێرۆریستییانەدا لانیکەم دەیان کەسی دیکەش بریندار بوون و توانیانە گیان دەرباز بکەن**

تـەواوی ئـەو تـێـرۆرانـەی کـه لـەم وڵاتـانـەدا بـەڕێـوەچـوون ڕاسـتـەوخـۆ لـه لایـەن کـۆماری ئیسلامیی ئێران و به دەستووری کۆمیتەی تایبەت به تێرۆری دژبـەران له دەرەوەی سنوورەکان بەڕێوە چـوون. بـەڵام لە حـەوزەی تێرۆریزمی نێونەتەوەییدا کۆماری ئیسلامی ئێران له سەر ئاستی پشتیوانیی له تاقم و گرووپە تێرۆریستییە ناسراوەکانی دنیادا، پێناسەیەکی بەرینتر هەڵدەگرێ که لەمەیاندا پێویستە قسەی زیاتری له سەر بکرێ.

بەپێی پۆلین‌بەندییەکی قوربانییانی ماشێنی تـێـرۆری کـۆمـاری ئیسلامی پشکی شێری بەر بـزووتـنـەوەی مـافـخـوازانـەی کـورد و حیزبی دیـمـوکـراتـی کـوردسـتـان کـەوتـوە. "کـارنـامـەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کـۆمـاری ئیسلامی ئێران دژ به حیزبی دیموکراتی کوردستان، هـەر له تێرۆری سەرگورد حەبیبوڵڵا عەبباسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی شوورای نیزامیی حیزب له هاوینی ١٣٥٩ تا هێرشی مووشەکی بۆ سەر کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزب له قەڵای دیـمـوکـرات لـه خـەرمـانـای ١٣٩٧ نـاوی سـەدان ڕێبەری ئاست‌بەرز، کادر، پێشمەرگە و تێکۆشەری ئەم حیزبەی تێدا تۆمار کراوە که بەرچاوترینیان تێرۆری دوو سکرتێری گشتیی حیزب، شەهیدان دوکـتـور قاسملوو و دوکـتـور شـەرەفکەندییە. کۆماری ئیسلامیی ئێران له ماوەی چوار دەیەی ڕابــردوودا پتر لـه 416 کـەس لـه ئـەندامـان و تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیونی کوردی داوەتـه بەر پـەلامـاری تێرۆریستی که حیزبی دیموکرات به بوونی ٣١٤ قوربانی، ئامانجی سەرەکی بووە. جیا له شەهیدکردنی ئەم 416 کەسە، لەو کردەوە تێرۆریستییانەدا لانیکەم دەیـان کـەسی دیکەش بریندار بوون و توانیانە گیان دەرباز بکەن.*

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران که ماهییەت و نێوەڕۆکێکی ئیدئۆلۆژیکی مەزهەبیی هەیە و وجوود و ڕەسالەتی خۆی لە سەر ئەساسی "ناردنە دەرەوە و بڵاوکردنەوەی شۆڕش" پێناسە کردوە، پشتیوانی له هەر تاقم و گرووپێکی توندڕەوی مەزهەبی به ئەرکی خۆی دەزانێ. بۆیە به بێ‌پەروا و بەبێ ئـەوەی شاردبێتیەوە یان هەوڵی حاشا کردن بدا؛ پشتیوانی له هەر گرووپێکی تێرۆریستی دەکا که بتوانێ بەرژەوەندییە ئیدئۆلۆژیکەکانی ئەو دابین بکا. لەم پێوەندییەدا هەر کات قسە له ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی و هەڕەشەکان بۆ سەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دێتە ئاراوە، کۆماری ئیسلامی ئێران له ڕیزی هەرە پێشەوەی تەواوی ئەو هۆکار و فاکتەرانەدا جێ دەگرێ که هەڕەشەن بۆ سەر ئاشتی و سەقامگیریی جیهانی.

پاڵنەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران له بوونی ئەم نیزامە له پاڵ هەردوو چەمکەکانی "تێرۆریزمی دەوڵەتی" و "تێرۆریزمی نێونەتەوەیی" ئەگەر بەشێکی پێوەندی به ئیدئۆلۆژیک‌بوونی ئەم نیزامە مەزهەبییەوە هەیە، هیچ گومانی تێدا نییە که بەشێکی تایبەتە بەو خەسڵەتە لەمێژینەیەی کـه دەسـەڵاتـی سیاسیی لـه ئـێـران بـه سـەدان ساڵە پێڕەوی دەکا. خەسڵەتێک که ناتوانێ هیچ جیاوازی و جۆراوجۆرییەک له چوارچێوەی ئەو جوغرافیاییەی ناوی ئێرانە، قبووڵ بکا. خەسڵەتێک لـه سـەر ئەساسی "نـاوەنـدگـەرای ئێرانی" که چاوی دیتنی جیا له خۆی نییە و ناتوانێ هیچ جۆراوجۆرییەک ببینێ. مادام ناتوانێ جیا له خۆی قبووڵ بکات، هەوڵی سڕینەوە و فەوتانی دەدا، بۆ ئەم مەبەستە "تێرۆر" ئەو ئەبزارەیە که نیزامی ناوەندگـەرای ئێرانی وەک دەوڵـەت و دەسـەڵات پشتی پێ بەستووە و بۆ سڕینەوە مخالفانی خۆی (ئەوانی دیکەی جیا له خۆی) کەڵکی لێ وەردەگرێ.

بۆیە ناکرێ که باس له تێرۆریزمی دەوڵەتی و تێرۆریزمی نێونەتەوەیی به پاشگری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەکـرێ تـەنیا لـه ڕەهـەنـدی ئیدئۆلۆژیک‌بوونی ئەم نیزامەوە لێک بدرێتەوە. ناوەندگەرابوونی ئەم نیزامە ئێرانییە که پاشخانێکی نزیک و تێکەڵی له گەڵ مەفهوومی "شۆڤێنیزمی ئێرانی" هەیە، یەکێک له پاڵنەرە شوێندانەرەکانی سەر ئەم نیزامە سیاسییەیە بۆ قبووڵ نەکردنی جیا له خۆی که "تێرۆر" توانیویەتی ئەبزارێک بێت بەدەست "دەوڵەتی ئێرانی"ەوە بۆ سڕینەوەی ئەوانەی که جیاواز لەوانن.

***

* وتاری "تێرۆریزم و کۆماری ئیسلامیی ئێران"، ڕۆژنامەی "کوردستان"

# ڕێکەوتننامەی ئەلجزایر، پرسی کورد و چارەنووسی سیاسیی عێڕاق و ئێران



عومەر باڵەکی

۳۱ی خەرمانان ساڵرۆژی هەڵگیرسانی ئاوری شەڕی ماڵ وێرانکەری عێراق-ئێرانە. لەو ڕۆژەدا سپای عێراق لە پەلامارێکی بەربەریندا هێرشی کردە سەر ئێران و ئەوە بوو بە دەسپێکی شەڕێک کە ماوەی زیاتر لە هەشت ساڵی خایاند و هەر دوو لای شەڕەکە زیانێکی زۆری ماددی و ئینسانیان لێ کەوت بێ ئەوە هیچ لایەنێکیان سەرکەوتووی شەڕەکە بن و ئامانجەکانی خۆیان لەو شەرە بەدەست هێنابێ.

بێگومان هەڵگیرسانی ئاوری شەڕ لە نێوان دوو وڵات یا دوو لایەندا ناتوانی بێ هۆکار بێ. ئەگەر چاو بە مێژووی پێوەندییەکانی ئێران –عێراقدا بخشێنین چ ئەو سەردەم کە عێراق بەشێک بووە لە ئیمپراتورلای عوسمانی و چ لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کە وەک وڵاتێکی سەربەخۆ لەسەر نەخشەی نوێ جیهان جێی بۆ کراوەتەوە، دەبینین پێوەندی ئەو دوو دەوڵەتە پڕە لە کێشە و ئاژاوەیە لەسەر دوو بابەت بووە: یەکەم دیاری کردنی خەتی سنووریی نێوان ئەو دوو وڵاتە و دووهەم وەدەست هێنانی پێگەی یەکەم لە ناوچەکەدا.

کێشەی سنووریی نێوان ئەو دوو وڵاتە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٦٩٣م کە هەر دوو لایەن داوای خاوەندارەتیی "شط العرب"یان دەکرد کە دواجار ڕێککەوتننامەی "زەهاو"ی لێ کەوتەوە. دوای ئەو ڕێککەوتننامەیە و لە قۆناخی جۆراوجۆردا کێشە و ناکۆکییە سنوورییەکان سەریان هەڵداوەتەوە و هەتا ساڵی ١٩٧٥م و ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر چەندین ڕێککەوتننامەی دیکەش لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا بەستراوە، بەڵام ئەو ڕێککەوتننامانە نەبوونە چارەسەری کێشەکان؛ بگرە زۆر جار بوونەتە هۆی هەڵەسوون هێنانەوەی ناکۆکییەکان و تەنانەت تێکهەڵچوونی سەربازی لە نێوان ئەو دوو وڵاتە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٣٤٨هەتاوییەوە هەتا دەستپێکی شەڕی هەشت ساڵە بە پێی ئامارەکان ١٠٤جار لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا و لەسەر سنوورەکان تێکهەڵچوونی نیزامی ڕوویان داوە. ئەگەرچی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر کۆتایی بەو تێکهەڵچوونانە هێنا، بەڵام ئەمە لەسەر حسێبی بزووتنەوەی کورد بوو کە وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت بووە قوربانیی سیاسەت و بەرژەوەندیی وڵاتان.

ئەگەر ڕێککەوتننامەیەک لە قۆناغێک لە مێژوودا دەتوانی ئاشتی و ئارامی لە نێوان دوو دەوڵەت، یا لایەنەکانی دژبەردا پێکبێنێ ئیمکانی هەیە لە قۆناغێکی دیکەدا ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی ماڵویرانکەر لە نێوان دەوڵەتەکاندا. چونکە لە هەر ڕێککەوتننامەیەکدا کەمتر وایە سەرکەوتنی ٥٠/٥٠ی تێدا بێ و لایەنێک بە هۆکارێک حەتمەن خۆی بە غدرلێکراو دەزانێ، بەڵام هەلومەرجەکەی وایە دەبێ قەبوولی ئەو ڕێککەوتننامەیە بکا؛ جا بۆیە لە هەل دەگەڕێ قەرەبووی ئەو غەدرەی کە پێی وایە لێی کراوە، بکاتەوە. ڕێککەوتننامەی ١٩٧٥م ئەلجزائیر لەنێوان ئێران و عێراق ئەو چارەنووسەی هەبوو. ئەو ڕێککەوتننامەیە توانی بۆ ماوەی پێنج ساڵ جۆرێک لە ئارامی لە نێوان دوو وڵاتی ئێران و عێراقدا دروست بکا، بەڵام بە ڕووخانی نیزامی پاشایەتی لە ئێران و هاتنەسەر کاری نیزامی کۆماری ئیسلامی و بە هۆی سەرهەڵدانەوەی ناکۆکییە سنوورییەکان و مەزنخوازی لایەنەکان؛ ئەو ئارامییە جیگای خۆی دا بە شەڕ ململانێی توندی نێوان ئێران وعێراقدا کە دواجار شەڕی هەشت ساڵەی بەسەر خەڵکی ئەم دوو وڵاتەدا سەپاند.

لە دوای ڕووخانی نیزامی پاشایەتی لە ئێران و هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی، سەدام حوسێن، سەرۆککۆماری عێراق پێی وابوو حکوومەتی نوێی تاران چ لە بواری سیاسی و دیپلۆماسی و چ لە بواری نیزامی و ئابوورییەوە پێگەی لاوازە و هەلومەرجەکە لەبارە بۆ دەوڵەتی عێراق کە بە قسەی خۆیان قەرەبووی ئەو غەدرە بکەنەوە کە لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئەلجزائیردا لێیان کراوە. ئەو غدرەش ئەو بوو کە عێراق خۆی بە خاوەنی بێ ئەملاولای "شط العرب" دەزانی و کە بەپێی ڕێککەوتننامەی ١٩٧٥م ئەلجزائیر بە ئێران بڕابوو.

ئێران لە کاتی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایردا بە هۆی هەڵکەوتی جوغرافیایی جیگای سەرنجی دنیای ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا بوو. ئەوەش هەلێکی باشی بۆ ڕێژیمی پاشایەتی خولقاندبوو کە بتوانی بە پاڵپشتی ئەمریکا و داهاتی فرۆشی نەوت خۆی وەک زلهێزی ناوچەی کەنداوی فارس دەربخا و ئەو مەزنخوازییەی نیزامی پاشایەتیی ئێران لە ١٣٥٠ی هەتاویدا بەتەواوی خۆی دەرخست، کاتێک لەو ساڵەدا بریتانیا بە هۆکاری جۆراوجۆری وەک کورتیهێنانی بودجە پاشەکشەی بە هێزەکانی خۆی لە ناوچەکەدا کرد و دەوڵەتی ئەوکاتی ئێران بە دابەزاندنی هیزی نیزامی دەستی بەسەر هەر سێ دوڕگەی "تونبی گەورە"، "تونبی گچکە" و "ابوموسا" دا گرت و خستنیە سەر خاکی خۆی. ئەو کارە ئێران لەوکاتدا عێراقی تەنگەتاو کرد، بەڵام لەسەروبەندەدا عێراق بە دەست شۆڕشی کوردەوە دەینالاند و توانا و هێزی دەبەردا نەمابوو کە بەرهەڵستی ئێران بێتەوە و لە ڕۆچنەیەک دەگەرا بۆ ڕزگار بوون لەو دۆخەی تێی کەوتبوو. ئەمریکا و ئێرانیش ئەم هەلەیان قۆستەوە و کەوتنە یارمەتیدانی شۆڕشی کوردستان بۆ ئەوەی حکوومەتی عێراق ناچار بکەن تەسلیمی داواکانیان بێت.

ئەمریکا نەیدەویست عێراق ببێتە هاوپەیمانی یەکیەتیی سۆڤییەت و ئێرانیش دەیهەویست عێراق دان بە بەشێک لە خاوەندارەتیی ئەو لە "شط العرب" دابنێ و بە چۆڵکردنی پشتی شۆڕشی کوردستان هەر کام لەو سێ دەوڵەتە بۆ ماوەیەکی کاتییش بێت بە ئامانجەکانی خۆیان گەیشتن. بەڵام دوای ڕووخانی حکومەتی پاشایەتیی عێراق هەوڵی دا ئەم هەلە بقۆزێتەوە و جیگە و پێگەی خۆی لە کەنداوی فارسدا بەهێز بکا و ڕۆڵی زلهێزی ناوچەکە بگێڕێ. هاوکات سەدام حوسین هەوڵی دەدا دنیای عەرەب و ڕۆژئاوا بەو قەناعەتە بگەیەنێ کە حکوومەتی عێراق دەتوانی پێشی مەزنیخوازیی حکوومەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی بگرێ و ئیزن نەدا هەنارده کردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بچێتە خانەی جێبەجێ کردن.

لەلایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی و شەخسی خومەینی هەر لە سەرەتاوە دروشمی هەنارده کردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیان بەرز کردەوە و بۆ ئەو مەبەستە بە ئاشکرا کەوتنە دژایەتی کردنی حکوومەتی عێراق و پشتیوانی کردن لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی ئەم وڵاتە بەتایبەتی هێزە شیعەکان کە هاوبیری دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامی بوون. بۆنموونە لە ١٩ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی لە وتارێکدا بۆ لایەنگرانی خۆی هێرشی توند دەکاتە سەر سەدام حوسین و بە کافر و دوژمنی ئیسلام و پیرۆزییەکانی شیعەی دادەنێ و لە خوێنخۆریدا بە مەغول و ڕەزاشا و محەممەد ڕەزاشای دەشوبهێنێ.

هەر لەو مانگ و ساڵە دا (٢٨ی خاکەلێوە ١٣٥٨ی هەتاوی)بۆ جارێکی دیکە خۆمەینی لە کۆبوونەوە لەگەڵ فەرماندەرانی بەسیج داوا لە ئەفسەرانی پلەبەرزی سوپای عێراق دەکا بە دژی حکوومەتی سەدام کودیتا بکەن و ئەو جۆرە لێدوان و دنەدانەی خومەینی و ڕێبەرانی ڕێژیم هەتا دەستپێکی شەڕی عێراق –ئێران درێژەی هەبوو. دیارە سەدام حوسێنیش لەو ماوەیەدا بێدەنگ دانانیشێ و بە بیانووی جۆراجۆر دژبەرە شیعەکانی خۆی سەرکوت دەکرد و لەنێوی دەبردن، لوتکەی ئەو پەرچە کردارەش کوشتنی ئایەتوڵڵا سەید مەحمەد باقر سەدر بوو کە بوو بە هۆی تووڕەیی لە ڕادەبەدەری خومەینی و ڕێژیمەکەی. بێجگە لەوانە سەدام بە ئاشکرا هەر وەکی گوترا داوای خاوەندارەتیی هەموو "شط العرب"ی دەکرد و دەیگوت کاتی خۆی بە هۆی لاوازی لەبەرامبەر شۆڕشی کورددا ناچار بووە ئەو ڕێککەوتننامەیە ئیمزا بکا و ئیستا کە هۆکارەکە نەماوە و سیستمی سیاسیی ئێران ئالوگۆڕی بەسەردا هاتوە ئەو ڕێککەوتننامەیەش ئیعتباری نییە و ئێران دەبێ ئەو مافە بۆ عێراق بگەڕێنێتەوە. عێراق لە هەمان کاتدا باسی لە خاوەندارەتیی بەشێک لە خاکی ئێرانی دەکرد، وەک پارێزگاکانی خوزستان و ئەهواز کە خەڵکەکەی عەرەبن.

بەو شێوەیە ڕەوتی ڕووداوەکان بەو ئاقارەدا ڕۆیشت کە شەڕی نێوان ئەو دوو وڵاتە لە ڕۆژی ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاوی دەست پێ بکا و هەتا ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٦٧ی هەتاوی بۆ ماوەی هەشت ساڵ درێژەی کیشا و دواتر دوو لایەن بە ملدان بە بڕیارنامەی ٥٩٨ی شوڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان تەقەیان وەستاند.



ئەو شەڕە بۆ هەر دوو وڵات خەساری گەورەی ماددی وئینسانیی بەدواوە بوو، بە جۆرێک کە زیانی گیانی هەر دوو لا لە بەرەکانی شەر خۆی لە نیو میلیون سەرباز داوە و کۆی زیانەکانی ماددی عێراق بە ٤٥٢ میلیارد دولار و کۆی زیانەکانی ماددی ئێران بە ٦٤٥میلیارد دۆلار خەملێندراوە. لەو شەڕەدا کوردستان لە هەر دوو بەشی سنوور پشکی گەورەی لە زیانەکان بەر کەوت، چونکە بە درێژایی سنوور لە لایەن هەر دوو دەوڵەتەوە کرابوو بە بەرەی شەڕ و هەموو چەکێکیان لە سەر یەکتر لێ بە تاقی دەکردەوە و بیجگە لە هێزە نیزامییەکان زەرەرمەندی سەرەکی خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان لە هەر دوو دیوی سنوور بوون. کار گەیشتە جێیەک کە تەنانەت چەکە قەدەغەکراوەکانییش لە شارەکانی سەردەشت، هەڵەبجە و چەندین ئاوایی وگوند و ناوچەی دیکەی کوردستان لەسەر کورد بە تاقی کرانەوە کە ئاسەوارە زیانبارەکەی ئێستاش دوای زیاتر لە ٣٠ ساڵ کۆتایی شەڕ بەرۆکی خەڵکی کوردستانی بەرنەداوە.

بەمجۆرە ڕێککەوتننامەی (ئەلجزائیر ١٩٧٥) نەک نەیتوانی دەستەبەری ئاشتی لە نێوان ئێران و عێراق بێ، ئاکامەکەی بوو بە شەڕی نێوان ئەم دوو وڵاتەش، هەروەها جووڵانەوەی کوردیشی پێ لەبار نەبرا و، کورد بۆ جارێکی دیکە لە باشووری کوردستان توانی خەبات و ڕاپەڕینی خۆی بکاتەوە و سەرکەوتنی گەورەش وەدەست بێنی. لە بەرامبەردا ئەوە سەدام بوو سەری خۆی و حوکمڕانییەکەی لەسەر دانا و نیزامی کۆماری ئیسلامیش بە خواردنەوەی جامی ژەهر لە لایەن ڕێبەری ئەو ڕێژیمەوە سەرەتای ڕەوتی شکانی خۆی لە سیاسەتی هەنارده کردنی شۆڕشی ئیسلامی لە ڕێگای هێزەوە دەست پێکرد، شکانێک کە لە ئێستادا زیاتر لە هەموو کاتێک لێکەوتەکانی دیار و بەرچاون.

***

## کوژران و بریندار بوونی ٥٨ کۆڵبەر ئێعدامی ١٧ بەندکراو و گیرانی ١٩٢ کەس لە سێ مانگی هاوینی ١٣٩٩دا




لە ماوەی سێ مانگی هاوینی ئەمساڵدا (١٣٩٩ی هەتاوی) زیاتر لە ٣٥٩ حاڵەتی زبری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی داوە کە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆماری کردوون.

بە پێی بانکی زانیاریی «چاونیوز»، ماڵپەڕی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سێ مانگی هاوینی ئەم ساڵدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لانیکەم ٦٨ کۆڵبەر و کاسبکاری کوردیان داوەتە بەر ڕەهێڵەی چەکەکانیان. لەو کۆمەڵکوژییەدا ٢٠ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆ کوژراون و ٤٨ کەسیش بریندار بوون. هەر لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا ٥ شوانکارە و چۆدار لە ناوچە سنوورییەکان بەئانقەست لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دراونەتە بەر دەسترێژ و گیانیان لێ ئەستێندراوە.

بە سەرنجدان بەوەش کە هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە وەرزی بەهاری ئەمساڵیشدا ٥٨ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستانیان دابووە بەر دەسترێژ، ژمارەی ئەو کاسبکارانەی لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا کوژراون و بریندار بوون گەیوەتە ١٢٦ کەس کە ٤٩ کەسیان کوژراون و ٧٧ کەسیش بریندار بوون.

هەر لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا ١٧ زیندانیی کورد لە زیندانەکانی ئێراندا لە سێدارە دراون کە دوو کەس لەوان بە تاوانی ئەندامەتیی حیزبە کوردییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لەدار دراون و، زیندانییەکانی دیکە بە تاوانە کۆمەڵایەتییەکانی وەک کوشتنی بەئانقەست و بازرگانیی مادەی هۆشبەر ئێعدام کراون. جیا لە ئێعدامی ئەو ١٧ بەندکراوە کوردە، سێ زیندانی لە شارەکانی ورمێ و کامیاران بە هۆی نەخۆشیی کۆڕۆنا و پێڕانەگەیشتنی پزیشکی گیانیان لە دەست داوە. بە سەرنجدان بەوەی دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی لە سێ مانگی بەهاریشدا ١٥ زیندانیی کوردی لەدار دابوو، ژمارەی ئەو بەندکراوە کوردانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا ئێعدام کراون ٢٢ کەس بووە کە ٤ کەس لەوان زیندانیی سیاسی بوون.

دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا ئەوەندەی زانداروە، لانیکەم ١٩٢ کەسیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و هاوکاریکردنی حیزبە کوردییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کردوە. ژمارەیەک لەو گیراوانە تا کاتی دادگایی کردنیان بە بارمتەی قورس ئازاد کراون و لانیکەم ٥٦ کەس لەوانە دوای بەناو دادگایی کرانیان سزای لە ٣ مانگ زیندانڕا تا ١٧ ساڵ زیندان و تەنانەت حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە. لەو ٥٦ بەندکراوە دوو کەسیان بە تۆمەتی ئەندامەتی لە حیزبە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیم سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە و حوکمی ئێعدامی دوو بەندکراوی سیاسیی کوردیش لە دادگای تێهەڵچوونەوەدا پشتڕاست کراوەتەوە. ئەو ٥٢ بەندکراوەی دیکەش سەرجەم بە ٢٤٨٠ مانگ ( ٢٠٦ ساڵ و ٨ مانگ) زیندان مەحکووم کراون.

دەزگای ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە وەرزی بەهاریشدا ١٠٦ کەسیان لە کوردستان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی دژی کۆماری ئیسلامی دەسبەسەر کردبوو، بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا گیراون گەیشتە ٢٩٨ کەس.

تەقینەوەی مینی چێندراو لەلایەن کۆماری ئیسلامی لە وەرزی هاوینی ئەمساڵیشدا لانیکەم ١٤ قوربانیی لێکەوتەوە کە ناوەندی مافی مرۆڤ شوناسی ٨ کەس لەوانی ئاشکرا کردووە. لەو ٨ کەسە کە لە ناوچەکانی کرماشان، مەلەکشاهیی ئیلام و مەریوان بوونەتە قوربانیی تەقینەوەی مین، ٤ کەسیان بەو هۆیەوە گیانیان لە دەست داوە و ٤ کەسیش بە سەختی بریندار و نقوستان بوون.

«چاونیوز» لە ڕاپۆرتی وەرزی بەهاریشدا ناسنامەی ٩ هاووڵاتیی کوردی ئاشکرا کردبوو کە بە ببوونە قوربانیی تەقینەوەی مین، بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە هەتا ئێستا لە کوردستان بە هۆی تەقینەوەی مین کوژراون و بریندار بوون و بە ناو و شوێنی ژیانیان زاندراوە بووەتە ١٧ کەس. لەو ١٧ کەسە ٥ کەسیان گیانیان لەدەست داوە و ١٢ کەسیش بریندار بوون.

ئاماری خۆکوژییەکانیش لە کوردستان بەهۆی پەرەسەندنی خەمۆکی و قەیرانەکانی بێکاری و ئابووری هەروەها؛ کەمتەرخەمیی دامودەزگا دەوڵەتی و حکومییەکانەوە لە ماوەی ئەو سێ مانگەی هاویندا دیار و بەرچاو بوو.


لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا هەر نەبێ ٤٤ کەس لە کوردستان خۆیان کوشتوە کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوناسی ٣٢ کەس لەوانی بە ڕوونی تۆمار کردوە کە کەم تەمەنترینیان کوڕێکی ١٢ ساڵ و بەتەمەنترینیان ژنێکی تەمەن ٦٠ ساڵ بووە.

«چاونیوز» لە ماوەی سێ مانگی بەهاریشدا شوناسی ٥٩ کەسی لەو دەیان کەسەی بە هۆکاری جۆراوجۆر خۆیان کوشتبوو، تۆمار کردبوو. بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە بە هۆی خۆکوشتنەوە کۆتاییان بە ژیانیان هێناوە، لانیکەم ٩١ کەس بووە.

کوردستان
ژمارە ٧٨٣
١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٩ _ ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٠

# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لەنێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمدا

## (سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی: سوپایەکی ئایدۆلۆژیکی)



دیلان هەردی

**”لە سیستەمە تۆتالیتەرە جێگیرەکاندا، ئەو دامەزراوانەی وەکوو دامەزراوەی پیشەیی، ئایینی و نیزامی کە پێشتر هەبوون، ڕۆڵی سەرەکی لە ململانێ سیاسییەکاندا ناگێڕن. [...] بەڵکو تەنیا خەڵک بۆ پشتیوانی کردنی ڕێبەرێک یان گرووپێک لە نێو نوخبە سیاسییەکان تەیار دەکەن.“ هەروەها کاریگەری دەخەنە سەر هەندێک بڕیاری سیاسی. بە دەگمەن توانای ڤێتۆ کردنیان هەیە [...]. یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان لە ڕێژیمە نادێمۆکراتەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، ملکەچی هێزی نیزامییە.“**
**ژوان لەنز**

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان لەوانیتر جیا دەکاتەوە، بنیاتنانەوەی ئەو دامەزراوانەن کە پێشتردا هەبوون (واتە میراتی ڕێژیمەکانی پێشووترن)، ئەوەش لە ڕێگەی پڕ کردنەوەییان بە نوخبەی نوێ. لە ماوەی شۆڕشی ١٣٥٧دا، بەشێک لە ئەرتەشی ئێران هەڵوەشایەوە و بۆشاییەکی نیزامی لە هەندێک بەشی ئێراندا دروست بوو. هەندێک گرووپی وەکوو ڕێکخراوی موجاهیدەکانی شۆڕشی ئیسلامی، پاسەوانانی شۆڕش و پاسەوانانی زانکۆ، بەشێوەی خۆڕسک و بە مەبەستی پاراستنی شۆڕش پێک هاتن. بارودۆخەکە ئەو هەلەی بۆ خومەینی ڕەخساند کە هێزێکی دیکەی هاوتەریب لەگەڵ ئەرتەش پێک بێنێ. خومەینی کاتێک سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی ئەرتەش دەبێ، لە هەمان کاتدا خەریکی کۆکردنەوە و تێکەڵ کردنەوەی چەندین گرووپی مەزهەبیی خۆڕسک دەبێ کە بە شێوەی ئایدۆلۆژیکی بە خوی بەسترابوونەوە. خومەینی هەموو ئەو گرووپانە لە چوارچێوەی سوپایەکدا ڕێک دەخا بە ناوی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی. ڕۆڵی گرنگی ئایدۆلۆژیا لە گوتاری هاودامەزرێنەرانی سوپای پاسداران بە ڕوونی دەردەکەوێ :

**”ئێمە دوو ڕێگامان لە پێشە: یەکەمیان شەهید بوون و چوون بەرەو ئاسمان، دوهەمیشیان، سەرکەوتن بەسەر دوژمنانی ئیسلام و دامەزراندنی حکوومەتێکی دادوەریی ئیسلامی. هەر بۆیە، ترسمان لە هیچ نییە. نە ترسمان لە سوپای ئەمریکا هەیە نە لە سوپای سۆڤییەت. ترسمان لە هیچ دەسەڵاتێک نییە، چونکە بڕوامان بە ژیانی دونیای دیکە هەیە، بڕوا بە ڕۆژی قیامەت و بڕوا بە دیداری خودا. چونکە تەنیا بڕوامان بە دوای مردن هەیە، دەچینە پاڵ ئەسحابە و پێغەمبەران و بڕواداران. ترسمان لە مردن نییە و وڵاتەکەمان دەکەینە گۆڕستانی سەربازە بیانییەکان.“**

عەباس ئاغازەمانی، ناسراو بە ئەبو شەریف، یەکەم فەرماندەی سوپای پاسداران، یەکێک لە ڕێبەران و دامەزرێنەرانی حیزبوڵڵا و ڕێکخراوی موجاهیدەکانی شۆڕش، ١٣٥٨.

لە ئێران دوو هێزی نیزامی هەیە، یەکێکیان ئەرتەشە، کە لە لایەن بنەماڵەی پەهلەوییەوە پێک هێنراوە و دوای شۆڕشی ١٣٥٧ ڕێک خرایەوە. ئەرکی ئەرتەش تەنیا پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێرانە و دەستێوەردان نە لە کاری سیاسی و نە لە کاری ئابووریدا ناکا. گرنگترین هێزی نیزامی لە ئێران، سوپای پاسدارانە کە نە تەنیا هێزێکی نیزامییە، بەڵکوو هێزێکە کە قورسایی بە سەر سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵێک بواری دیکەدا هەیە. هەروەها، سوپای پاسداران لقێکی دەرەکی هەیە بە ناوی سوپای قودس کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران کار و چالاکی دەکا. سوپای پاسداران ڕیشەی لە زۆربەی دامەزراوە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکاندا داکوتاوە و وەکوو دەوڵەتێکی هاوتەریب کار دەکا. ئەو دەسەڵاتانەی کە سوپای پاسداران هەیەتی، لە لایەن وەلی فەقیهەوە پێی دراوە. سوپای پاسداران لە بواری ئابووری و نیزامییەوە سەربەخۆیە و جگە لە وەلی فەقیهـ هیچ دامەزراوەیەکی حکوومی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بە سەریەوە نییە. هەروەها خاوەن جەماوەری تایبەت بە خۆیەتی و لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا، ئەندام و لایەنگری هەیە. بنکە نیزامییەکانی سوپای پاسداران نەک تەنیا لە سەرانسەری ئێران، بەڵکوو لە هەندێک وڵاتی دەرەوەی ئێرانیش هەن. پرسیار ئەوەیە، خومەینی بە چ مەبەستێک بڕیاری دا سوپایەکی ئایدۆلۆژیکیی لە تەنیشت ئەرتەش دامەزرێنێ و ڕۆڵی ئەرتەش وەکوو سوپای میللی ئێران کەمڕەنگ بکاتەوە؟

خومەینی بە دوو مەبەست سوپای پاسدارانی پێک هێنا: یەکەمیان، بێمتمانەیی بە ئەرتەش بوو، چونکە خومەینی زانیاریی لەسەر ڕۆڵی هێزە نیزامییەکان لە یەکلا کردنەوەی کێشە نێوخۆییەکان هەبوو، بە تایبەت لە ئێران. ئەو پێی وابوو کە سێناریۆی ئەرتەش لە ڕێژیمی پێشوو لەوانەیە بۆ کۆماری ئیسلامیش دووپات بێتەوە و ئەرتەش لە داهاتوودا لە کاتی نائارامییەکاندا لەگەڵ خەڵک بکەوێ و پشتی حکوومەت بەر بدا. هەر بۆیە خومەینی دەیویست ڕۆڵی سەرەکیی ئەرتەش لە ئەگەری هە جۆرە نائارامییەک سڕ بکا. لە وتووێژێکدا لەگەڵ گۆڤاری ”فیگارۆ“ی فەڕانسی لە ساڵی ١٣٥٧دا، خومەینی چەند مانگێک بەر لە گەڕانەوەی بۆ ئێران جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەرتەشی ئێران جێگەی بڕوا نییە، لەبەر ئەوەی لە لایەن ئەمریکاوە ڕێبەرایەتی و ڕاهێنانی بۆ دەکرێ:
”[...]

**فیگارۆ**: لەگەڵ هەمووی ئەوانە، شا دەتوانێ حیساب لەسەر ئەرتەش و هێز بکا، ئەوە ئەگەرێکە.

**خومەینی**: لە هێزی نیزامیدا، ڕێبەرایەتی و پلەبەندییەکەیەتی کە دیاریکەرە. تا ئێستاش ڕێبەرایەتیی ئەرتەش لە لایەن ئەمریکاوە بەڕێوە دەبرێ، تەنانەت لە ئاستی سەرەوەش. ئەو هێزە لە لایەن ڕاوێژکار و تێکنیککارە ئەمریکییەکانەوە ڕێک دەخرێ و ڕێبەرایەتی دەکرێ. [...]. تا ئەو کاتەی ئەرتەشی ئێران لە ژێر ڕێبەرایەتیی ئەمریکا بێ، ئەو بارودۆخە تراژیکە هەر بەردەوام دەبێ“.

(خومەینی، وتووێژ لەگەڵ گۆڤاری فیگارۆ، پاریس، ٢٢ی ڕەزبەری ١٣٥٧)

بە پێکهێنانی سوپای پاسداران، خومەینی نەک هەر سوپایەکی هاوتەریبی دروست کرد، بەڵکوو جێگرەوەیەکی بۆ ئەرتەشی ئێران دروست کرد. سوپایەک، کە نەک هەر لە بواری سیاسی و یاساییەوە، بەڵکوو لە بواری هزری و ئایدۆلۆژیشەوە گرێدراوی ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە.

”[...] من لە ئێوە ڕازیم، ئەگەر سوپای پاسداران نەبا، وڵاتیش نەدەبوو، [...]. تەنیا ئێو بنەمای ئیسلامیتان هەیە. [...]“
خومەینی، شاری قوم، ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٥٨

مەبەستی دووهەمی خومەینی لە پێکهێنانی سوپای پاسداران، سڕ کردنی هەموو ئەو تاقم و گرووپە نیزامی و ڕکەبەرانە بوو کە لە ماوەی شوڕشدا سەریان هەڵدابوو. لە سەرەتای شۆڕشدا، حەوت گرووپی نیزامی بە شێوەی خۆڕسک بۆ یەک مەبەستی هاوبەش سەریان هەڵدابوو، ئەویش بەرگری کردن لە شۆڕش بوو. بەرە بەرە خەریک بوو لە نێوان ئەو گرووپانە ململانێ و تێکهەڵچوون پەرە بستێنێ، هەر بۆیەش خومەینی و سەرکردایەتیی زۆربەی گرووپەکان یەکگرتنی نێوان خۆیانیان بە پێویست دەزانی، تەنیا کەسێکیش کە پەسندی هەموو لایەک بوو، خومەینی بوو. هەرچەندە ئەو گرووپانە هەموویان گوێڕایەڵی خومەینی بوون، بەڵام خومەینی متمانەی تەواوی پێ نەبوون، هەر بۆیە بە تواندنەوە و تێکەڵ کردنی ئەو گرووپانە لە نێو ڕێکخراوێکدا، خومەینی پێشی بە هەر جۆرە ڕکەبەری و بە هێزبوونیان لە داهاتوودا گرت. هەندێک لە ڕێبەرانی ئەو گرووپانە لە لوبنان و فەلەستین ڕاهێنانیان پێ کرابوو، و لە شەڕە نێوخۆییەکانی ئەو وڵاتانە بەشدار ببوون. ئەو گرووپانە ڕۆڵێکی گرنگییان لە لەنێوبردنی حیزب و لایەنە ڕکابەرەکانی خومەینی لە دوای شوڕشدا بینیبوو.

شەڕ لە کۆردستان (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)و شەڕی ئێران_عێراق هەلێکی ڕەخساند کە بووە هۆی پەیوەست بوونی تاقم و گرووپە بچووکەکانی دیکە و بەهێز بوونی بناغەکانی سوپای پاسداران. لە ماوەی شەڕدا کە ناوی نرابوو ”بەرگریی پیرۆز“، سوپای پاسداران، خەڵکی خوبەخشی لە سەرانسەری ئێران پەیوەست بە ڕیزەکانی خۆی دەکرد و لە شەڕدا بەشداریی پێ دەکردن. ئەوەش بووە هۆی ئەوەیکە لە ماوەیەکی کورتدا، پێگەی خۆی لە بواری نیزامیدا بەهێز بکا. بە پێی مادەی ١٥٠ی دەستووری ئێران، ئەرکی سەرەکیی سوپای پاسداران، بەرگری لە شۆڕشی ئیسلامییە. لەگەڵ ئەوەشدا، سوپای پاسداران بەرە بەرە خۆی خزاندە نێو بوارەکانی دیکەوە و دەستێوەردانی لە بوارەکانی مەدەنی، سیاسی، ئابووری، وەرزش و ژمارەیەک بواریتردا کرد. ئەمڕۆکە، لە هەموو هاوکێشەکانی نێوخۆی ئێران و ناوچەکەدا، سوپای پاسداران ئیتر هەر تەنیا ئەکتەرێکی گرنگی نیزامی نییە، بەڵکوو ئەکتەرێکی سەرەکیی سیاسی و ئابووریشە. هەروەها، نەک تەنیا ڕۆڵی ئەرتەشی سڕ کردووە، بەڵکوو دەسەڵاتی هەموو دامەزراوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیشی سڕ کردوە. لە بواری پڕوپاگەنداوە، سوپا ڕێبەرایەتیی تۆڕێکی گەورەی ڕاگەیاندن و پێگەیاندن دەکا، بە مەبەستی بەهێزکردنی وەفاداری بۆ کۆماری ئیسلامی و ئامادەکردنی هاوڵاتییان بۆ بەرگری لێی.

لە بواری ئابووریدا، سوپای پاسداران، ئەکتەرێکی سەرەکییە کە ڕێبەرایەتیی تۆڕێکی گەورەی پیشەسازی ستراتێژیک و خزمەتگوزاریی بازرگانی وەکوو بیناسازی، ڕێگەوبان، بەرهەمهێنان و هەروەها، چالاکیی نایاسایی و قاچاخ دەکا. سوپای پاسداران، گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ سەر ئێرانی لە، بەرژەوەندیی خۆی قۆستەوە، چونکە بەشێکی گرنگ لەو پڕۆژە گەورە ئابوورییانەی کە کۆمپانیا گەورەکانی جیهان جێیان هێشتبوون، سوپای پاسداران بە تێچوویەکی کەمتر سەرمایەگوزاریی تێدا کردن. لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحموود ئەحمەدینەژاددا، ڕۆستەم قاسمی، سەرۆکی دامەزراوەی ”خاتم الأنبیاء“، کە دامەزراوەیەکی گەورەی بازرگانی و پیشەسازیی سەر بە سوپای پاسدارانە و گەورەترین پەیمانکاری پڕۆژە حکوومییەکانە، کرا بە وەزیری نەوت و ئەوەش بووە هۆی ئەوەیکە سوپای پاسداران پێی بخاتە نێو کەرتی نەوت و گازەوە.

هەروەها، پێگەی سوپای پاسداران لە نێو سیستەمی سیاسیی ئێرانیشدا بەهێزە، لەو ڕووەوە کە سەرکۆمار، بەشێکی گرنگ لە کابینەی حکوومەت، ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی پاڕلمان و بەڕێوەبەرانی ناوچەیی وەکوو پارێزگار، فەرماندار و بەخشدارەکان، لە ئەندامانی ئێستا یان پێشووی سوپای پاسداران پێک هاتوون. چالاکییە سیاسییەکانی سوپای پاسداران لە نێو حکوومەتی ئەحمەدینەژاددا بەرچاوتر بوو، چونکە لە ماوەی چوار ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتیی ئەودا (١٣٨٤-١٣٨٨)، لە ٢١ ئەندامی کابینەی حکوومەت، ١٤ کەسیان لە فەرماندەکانی پێشووی سوپای پاسداران بوون. لە حەوتەمین هەڵبژاردنی پاڕلمانیشدا، ژمارەی نوێنەرانی سەر بە سوپای پاسداران بەرز بوونەوەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. ساڵی ١٣٨٣، لە ٢٩٠ کورسی پاڕلمان، ئەندامانی سوپای پاسداران ٨٠ کورسییان وەدەست هێنا. بەشداریی ئەندامانی سوپای پاسداران لە دەسەڵاتە هەرێمییەکانی وەکوو پارێزگا و فەرمانداری و بەخشدارییەکانیشدا زۆر بەرچاوە.

لە ئاستی نێونەتەوەییدا، جیهانگیر بوونی ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهـ هەمیشە وەکوو ئامانجێکی سەرەکیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی سەیر کراوە. بە پێی پڕەنسیپی ویلایەتی فەقیهـ شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بەردەوامە و لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندا کورت نەکراوەتەوە، بەڵکوو دەبێ هەناردەی دەرەوەی سنوورەکانیش بکرێ و ئەرکی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەناردەکردنی شۆڕشە بۆ سەرتاسەری جیهان. بە پێی ئەو ئایدۆلۆژییە، کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێ جیهان بۆ هاتنەوەی ئیمامی دوازدەهەم (مەهدی)و هێنانە کایەی دادوەرییەکی ئاسمانی ئامادە بکا. زۆرێک لە دەسەڵاتدارانی ئێران هیچکات ئەو بیرۆکەیان لە گوتارەکانیاندا نەشاردۆتەوە. هەبوونی نەخشەی گۆی زەوی و تفەنگ و بەشێک لە ئایەی ٦٠ی سوورەی ئەنفال لە سەر لۆگۆی سوپای پاسداران و نەبوونی ناوی ئێران بە کۆتایی ناوی ئەو ڕێکخراوەوە، نیشاندەری ڕەهەندی جیهانگیری و ڕەهەندی چەکداریی ئەو ڕێکخراوەیەن کە لە ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهەوە سەرچاوە دەگرێ. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای شۆڕشەوە، کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی، لە پەرەپێدانی بواری نیزامی و یارمەتیی ئەو گرووپە چەکدارانە نەوەستاوە کە لە دەرەوەی وڵات لە دژی وڵاتانی ڕۆژئاواو وڵاتە سوننە مەزهەبەکان لە شەڕ دان. سوپای قودس کە لقی دەرەوەی سوپای پاسدارانە، بە مەبەستی ڕێبەرایەتی و یارمەتی دارایی و نیزامی بزووتنەوە چەکدارییەکانی دەرەوەی ئێران دروست کراوە. سوپای قودس لە ماوەی شەڕی ئێران-عێراقدا دروستکرا کە ئێستا وەکوو باڵی نادیپلۆماتیکی کۆماری ئیسلامییە کە کاریگەریی دەخاتە سەر سیاسەتە نێودەوڵەتییەکانەوە. بەشێک لەو کردەوانەی سوپای قودس ئەنجامیان دەدا، بێجگە لە یارمەتی دارایو نیزامیی گرووپە توندڕەوەکان، دەتوانین ئاماژە بە کردەوەی تیرۆریستی، لەنێو بردنی نەیارانی کۆماری ئیسلامی و پەرەپێدانی شیعەگەری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بکەین. بڕی یارمەتیی داراییی کۆماری ئیسلامی بۆ لایەنەکانی دەرەوەی ئێران ساڵانە زیاتر لە ٨ میلیارد دۆلار مەزندە کراوە. لیستەی بەشێک لەو گرووپانەی کە لە لایەن سوپای پاسدارانەوە لە دەرەوەی ئێران یارمەتی داراییو نیزامی دەدرێن تا ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەو پێش ببەن، بەو شێوەی خوارەوەیە:

لە عێراق: (سوپای بدر، بزووتنەوەی ئەلنوجەبا، عەسائیب ئەهلی حەق، کەتائیبی حیزبوڵڵا، حیزبوڵڵای عێراق، کەتائیبی ئیمام عەلی، سرایا ئەلخوراسانی، سرایا ئەلئیسلام، کەتائیبی سەیدولشوهەدا، لیوای ئەبولفەزلولعەباس ، لیوای زولفەقار، بزووتنەوەی ئەلبدال، ڕێکخراوی حەشدی شەعبی کە لە ٧٠ گرووپی سەر بە کۆماری ئیسلامی پێک هاتووە.)

لە یەمەن: (ئەنسارولڵا _ حووسییەکان)

لە لوبنان: (حیزبوڵڵا)

لە بەحرەین: (طیار العمل الاسلامی، هاوپەیمانی ١٤ی فێورییە)

لە فەلەستین: (حەماس، بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئەلسابرین)

لە کەنداو: (حیزبوڵڵای کەنداو)

لە میسر: (سوپای پاسدارانی میسر)

لە کوێت: (حیزبوڵڵای کوێت)


لە ئەفغانستان: (گوردانی فاتمیون)

لە پاکستان: (گوردانی زێنەبیون)

سوپای پاسداران هێزی مرۆیی خۆی لەو کەسانە دابین دەکا کە پێشتر لە کۆمەڵگەدا بە شێوەی هزری ڕاهێندراون، واتە بەر لەوەی ڕاستەوخۆ لە سوپای پاسداراندا دەست بە کار بن، لە لایەن ڕێکخراوی بەسیجەوە کە ڕێکخراوێکی ئایدۆلۆژیکیی و شێوە نیزامیی سەر بە سوپای پاسدارانە، ڕاهێنانی هزری و جەستەییان پێ دەکرێ.

***

پێگەی سوپای پاسداران لە سیستەمی سیاسی و ئابووری ئێراندا



# کۆمەڵگەی ئێران و شەرعییەتی نیزامی سیاسیی کۆماری ئیسلامی

**لە زانستی سیاسیدا پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و حاکمییەت وەک گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی باس دەکرێ و لەسەر ئەم ئەساسە خەڵک متمانەیان دەخەنە بەر دەستی دەسەڵاتداران و لە بەرامبەردا چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی گونجاو و کرداری شیاو لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەن. متمانە وەک ئەمانەتییەک لە لایەن خەڵکەوە لە لای نیزام دادەندرێ و ئەگەر دەسەڵات بتوانێ لە ئاستی ئەم متمانە پێکردنە ئەمنییەت، خۆشبژیوی و گوزەرانی باش بۆ خەڵک دابین بکا، متمانەی خەڵک بە دەسەڵات زیاتر دەبێ و دەسەڵاتیش لە ستاتووی خۆیدا بەردەوام دەبێت. لە پێچەوانەی ئەمەدا متمانەی سیاسی ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبێ و خەڵک مل بۆ بڕیارەکانی دەسەڵات و نیزامی بەڕێوبەریی وڵات ڕاناکێشن، ئەمەش لە نیهایەتدا لێک ترازان و گۆڕینی نیزامی سیاسیی بەدوودا دێ**



د. کویستان گادانی

ساڵی ١٣٩٧ لە لایەن هیندێک لە کۆمەڵناسان، سیاسەتمەداران و ئەنیستیتوو و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و پلاندانانی سیاسی، بێمتمانەیی خەڵک بە سیستمی بەڕێوبەری وەک قەیرانێکی بێمتمانەیی جیهانی کە بەرۆکی سیستمی دەوڵەتداری و بەڕێوبەریی گرتۆتەوە، دەستنیشان کرا. ئەوان لەو بڕوایەدا بوون کە وشەی متمانە لە ساڵانی داهاتوودا دەبێتە شتێکی بەدەگمەن لە جیهاندا و دەسکەوتن و دەستنیشان کردنی دژوار دەبێ. لە ڕاپرسییەکدا کە لە ٣٦ وڵات کرابوو، تەنیا ١٤٪ لەو باوەڕەدا بوون کە دەوڵەت، سیاسەتمەدارن و نوخبەکانیان لە وڵاتەکەیان لە بەرژوەندیی وڵات و خەڵکدا کار دەکەن. ئەوانی دی زیاتر بە گلەیی و گازەندە بوون و لە بە کەم گرتنی توانای کارزانی و لێزانیی سیستمی بەڕێوبەریی وڵاتەکەیان دەدوان. لە هیندێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکان تا ڕادەیەک دەست بە لێکۆڵینەوە لە بواری متمانەی خەڵک بە سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات کراوە بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا بتوانن پێش بە بێمتمانەیی بگرن و سیستمی بەڕێوبەریی وڵاتیان بپارێزن.

ئەم لێکۆڵینەوانە بە پشتبەستن بە هیندێک چەمکی زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی هەوڵیان داوە هۆکارەکانی ئەم بێمتمانەییە بە نیزام و دەسەڵاتی بەڕێوبەری شی بکەنەوە. لە ڕوانگەی توێژەرانەوە متمانەی سیاسی بە یەکێک لە ئەساسیترین پاڕامێتر و سەرمایەی کۆمەڵگە بۆ هەر شێوە حکومەت کردن و نیزامێک دادەنرێ. بێمتمانەیی سیاسی دەبێتە هۆی نەمانی ئەنگیزەی بەشداریی کاری سیاسی، هەروەها دۆخێک کە خەڵک هەست بە ئەمنییەت نەکا و ئەمەش بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانێ ڕۆڵ و ئەرکی خۆی وەک هاووڵاتییەک بەجێ بگەیەنێت.

لە زانستی سیاسیشدا پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و حاکمییەت وەک گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی باس دەکرێ و لەسەر ئەم ئەساسە خەڵک متمانەیان دەخەنە بەر دەستی دەسەڵاتداران و لە بەرامبەردا چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی گونجاو و کرداری شیاو لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەن.

متمانە وەک ئەمانەتییەک لە لایەن خەڵکەوە لە لای نیزام دادەندرێ و ئەگەر دەسەڵات بتوانێ لە ئاستی ئەم متمانە پێکردنە ئەمنیەت، خۆشبژیوی و گوزەرانی باش بۆ خەڵک دابین بکا، متمانەی خەڵک بە دەسەڵات زیاتر دەبێ و دەسەڵاتیش لە ستاتووی خۆیدا بەردەوام دەبێت. لە پێچەوانەی ئەمەدا متمانەی سیاسی ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبێ و خەڵک مل بۆ بڕیارەکانی دەسەڵات و نیزامی بەڕێوبەریی وڵات ڕاناکێشن، ئەمەش لە نیهایەتدا لێک ترازان و گۆڕینی نیزامی سیاسیی بەدوودا دێت. لەلایەکی دیکەوە لە پەرەئەستاندنی بێمتمانەیی سیاسیدا، بێمتمانەیی ئابوورییش دێتە کایەوە و، بۆ ئەم وڵاتانەی سیستمێکی ئابووریی سەقامگیریان نییە، بێمتمانەیی ئابووری زیاتر لە بێمتمانەیی سیاسی کاریگەریی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دەبێ کە لە نیهایەتدا هەموو جومگەکانی حاکمییەت لەکار دەخا و دەسەڵاتی سیاسی شەرعییەتی بەڕێوبەریی و ئۆتۆریتەی خۆی لەدەست دەدا.

یەکێک لەم وڵاتانەی لە بێمتمانەیی کۆمەلگە لە ئاست حاکمییەتی سیاسی لە فازی هەلدێردایە، کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. بێمتمانەیی خەڵک بە دەسەڵات بە ڕادەیەکە بەردەوام ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا نیزامی سیاسیی ئێران شەرعییەتی خەڵکیی هەیە و ئەگەر نا ئەدی چۆنە هەر بەردەوامە؟

بە سەرنجدان بە بارودۆخی ئێستای ئێران لە سێ گۆشەنیگای ئابووری، شەفاف نەبوون، و بە هێند نەگیرانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانین بڵێین کە بێمتمانەیی شەرعییەتی نیزامی سیاسی لە ئێرانی بەتەواوی هێناوەتە ژێر پرسیار.

دوای هاتنەدەریی ئامریکا لە بەرجام و گەڕاندنەوەی سزاکانی سەر ئێران، بایەخی دراوی نیشتمانیی ئێران دابەزینێکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە و بووەتە هۆکاری هەڵاوسانێکی زۆر. لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٨ تا مانگی گەلاوێژی ١٣٩٩ لانی کەمی بژیوی ژیان لە ٤،٩٤٠،٠٠٠ تمەن ڕا گەیشتووەتە ٧،٥٠٠،٠٠٠ تمەن؛ یانی لە ماوی ٦ مانگدا لانی کەم نیزیک بە ٣ میلیۆن واتە ٦٠٪ زیادی کردوە. "سبد معیشت" کە پێناسەیەکە بۆ لانی کەمی بودجەی ژیان، ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بوون‌دایە، بێکاری زیاتر بووە و پێڕاگەیشتن کەمتر. هاوکات بارودۆخی کرۆنا ئەوەندەی دیکەش ناکارامەیی حاکمییەت و دژی‌گەلی بوونی ئەم ڕێژیمەی دەرخست کە چۆن لە کاتێکدا خەڵک بۆ سەرەتاییترین پێداویستیی وەک دەمامک و پاککەرەوە داماون، بەڵام سامان و دارایی وڵات لە دەرەوەی سنوورەکان بۆ مەرامە ئیدۆلۆژیکییەکانی ڕێژیم خەرج دەکرێ.

متمانە لە پێوەندیی دوولایەنەدا کاتێک جێگیر دەبێ کە شەفافییەت هەبێ و شەفافییەتی نێوان خەڵک و دەسەڵات بە یەکێک لە بنەما گرینگەکانی متمانەی کۆمەڵایەتی دادەنرێ. بەڵام هەر ئاماژەدان بە چەند ڕووداوێکی ساڵانی ڕابردوو وەک پەراوێزەکانی خۆپیشاندانەکان، بەردانەوەی فرۆکە ئۆکڕاینییەکە و بڵاوبوونەوەی کرۆنا و بڵاوکردنەوەی ئاماری ناڕاست لە ئێران پێمان دەڵێن کە ڕێژیم چەندە لەگەڵ خەڵک ناڕاست و خەڵکیش چەندە بە نیسبەت حاکمییەت بێ‌متمانەن.

لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتدا مەگەر زانیارییەکی زۆر تایبەت کە پێوەندیی بە ئەمنیەتی نیشتمانییەوە هەبێ، ئەگینا زۆربەی ئامار و زانیارییەکان بە دەقیقی دەخرێنە بەردەستی خەڵک و ئەوەش لە پێناو متمانەی کۆمەڵگە بە دەسەڵاتە کە دەکرێ. بەڵام لە ئێران بە پێچەوانە، ئەوەی جێی بەقا نییە قسە و لێدوانی کاربەدەستان و ئامارە ڕاگەیەندراوەکانی حکوومەتە.

کە باس لە وڵامدانەوەی چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە سیستمی دەسەڵاتدار دەکرێ، یەکێک لە سەرەکیترین ئەرکەکان سەرنجدان بە خواستی کۆمەڵگە و بایەخدانان بۆ ویستی گشتییە. لە وڵاتێکی وەک ئێران بە هۆی باکگراوندی دانیشتووانی و مێژووی ئەم وڵاتە، بەو هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و جۆراوجۆریی مەزهەبی و چینایەتی، ویستی خەڵک مافە سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتییە دانپێدراوەکانیانە، ئەو ماف و داخوازە ڕەوا و بەرحەقانەی لە بیاڤەکانی ئەندێشە، کۆمەڵگە و هاوبەشی سیاسیدا هەیانە بەڵام دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەک بۆ خەڵکی بەڕەوا نابینێ، بە هەموو شێوەیەکیش لەدژیان دەوستێ.

کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی بە جموجۆل و زیندوویە، لەوە تێپەڕیوە کە گوێ بۆ بەرپرسی نابەرپرس و دروشمی پڕ باق و بریقی بێ کردەوە ڕابگرێ. ئەم کۆمەڵگەیە لە ڕێبەر و بەڕێوبەری تێگەیشتوو، خەڵکی، لێزان و بەتوانا دەگەڕێ کە بتوانێ متمانەی پێ بکا و جڵەوی ئیدارەی وڵاتی بداتە دەستی. لە سیستمە دێموکراتیکەکاندا چالاکانی مەدەنی، ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتییەکان و حیزبەکان نەخش و ڕۆڵێکی تایبەت و بەرپرسانەیان لە سەقامگیریی حکوومەتدا هەیە و ئەگەر پێویست بێت لە بەرژەوەندیی خەڵک و کۆمەڵگەدا شوێنکاری بەهێز و دیاریان لە ئاڵوگۆڕی سیستمی دەسەڵاتی وڵاتیشدا دەبێ. بەڵام لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا دەسەڵات دەستی لە بینەقاقای کۆمەڵگەی مەدەنی داوە و بە قەدەغە و سنووردار کردنی تێکۆشانی سیاسی ڕێگەی لە هاوبەشیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵک گرتوە.

ڕێژیمی سیاسیی ئێران بۆ ڕاگرتنی جەماوەر هەر جارە و بە وادە و بەڵێنێک، خەڵک چاوەڕوان دەکا و بە پیدانی دڵۆپەهیوای گۆڕانکاری لە هەڵبژاردنە موهەندیسی کراوەکانیدا هەوڵ دەدا بە ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان وا نیشان بدا خەڵکی لەگەڵە. لێرەدا بۆ نموونە تەنیا تیشک دەخەینە سەر پرسی ژنان و موهەندیسی کردنی دەنگی ژنان لە هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدا.

ڕوون و ئاشکرایە کە ژنان لە نەبوونی کۆمەڵگەیەکی کراوە، یەکسان و دێموکراتدا، چەند قاتی پیاوان دەچەوسێنەوە و ئەم دیاردەیەش لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هۆی کۆمپلێکس بوونی ناوچەکە و ناسەقامگیریی دەسەڵات زیاتر بەرچاوە. لەو نێوەدا بارودۆخی ژنان و مافەکانیان لە ئێران لە چاو وڵاتانی دراوسێشی زۆر لە پاشترە. ژنان لە ئێران بە هۆکاری سیاسی، نەتەوەیی، داب و نەریت، ئایین و ڕوانگەی پیاوسالاریی دەسەڵاتی سیاسییەوە پتر لە بەشمەینەتی دابوون، بەڵام چونکی کۆمەڵەیەکی زیندوون و دەستیان بەرنەداوەتەوە، ماتەوزەیەکی هێندە بەرچاون کە ڕێژیمیش ناتوانێ نادیدەیان بگرێ و هەموو کات هەوڵی داوە ئەم ماتەوزەیە بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی خۆی مودیرییەت بکا.

هەر دوو باڵی ڕێژیم لە گەمە سیاسییەکانی خۆیان و بەتایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا هەوڵیان داوە بە قامکدانان لەسەر ماف و خواستەکانی ژنان سەرنجی ئەم بەشە یەکلاکەرەوەیەی کۆمەڵگە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و دەنگەکانیان وەرگرن. دیارە بەشداریی ژنان و هیوا هەڵچنینیان لەسەر وادە و بەڵێنی باڵە سیاسییەکانی دەسەڵات (بەتایبەت لە بەرژەوەندیی ڕێفۆرمخوازەکان) لە زۆربەی هەڵبژاردنەکاندا دیار و بەرچاو و تەنانەت یەکلاکەرەوە بووە. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە باڵە سیاسییەکان چۆن دەتوانن سواری شەپۆلی مافخوازیی ژنان بن و ژنان بە پێی ئەزموونی دەیان ساڵەی هەوڵی لەو چەشنەیان، چۆن دەتوانن خاڵی کۆتایی لەسەر ئەم سووڕی باتڵە دابنێن؟ ژنان کە بەشخوراوترین توێژی کۆمەڵگەی ئێرانن و لە چوارچێوەی نیزامی ئیدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامییدا ناتوانن کەمترین ماف و داواکانیان هەبێ، بۆچی دەبێ متمانە بە دەسەڵات بکەن و ڕێگە بدەن بۆ مەرامە سیاسییەکانیان بەکاریان بێنن؟ سروشتییە کە ژنانیش وەک بەشێکی کۆمەڵگە فریوی دروشمەکانی ڕێفۆڕمخوازەکانیان خوارد. کاتێکیش دەرکەوت هیچ کام لە باڵە سیاسییەکانی ڕێژیم ناتوانن ماف و داخوازە سیاسی، مەدەنی و ڕەگەزییەکانی ژنان لە بەرنامەکانی خۆیاندا بگونجێنن، ئەوانیش پشتیان تێ کردن. بەشداریی یەکجار کەمی خەڵک لە تازەترین هەڵبژاردنەکانی "میان دەورەیی"ی مەجلیس و ئاماری زۆر کەمی بەشداریی ژنان لەو هەڵبژاردنانە دەری دەخا کە دەسەڵاتی سیاسی بەتەواوی متمانەی خۆی لە دەست داوە.

ئێستا سەرباری ئەوەی باس کرا متمانەی خەڵک بە دەسەڵات و حاکمییەتی سیاسی لەو پەڕی لاوازیی خۆی‌دایە، ئەدی هۆکارەکانی مانەوەی ڕێژیم لە دەسەڵات بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

لە وەڵامی کورتی ئەم پرسیارەدا دەتوانین ئاماژە بەم سێ خاڵەی خوارەوە بکەین: جەناحە سیاسییەکان لە ئێران لە پلاندارێژی و ئیدارەی وڵاتدا یەکتر خەتابار دەکەن، سووچی قەیران و نەهامەتییەکان دەخەنە پاڵ یەکتری و هەم لە نێو دامودەزگا نێوخۆییەکاندا یارگیری دەکەن و هەم لە پێوەندیی نێودەوڵەتیشدا بەو گەمەیە چاوەڕوانیی گۆڕان دروست دەکەن و بۆ ئەو گۆڕانەش _کە ناکرێ_ سەرنج و پشتیوانیی لایەن و وڵاتەکان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. ئەو دابەشینەی کار و گوتارەی دوو قۆڵی ڕێژیم هەتا ئێستا بووەتە هۆی لەخشتە بردنی خەڵک و کۆمەڵگەی جیهانی و لە بەرژەوەندیی نیزامی سیاسیی ئێراندا شکاوەتەوە. بە واتایەکی دی یەکێک لە هۆکاری بەردەوامیی ئەم نیزامە سیاسییە یەکگرتوویی ستراتیژیی جیناحەکانی نێو دەسەڵاتە.

دووهەم، نەبوونی ئالترناتیڤ لە نێوخۆی ئێران کە ئەم ئالترناتیڤە تا ئێستا شتێک نەبووە بێجگە لە جێگۆرکێی باڵەکانی نێو ڕێژیم. واتە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا نەیتوانیوە ئەوەندە هێزمەند بێ کە خۆی وەک جێگرەوەی دەسەڵاتی سیاسی وێنا بکا و وەک بەدیل بتوانێ هەم پشتیوانی دەرەکی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و هەم زەرفییەتەکانی کۆمەڵگە لە پشت خۆی بەسیج بکا.

سێهەم هۆکار بۆ شێوەی مامەڵەی کۆمەڵگەی جیهانی لەگەڵ ئێران دەگەڕێتەوە. ئەو کایە بەناوبانگەی وڵاتانی دەرەوە دەگەڵ ئێرانە کە بریتییە لە یەک هەنگاو بۆ پێش و دوو هەنگاو بۆ دواوە. بەرژەوەندخوازیی وڵاتانە بەهێزەکان و پێکناکۆکیی بەرژەوەندیی ئەم وڵاتانە وای کردوە کۆماری ئیسلامی بتوانێ هەتا ئێستاس بە قۆستنەوە و مودیرییەتی ئەو ناکۆکییانە ڕێژیمەکەی خۆی لەسەر پێ ڕابگرێ کە "بەرجام" یەک لەو لێکەوتانەیە.

ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم پارامێترە دەرەکی و نیوخۆییانە دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ ئەستاندنەوەی یەکجارەگیی متمانەی خەڵک و بەردەوامی زیاتری ئەم حکومەتە؟

بێگومان هەر نیزام و دەسەڵاتی سیاسی مانەوەکەی بەندە بە سێ پارامێتر: سەلماندنی هێز، نەهادینە کردنی هێز و مەشرووعییەتی هێز؛ کە ئەم سێ پاڕامیترە لە نێوخۆی وڵاتدا دەبێ پشتیوانیی لێ بکرێ کە ئەمەش لە ئێراندا لەوپەڕی لاوازیی خۆی‌دایە. هەل و کات و بواریش بۆ کۆکردنەوەی متمانە لەبەردەستی ڕێژیمدا نییە. ئەم متمانەیەی کە ڕێژیم بە سیاسەت و کردەوەکانی لە چوار دەیەدا نەیهێشتوە و لەبەینی بردوە، نە بە هیوا و بەڵێنی نوێ دروست دەبێتەوە و نە خەڵک چیدی ئامادەن ئەم دەرفەتە بە ڕێژیم بدەنەوە، بە واتایەکی دی ژمارە پێچەوانەکانی تەمەنی ڕێژیم دەستی پێ کردوە.

***



**جەناحە سیاسییەکان لە ئێران لە پلاندارێژی و ئیدارەی وڵاتدا یەکتر خەتابار دەکەن، سووچی قەیران و نەهامەتییەکان دەخەنە پاڵ یەکتری و هەم لە نێو دامودەزگا نێوخۆییەکاندا یارگیری دەکەن و هەم لە پێوەندیی نێودەوڵەتیشدا بەو گەمەیە چاوەڕوانیی گۆڕان دروست دەکەن و بۆ ئەو گۆڕانەش _کە ناکرێ_ سەرنج و پشتیوانیی لایەن و وڵاتەکان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. ئەو دابەشینەی کار و گوتارەی دوو قۆڵی ڕێژیم هەتا ئێستا بووەتە هۆی لەخشتە بردنی خەڵک و کۆمەڵگەی جیهانی و لە بەرژەوەندیی نیزامی سیاسیی ئێراندا شکاوەتەوە**

# شوێنپێی ئێران لە عێڕاقی داهاتوودا


ئامانج زیبایی

ئامریکا بە دەوڵەتی عێراق و هاوبەشە سیاسییەکانی خۆی لەم وڵاتەی ڕاگەیاندوە، کە بەتەمایە باڵوێزخانەی خۆی لە بەغدا دابخا، بێتوو هێرش کردنە سەر باڵیۆزخانە و نێردە دیپلۆماسییەکان لە لایەن میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە درێژەی هەبێ.

ئەحمەد مەلا تەلال، وتەبێژی سەرۆک وەزیری عێراق ڕایگەیاندوە کە هیوادارە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بەم بڕیارەی خۆیدا بچێتەوە، چونکی ئەم هەڵوێستە دەبێتە پاڵپشتێک بۆ ئەم گرووپ و ڕەوتە دژ بەیاساکان کە هەردەم هەوڵ دەدەن کە پێوەندییەکانی نێوان ئامریکا و عێراق لاواز بکەن.

ئەم هەڵوێستەی ئامریکا دوای ئەوە هات کە کازمی، سەرۆک وەزیرانی عێراق دەستی بە کۆمەڵێک بە چاکسازی کرد لەم وڵاتەدا و یەکەم هەنگاویشی لە پێوەندییەدا بە کەم کردنەوەی دەسەڵاتی حەشدی شەعبی لە دامودەزگا حکوومی و جوومگەکانی دەسەڵات دەستی پێ کرد.

لەگەڵ دەست بەکار بوونی کازمی، بەشی دژە تێرۆری عێڕاق کە ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری و فەرمانی سەرۆک وەزیراندا کار دەکا، بە هێرش کردنە سەر بەشێک لە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و دەست بەسەر کردنی هێندێک لە بەرپرسانی ئەم ڕێکخراوەیە نیشانی دا کە سەرۆک وەزیرانی عێراق لە مەڕ لاوازکردنی حەشدی شەعبی سوورە و بۆ ئەم مەبەستەش پاڵپشتی و پشتیوانیی وڵاتانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبیشی لەگەڵە.

کێشەی میلیشیا چەکدارەکانی بەناو حەشد لانیکەم بابەتی یەک ساڵی ڕابردووی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق بووە و سەرەڕای ئەوەی کە دامەزرانی ئەم گرووپە بە فتوای ئایەتوڵڵا سیستانی بۆ بەرنگار بوونەوەی داعش بوو، بەڵام قۆناغی داوای داعش و ئەرکی ئەم گرووپە چەکدارانە هەمیشە بۆ سیاسەتمەدارانی عێراق جێگای پرسیار بووە. لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی داعش هێندێک لەم چەکدارانە بۆ نموونە چەکدارانی سەر بە موقتەدا سەدر و هەروەها چەکدارانی سەر بە مەرجەعیەت چەکەکانی خۆیان دانا و کۆتاییان بە ئەرکەکانی خۆیان هێنا، بەڵام ئەم لەق و پۆیانەی سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون ئامادە نەبوون چەک دابنێن و کەوتنە ڕێکخستنی خۆیان لە ڕێکخراوەیەکی هاوشێوەی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، کە زۆربەی سیاسەتمەدارانی عێراقی دژی ئەم ویست و تەمایەن.

ئەم ناکۆکییانەش بە شێوەیەکی نافەرمی بەغدای دابەشی دوو بەشی دژبەر و لایەنگەری چەکدار مانەوەی حەشدی شەعبی کردوە و لوتکەی ئەم ناکۆکییانەش لە کار لادانی فەرماندەی دژە تیرۆری عێراق لە لایەن سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق، عادڵ عەبدولمەهدی بوو کە خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکی زۆری لێ کەوتەوە، هاوشێوەی ئەم بابەتەش کوژرانی قاسم سولیمانی و ئەبوو مەهدی موهەندیس بوو کە ڕۆڵێکی گرینگی بیینی لە پەرە پێدان بەم ناکۆکییانە و کورت کردنەوەی دەستی ڕێژیمی ئێران و دانانی سنوورێک بۆ سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی. دواتر کە کازمی بە سەرۆک وەزیرانی عێراق هەڵبژێردرا، کەوتە جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانی لە بواری چاکسازیدا کە سنووردار کردنی چالاکییەکانی حەشد یەک لەوان بوو، بە تایبەت کە کار و کردەوەکانی حەشدی شەعبی لە هەموو ئەو ماوەیەدا خۆی لە تێکدانی سەقامگیریی عێڕاق و نائەمنکردنی کەشی سیاسی و جووڵەی دیپلۆماتیک بۆ باڵوێزخانەی وڵاتانی ئەمریکا و ئورووپادا دیتەوە. کۆماری ئیسلامی ئێرانیش هەموو هەوڵی خۆی دا کە شکەست بەم هەوڵانەی کازمی بێنێ.

لە ئێستادا سەرۆک وەزیرانی عێراق لە نوێتری فەرمانی خۆیدا بڕیاری داوە نوێنەرایەتیی حەشدی شەعبی لە فرۆکەخانەکان دابخا و هەروەها بڕیاری داوە کە ئەم هێزە چەکدارە لەسەر دەروازە سنوورییەکان بکشێتەوە و بەم کارە بتوانێ توانای ئەم گرووپانە لە ڕووی داراییەوە لاواز بکا.

ڕاستیەکی حاشا هەڵنگرە کە لە دوای کوژرانی قاسم سولێمانی ڕۆڵی ئێران لە عێراق لاوازتر لە هەموو کاتێکە و لەم پێوەندییەشدا نابێ دەوری مستەفا کازمی لە بەر چاو نەگیرێ. بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوێستە کردنە ئەوەیە کە، داهاتووی ئەم وڵاتە بەستراوەتەوە بە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ئامریکا و هاتنە سەر کاری دەوڵەتی نوێ لەم وڵاتە.

ئیدارەی ترامپ لە سەروبەندی دەست پێکردنی هەڵبژاردنەکان ڕیسکی داگیرکردنی باڵیۆزخانەی خۆی لە بەغدا بە گرینگ دەزانێ و نایهەوێ جارێکی تر ئەزموونی باڵیۆزخانەی خۆی لە "بێن غازی"ی لیبیی بۆ دووبارە ببێتەوە، بۆیە هەڕەشەی داخستنی باڵیۆزخانەی خۆی دەکا لە بەغدا. هەر لەم پێوەندییەشدا چەکدارە توندڕەوەکانی حەشدی شەعبیی نیزیک لە ئێران لە هێرشێکی مووشەکیی ناسەرکەوتوو بۆ سەر فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر کە هێزەکانی هاوپەیمانانی لێ جێگیرن و نیزیک لە بنکەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، هەوڵیان دا پەیامێک بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان بنێرێ کە هەرێمی کوردستانیش ناتوانێ بۆ ئەوان شوێنێکی ئارام بێ، ئەوە لە کاتێکدایە کە گەورەترین کۆنسولگەریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە هەرێمی کوردستانە و ئەم هەرێمە لە ڕووی ژئۆپۆلیتیکەوە گرینگیەکی تایبەتیی بۆ ئامریکا هەیە و بڕیارە سیستەمی بەرگریی پاتریۆتی لێ دابمەزرێنێ و هێرش کردنە سەری وەک شوێنەکانی تر عێراق نابێ.

بێشک لە ئەگەری کشانەوەی باڵیۆزخانەی ئامریکا لە بەغدا و یەکانگیریی بەشێک لە باڵوێزخانە لە هەرێمی کوردستان، بەشی عەڕەبیی عێراق تووشی قەیرانێکی ئەمنیەتی دەبێ و وا وێدەچێ کە ئەم کشانەوەیەش گەمارۆ و زەختی ئابووریشی بەدوودا دێت، ئەوەش بە بارێکی دیکەدا بە زیانی ئێران دەشکێتەوە کە عێراق وەک حەسارخەڵوەتی سیاسی و ئابووریی خۆی چاو لێ دەکا.

# کاریگەریی سامانی نەوت لەسەر ڕەفتاری سیاسیی دەرەکیی دەوڵەتی ئینقلابی


نەوید قادری

**پێشەکی**

پرسی وزە بە هۆی ڕۆڵێکی چارەنووسساز کە لە ئابووریی جیهاندا هەیەتی، هەردەم یەکێک لە گرینگترین پرسەکانی جێی سەرنجی وڵاتان، بە تایبەت هێزە زەبەلاحەکان بووە. هەربۆیە، نەوت یان "ئاڵتوونی ڕەش" بە هۆی دابین کردنی سەتا ٣٠ی وزەی سەرەتایی جیهان، هەروەها ٩٥ لە سەدی وزەی پێویست لە کەرتی گواستنەوە خاوەن گرنگییەکی بێوێنەیە و وا بە ئاسانی جێی ناگیرێتەوە. یەکێک لەو ناوچانەش کە لە ڕووی سەرچاوەکانی وزەوە لە جیهاندا پشکی شێری بەردەکەوێ، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. بە پێی داتاکانی بی پی (BP)، وڵاتانی ئەو ناوچەیە لە کاتێکدا کە تەنیا ٣.٤ لە سەدی ڕووبەری جیهان (٥.١ میلیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشە) پێک دێنن، بەڵام خاوەن ٤٨ لە سەدی سەرچاوەکانی نەوتی جیهان، هەروەها ٣٥ لە سەدی گازی سروشتی جیهانن. هەر بە پێی داتاکانی بی پی لە ساڵی ١٣٩٢، سەرچاوە سەلمێندراوەکانی نەوتی ئێران دەگەنە نزیک ١٥٧ میلیارد بۆشکە. ئەم ڕێژەیەش دەبێتە زیاتر لە ١٠ لە سەدی سەرجەم سەرچاوە سەلمێندراوەکانی نەوتی جیهان. ئەو حەجمە زۆرە لە نەوت و داهاتە زەبەلاحەکەی (پێترودۆلار)، چ لە سەردەمی دیکتاتۆریی پێشوو (حەمە ڕەزای پەهلەوی) و چ لە سەرەتای هاتنەسەر حوکمی دەسەڵاتێکی تێئوکرات لە پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧، بواری بۆ سیاسەتێکی سەرکەشانە و فراوانخوازانە بۆ ڕێژیمی ئێران ڕەخساندوە، بە چەشنێک کە بە تایبەت لە سەردەمی ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێران خراوەتە خزمەتی بەرژەوەندییە ئایدۆلۆژییەکانی ئەم ڕێژیمە سیاسییە کە زیاتر لە دەرەوەی سنوورە جوگرافیاییەکانی ئەم وڵاتەدا پێناسە کراون و بەڕێوە براون.

شارەزایانی بواری نەوت و سیاسەت پێیان‌وایە کە دەوڵەتانی هەناردەکەری نەوت کە بە دەوڵەتی نەوت یان (Petrostate) ناسراون، بە ڕێژەی ٥٠ لە سەدی دەوڵەتانی‌تر دەچنە نێو ململانێ نێونەتەوەییەکانەوە. هاوکات ئەو دەوڵەتانە هەڕەشەی زۆریان لە ڕووی شەڕ و ململانێ نێوخۆییەکانەوە لەسەرە، گەشەی ئابووری ئەو وڵاتانە، سەرەڕای پۆتانسییەلی سەرچاوە سروشتییەکانیان، وەکوو پێویست نییە، ناسەقامگیرترن لە دەوڵەتانی‌تر و بگرە لە ڕووی گەندەڵییشەوە، ڕێژەیەکی زۆرتری گەندەڵی لەو وڵاتانەدا بەدی دەکرێ.

بەگشتی کاریگەریی نەوت لە هەر وڵاتێک، لە هەر دوو ئاستی نێوخۆیی و سیاسەتی دەرەکیش، پێوەندییەکی تۆکمەی بە سیاسەتی نێوخۆیی، و بە تایبەت بژاردەی سەرکردە [سیاسییەکانەوە] هەیە، بۆ نموونە: تێگەیشتن لە خواستی دەوڵەتە نەوتییەکان بۆ چوونە نێو ململانێ نێونەتەوەییەکان بەبێ لێک جیاکردنەوەی گرووپی دەوڵەتان (نەوتی و غەیرە نەوتی) و تێگەیشتن لە ڕووی دەوڵەتە نەوتییە ئینقلابییەکان مەحاڵە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەو گرووپە لە دەوڵەتان -ئەوانەی خاوەن ڕێبەرییەکی ئینقلابین- هەڕەشەیەکی جیددین بۆ سەر ئاشتی و تەناهی نێونەتەوەیی، بە چەشنێک ئەو دەوڵەتانە ٣.٥ جار زیاتر لە دەوڵەتانی‌تر، دەسپێشخەریی شەڕیان لەگەڵ دەوڵەتان کردوە.

**نەوت و ئێرانی دوای شۆڕش**

پاش ڕووخانی ڕێژیمی پەهلەوی و هاتنە سەر حوکمی دەسەڵاتێکی تیۆکرات لە ڕێگای شۆڕشی ئیسلامییەوە، دەسەڵاتدارانی ئێران بەردەوام باسیان لە هەناردە کردنی شۆڕش کردوە و ئەم چەمکەیان وەکوو یەکێک لە پرەنسیپەکانی سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیمەکەیان بەکار هێناوە. سەرکردەکانی شۆڕش پێیان وابوو کە ئەگەر ئێران لە هەناردەکردنی شۆڕشدا شکست بهێنێ، ئەوە لە لایەن دوژمنانییەوە ئیزۆلە دەکرێ، هەروەها لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە دەتوانن لە ڕێگای هەناردەکردنی شۆڕشەوە گەلانی بندەست (شیعەکانی جیهان) لەژێر ستەم ڕزگار بکەن و ببن بە مۆدێلێک لە سەرکەوتنی بەها ئیسلامییەکان بەسەر گەندەڵی و سەرکوتی ڕێژیمە ڕۆژاواییەکان.

شارەزایەکی بواری نەوت و سیاسەت، میرتورابی پێی وایە کە بەرز بوونەوەی بەهای نەوت، هاوکات لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامی، بوو بە هۆی چێ‌بوونی بەرپرسیارەتیی سەروونەتەوەیی بۆ دەوڵەتی ئێران، هەروەک چۆن دابەزینی بەهای نەوت لە میانەی دەیەی ١٩٨٠دا بوو بە هۆی هەموار کردنەوەی سیاسەتی دەرەکیی ئێران.

شایانی باسە کە بۆ خۆمەینی و شوێنکەوتووانی، بەردەوامی شۆڕشەکەیان گرێدراوی هەناردەکردنی و بە واتایەکی دی بەردەوامیی شۆڕشێکی بێ‌سنوور بوو؛ کە جیاوازییە کولتوورییەکان یان هەستیارییە نەتەوەییە جۆراوجۆرەکان ناتوانن پێش بە خواستەکانی بگرن. خامنەییش لە ڕێگای پشتیوانی لە پراکسییە شیعەکانەوە بە درێژایی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە ئامانجی بەرەودان بە ستایلی ئێرانی ئیسلامگەرایی و تێکدانی نەزمی (Order) ئەمنیەتی ناوچەیی پشتیوانی کراو لە لایەن ئەمریکاوە، ئەو ئەرکەی بە تەواوی جێبەجێ کردوە. بەگشتی ئیدئۆلۆژی خۆمەینی پێک هاتووە لە پۆپۆلیزم، شیعیزم و ئینقلابیگەری کە بناغەی ئیدئۆلۆژیی سیاسەتی دەرەکیی ئێرانی پێک هێناوە و دەبینرێ کە ئەو تێڕوانینە ئیدئۆلۆژیکە پێناسە کراوە لە لایەن خۆمەینییەوە تەنانەت دوای نەمانی ئەویش هەر بەردەوام بووە و سیاسەتی دەرەکیی ئێران لەو چوارچێوەیەدا کە ئەو پێناسەی کردبوو، کۆ کراوەتەوە. ئەو چەمکە هەروەها چەمکی وێستفالیایی سیستەمی نێودەوڵەتیشی ڕەت کردۆتەوە و لە جیاتیان جەختی لەسەر چەمکی "ستەم لێکراوان" کردۆتەوە، کە ئەوەش بە واتای ڕەت کردنەوەی هێژموونی ئەکتەرە دەرەکییەکان (بە تایبەت ئەمریکا و ڕووسیە) بووە. ئەنجامی ئەو سیاسەتە لە ئاستی ناوچەییدا، پێشێل کردنی سەروەریی وڵاتان، بەرەوپێش بردنی سیاسەتێکی سێکتاریستی و ناسەقامگیرکردنی ئەو وڵاتانەی لێ کەوتۆتەوە. گێڕانی ڕۆڵێکی کاریگەر لە بازاڕی جیهانی نەوت پاش ساڵی ١٣٥٧ بە لەبەرچاو گرتنی بەستراوەیی وڵاتە ڕۆژاواییەکان بە نەوت وای کردبوو کە ئێران لە بەرەوپێش بردنی ئەو سیاسەتانەی بەردەوام بێت.

بە گشتی ئەگەر بمانەوێ بزانین کە نەوت چۆن کاریگەری لە سەر ململانێ نێونەتەوەییەکاندا دادەنێ، پێویستە ئاماژە بکەین کە نەوت بە ٨ شێوە ئاگری ململانێ نێونەتەوییەکان خۆش دەکا: ١) شەڕی سەرچاوەکان ٢) توندوتیژی نەوتی (Petro – aggression) ٣) پەلهاوێژی شەڕی نێوخۆیی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتانی‌تر ٤) پشتیوانی مادی لە یاخیبوونەکان ٥) کێشەکانی پێوەندیدار بە سروشتی دەستبەسەر داگرتن بەسەر بازاری نەوتدا ٦) کێشە لەسەر ترانزیتی نەوت ٧) ستەملێکراوی نەوتی ٨) ئەستەنگییەکانی بەردەم هاوکاریی چەند لایەنە.

لەو ٩ خاڵەی سەرەوە خاڵەکانی ٢ و ٤ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە باسەکەی ئێمەوە هەیە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو دوو خاڵە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر سیاسەتی ناوچەیی و نێونەتەوەیی دەوڵەتی ئێران هەبوو.

توندوتیژی نەوتی (Petro – aggression) لە ڕێگای جیاکردنەوەی ڕێبەری توندوتیژەکانی وەک سەدام حسەین یان ئایەتوڵڵا خومەینی لە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیییەوە، هانی ئەوانەی داوە بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی دەرەکیی سەرکەشانە. خاڵەکەی‌تر، واتە پشتیوانی مادی لە یاخیبوونەکان، بریتییە لە پشتیوانی لە حیزبوڵڵای لوبنان و بەخشینی پێترۆدۆلار بە گرووپە [تیرۆریستە].

**نەوت و سیاسەتی ناوچەی ئێران**

پشتیوانی و پڕچەک کردنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەک حیزبوڵڵای لوبنان یان حۆسییەکانی یەمەن و خستنە بەردەستی ئیمکانات و دراوی زۆر بۆ ئەو گرووپ و میلیشا جۆراوجۆرانە لە سیاسەتی ناوچەیی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆ ئەو مەبەستەش ژێستی سەربازیی ئێران لە سەر دوو بنەمای "کۆسپ خستن" (Deterrence) و "بەرگری" دامەزراوە، بە جۆرێک کە ئەو وڵاتە ستراتیژییەکی ئەمنیەتی نەتەوەیی پێڕەو دەکا کە ئامانج لێی گۆڕینی دۆخی هەنووکەیی ناوچەیی لە ڕێگای فراوان کردنی نفووزی خۆی لە سەر حیسابی ئیسراییل و وڵاتانی عەرەبیی کەنداوە.

جێی ئاماژەیە کە سیاسەتی "بەرگریی هێرشبەرانە" (Forward Defense) لەو چوارچێوەیەدا و بە مەبەستی قەرەبوو کردنەوەی لاوازیی سەربازی موتەعارف (Conventional) لە ڕێگای قووڵایی ستراتیژیک و تۆڕێک لە میلیشیا شیعەکانەوە لە کورتخایەن و مامناوەندا داڕێژراوە. لە درێژخایەنیشدا، ئەو سیاسەتە ئامانجی بەرزەفرانە و هەڵبەت پرمەترسی هەیە، ئەویش بەکار هێنانی هێزێکی هێژمونێکی کەڵەکە کراوە بۆ چێ کردنی "حەوزەیەکی ئێرانی" (Iran Sphere). هەڵبەت ئەو خۆپیشاندانانەی کە لە کۆتایی هاوینی ١٣٩٨دا لە ئێراق و لوبنان لە دژی گەندەڵی، لایەنگرە خۆجێییەکان و فراوانخوازیی پان‌شیعیی تاران دەستیان پێ کردوە و هەڵبەت بە توندترین شێوە سەرکوت کراون، دەری دەخا کە ئەو سیاسەتەی ئێران تا چ ڕادەیەک لەگەڵ واقعی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک [لەو وڵاتانە] دەیخوێنێتەوە.

ئەگەرچی زۆربەی دەوڵەتە نەوتییەکان بە هەردوو شێوازی مادی و میدیاییش پشتیوانییان لە یاخیگەرییە دەرەکییەکان کردوە، بەڵام لەو بەینەدا، ڕەفتاری ئێران زۆر جیاوازترە. جیاوازیی ئێران لە گێڕانی ڕۆڵێکی سەرەکی و تەواوکەردا لە دامەزراندن و بەکارهێنانی حیزبوڵڵا لە لوبنان، تێکەڵاوی لەگەڵ حەماس لە فەلەستین، جەیشی مەهدی و مەجلسی ئەعلا لە ئێراق و یاخیگەرییەکانی‌تر لە دەرەوە، و هەروەها گێڕانی ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی سەربازییە وەک بەشێک لە ململانێ نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لە وڵاتانی‌تر. هەوڵەکانی ئەو وڵاتە بۆ پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە کاتێکدا کە بووەتە مەحکوومکردنی بە شێوەیەکی بربڵاو لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ڕۆڵی ئێران وەک حکوومەتێکی "هێرشبەر" (Aggres-sive) بەهێزتر دەکا. ئەو سیاسەتە هێرشبەرانەیە، هاوکات بووە لەگەڵ سیاسەتێکی هێرشبەرانەی نەوتیش لە هەمبەر دەوڵەتە ڕۆژاواییەکان کە ئەو سیاسەتە لە لایەن شارەزایانی ئەم بوارەوە بە "مێرکانتیلیزمی نەوتی" ناسراوە.

میرتورابی لە شوێنێکی تر باس لەوە دەکا کە وادیارە بەرزبوونەوەی نەرخی نەوت لە بازار پاش ساڵی ١٣٨٤ ڕۆڵێکی گرنگی لە بردنەسەرێی ئاستی هێز و توانایی ئێران لە گۆڕانکارییە ناوچەییەکان، ڕاوەستان لە هەمبەر گوشارە نێودەوڵەتییەکان و بەرەوپێش بردنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی سەرەڕای گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان، گێڕاوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە بەرپرسانی ئەمریکی و ئیسرائیلی چەندین جار ڕایانگەیاندوە کە ئێران ساڵانە لانیکەم بڕی یەک میلیار دۆلار یارمەتیی دەداتە حیزبوڵڵا. هەروەها لە دەستپێکی قەیرانی سووریەوە، بانکە دەوڵەتییەکانی ئێران لە ساڵەکانی ١٣٩٢ – ١٣٩٤دا، بڕی ٤.٦ میلیارد دۆلاریان سەرمایە خستۆتە بەردەست ڕێژیمی ئەسەد. هەروەها ئێران مووچەی مانگانەی ٥٠٠٠٠ میلیشیا، پێداویستی و چەکوچۆڵ و تەقەمەنیی و ڕاوێژی سەربازیی بۆ دابین کردوون.

**ئەنجام**

لە کۆتاییدا دەر دەکەوێ کە سامانی نەوتی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی دێموکرات لە ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ بەملاوە، یەکێک لە کەرەستە سەرەکییەکانی سیاسەتێکی پێداچوونەوەخوازانە و فراوانخوازانە لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا بووە. ئێران دوای ١٣٥٧ کۆمەڵە چەمکێکی وەکوو "هەناردە کردنی شۆڕش" و "پشتیوانی لە ستەملێکراوانی جیهانی" وەک یەکێک لە تەوەرەکانی سیاسەتی دەرەوەی هەڵبژاردوە کە ئەو سیاسەتە ڕاستەوخۆ؛ واتای پێشێل کردنی سەرەوەریی وڵاتان لە ڕێگای پشتیوانی لە کۆمەڵێک گرووپی تێرۆریستی وەک حیزبوڵڵای لوبنان و حەماس، و لە ئەنجامدا قووڵکردنی درزی مەزهەبی و بەرەوپێش بردنی سیاسەتێکی سێکتاریستی بووە. دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان لە ڕێگای بەهێزکردنی ئەو گرووپانەوە ساڵانە چەندین میلیارد دۆلاری تێچوو بووە و ئەو خەرجیانەش بەبێ لەبەر چاو گرتنی داهاتی نەوت و پێترۆ دۆلارەکانی ئێران، بە ئاسانی مومکین نەبووە. لە لایەکیتر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران تا ئێستاش خەرجییەکی زۆری لەسەر دەستی ڕێژیم داناوە کە ئەویش تەنیا بە داهاتی میلیارد دۆلاریی نەوت مەجالی بەردەوامیی هەبووە. بە گشتی دەتوانین بڵێین کە نەوت و سامانەکەی مەکینەی سەرەکی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتی ئێران لە دوایی شۆڕشی ١٣٥٧ بوون.

****

سەرچاوەکانی نووسینی ئەم وتارە لە ئەرشیڤی ڕۆژنامەدا پارێزراون

کوردستان
ژمارە: ٧٨٣
١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٩ _ ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٠

# هێز وەک یەکلاکەرەوەی باڵانسی هاوکێشەکان

شاهۆ مەتین

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وەک دەوڵەتێکی بەهێز و کاریگەر لە سیستمی نێودەوڵەتی لەدوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە بریتانیا و چوونە نێو شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی هەتا ئێستا، سیاسەتێکی دەرەکیی چالاکی گرتووەتە بەر کە پشتی بە ئابووریی بەهێزی ئەم وڵاتە و هێزی مرۆیی و تێکنۆلۆژیی پێشکەوتووی شەڕ و زانیارییەکان بەستوە.

ئایزێنهاوێر، سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا دەیگوت کاریگەریی ماشێنی نیزامی و تێکنۆلۆژی گەورەی شەڕی ئەمریکا لە مێژوودا وێنەی نەبیندراوە و، ئەمریکا بێ وێنەیە و بەناوبانگە. ترامپیش لە پێشبرکێی هەڵبژاردنەوەی خۆیدا پاش زیاتر لە نیو سەدە دەڵێ چەکەکانی ئەمریکا گەیشتووەتە ئاستێک لە پێشکەوتوویی کە ئەگەر پیشان بدرێن ڕووسیە و چین وەک دوو ڕکەبەری ئابووری و نیزامیی ئەمریکا تووشی سەرسووڕمانی گەورە دەبن.

سیاسەتی دەرەوی ئەمریکا بە پشتیوانیی سێ کوچکەی ئاسنینی ئابووری، نیزامی و یاسایی بەڕێوە دەچێ و، لەسەر کۆڵەکەی سێ بیچم دامەزراوە کە بریتین لە١) هێمیڵتۆنیزم (بەها تەوەر)، ٢) جەکسۆنیزم (هێز و ئەمنیەت تەوەر) و ٣) ویلسۆنیزم (ئابوری و ئەمنییەت تەوەر) کە کۆشکی سپی لە هەر قۆناغ و بڕگەیەکی مێژوویدا هەر کام لەوان بەتەنیا دەگرێتە بەر یا پێکەوەیان گرێ دەدا.

ئەمریکا لە ڕوانگەی نیزامییەوە لە شوێن و پێگەیەکەی زۆر تایبەت جێی گرتوە. بودجەی نیزامیی ئەمریکا بە تەنیا لە ئی شەش وڵاتی زلهێزی جیهان زیاترە و لە ڕووسیەش وەک بەهێزترین هێزی نیزامی ئورووپا کە خاوەنی ٥٠٠ کلاوەی ئەتومییە زۆر لەپێشترە. ئەم بەهێز بوونەش لە ڕووی سەربازی، مەیدانی شیاوی بۆ سەپاندنی سیاسەتەکانی دابین کردوە، هاوکات ئابووریی ئامریکا بە بەرهەمهێانی پاکنەکراوی زیاتر لە ١١ تریلیۆن دۆلار و بودجەی ساڵانەی نیزیک بە یەک تریلیۆن دۆلار ئەم دەرفەتەی بۆ ئەمریکا بەدی هێناوە کە بە سەرنجدان بە نیاز و پێداویستیی وڵاتانی دی هێزی مانۆڕی بەربڵاوی بۆ باڵادەستیی سیاسی و ئابووری و نیزامی هەبێت.

ئەم تایبەتمەندییە هەمیشی ترسی خستووەتە دڵی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، بە تایبەت کە چەند دەیەیە لەلایەن ئەم وڵاتەوە سزای ئابووریی قورسی خراوەتە سەر و، ئێستاش بە کارا کردنی میکانیزمی ماشە ئەگەری قورستر بوونی سزاکان چەند قات زراوی ڕێژیمی بردوە.

ڕاستە لە ئێستادا وڵاتانی ئورووپایی و هاوبەشی سیاسیی ئەمریکا لە بەرجام (بریتانیا ، فەڕانسە و ئاڵمان) خوازیاری مانەوە و پاڕاستنی "بەرجام"ن و بەڕواڵەت نایانهەوێ لە پرۆژەی "لانیزۆری گوشار"ی ئەمریکا لە دژی ئێران ڕەگەڵ کەون؛ بەڵام ئایا دەتوانن ئەمریکا لەبەر کۆماری ئیسلامی بنێنە لاوە؟

ئورووپا دەزانێ کە کۆمپانیا زەبەلاحە ئەمریکییەکان لە کەرتی تێکنۆلۆژی، زانست و ژینگە و هتددا وەبەرهێنانی زۆریان کردوە و زۆرترین هەلی کاریان بۆ خەڵکی ئورووپا ڕەخساندوە و، لە ئەگەری هەر ناکۆکییەکی قووڵی ئەم وڵاتانە لەگەڵ ئەمریکا؛ ئەوەی زەرەرمەندی سەرەکییە ئەو وڵاتانە دەبن. لە لایەکی تر بە هۆی شوێندانەریی ئەمریکا لە دابین کردنی چەکوچۆڵ بۆ ئەم وڵاتانە و پاراستنی ئەمنییەتیان لە بەڕامبەر مەترسییەکانی ڕووسیە، چین و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە هەمبەر هەڕەشەکانی وەک کێشەی خاک، قۆرغ کردنی بازار و تێرۆریزم و هاوکات دابین کردنی پێداویستییەکانی دیکە و پاڕاستنی ناتۆ؛ ئەم وڵاتانە تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوەیی هەمە لایەنەیان بە ئەمریکاوە هەیە. گرووپی نیزامی و ئابووریی ئەم وڵاتانەش بۆ پاڕاستنی بەرژەوەندییەکانیان بە فشار دروست کردن بۆ سەر سیاسەتی حکوومەتەکەیان مەجبور بە هاوبەشی لەگەڵ ئەمریکایان دەکەن. چونکی بە شێوەیەکی نەریتی ئورووپا لە ڕۆڵ و دەوری خۆی بە نیسبەت پرس و بابەتەکانی دەرەوەی سنوورەکانی کە ئەمریکا بەشێک لە بابەتەکە بووە، لە هێڵ و بەرەی ئەمریکادا خۆیان دیوەتەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئورووپا کێشەی مێژوویی و جیددیی لەگەڵ چین و ڕووسیە هەیە و ئەمەش وا دەکا لە نیهایەتدا ئورووپا بە مانەوەی لەو هێڵە ستراتیژییەدا ڕێچکەی تەواوکەری فشار بۆ سەر ئێران بگرنە بەر.

لە لایەکی تر دوو وڵاتی ڕووسیە و چین وەک دوو وڵاتی کاریگەر لە ئاستی نێودەوڵەتین و پێگەیان لە سێکتەرەکانی ئیدئۆلۆژی، جوغرافی، هێزی مرۆیی، ئابووری، کەرەسەی نیزامی و تێکنۆلۆژی لە ئاستی دنیادا بەهێزە و خاوەن ماقی ڤێتۆکردن لە شوڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکانن و وەک ڕکەبەرێکی بەهێزی ئەمریکا پلانمەند سیاسەتی خۆیان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەرەو پێش دەبەن.

ڕووسیە لە ڕووی سەربازی، وزە، ژیۆپۆلۆتیک و ژیۆکالچێردا بەدوای گەڕاندنەوەی شکۆی لەدەست چووی پاش ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەتدا دەگەڕێ و دەیەوێ قەرەبووی هەموو مەیدان چۆڵ کردنەکانی پێشووی لە بەرامبەر ئەمریکادا بکاتەوە. چینیش وەک وڵاتێکی زلهێزێکی حەشیمەتی، تێکنۆلۆژی و ئابووری بە تەمای گرتنە دەستی پلەی یەکەمی ئابووری و مونۆپۆل کردنی بازاری جیهانییە. ئەم دوو وڵاتە بەدووی ئەوەدا دەگەڕێن لە هێژمۆنیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بدەن و مەیدانی مانۆڕی ئەم زلهێزە جیهانییە بەتایبەت لەو ناوچەیەدا تەنگەبەر بکەن. بەڵام هەڵوێستی دوو وڵاتی ڕووسیە و چین کە خۆیان وەک پشتیوانی ئێران لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا دەردەخەن، شیاوی تێڕامانە. لەڕاستیدا ڕووسیە وەک بازاڕێکی گەورەی فرۆشتنی چەکوچۆڵ و ڕۆڵ و دەوری کومپانیا ڕووسییەکان لە سێکتەری وزەدا لە ئێران دەنواڕێ. بەپێی نەریتی ئەم وڵاتەش بێتوو هاوبەشێکی باشتر لە ئێران بدۆزێتەوە، زۆر ئاسان پشت لە ئێران دەکا و لەگەڵ ئەمریکا دەسازێ، نموونەی ئەمەش لە مێژووی پێوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتەدا زۆر بینراوە. بۆیە ڕووسیە ئێران تەنیا وەک کارتێکی فشار لە بەرامبەر ئەمریکادا دەبینێ. پوتین پاش سەرکەوتنی لە دەوری دووهەمی سەرۆکایەتیی ڕووسیە کە لە قۆناغی یەکەمدا دیسکۆڕسی "بەربەرەکانیی پۆزەتیڤ"ی گرتبووە بەر، ستراتیژیی حکوومەتەکەی بە ئاڕاستەی هێرشبەری لە بواری وزە و پێداگری لە سەر بوونی ڕووسیە وەک زلهێزی وزە گۆڕی و ئێرانیش کە ئێستا بە هۆی گەمارۆکانی ئەمریکا لە بەشی وزە، بانک و چەکوچۆڵدا ناتوانێ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا چالاک بێ؛ سروشتییە کە ڕووسیە وەک خوانێکی چەور لێی دەڕوانێ و قۆڵی لە بەتاڵان بردنی سەرچاوە سرووشتییەکانی ئێران هەڵماڵیوە و دیارە کە زەرەرمەندی سەرەکییش لەو نێوەدا هەر ئێرانە.

لەولاش چین کە لە هەمبەر ئێراندا سیاسەتێکی دووفاقەی گرتووەتە بەر و هاوچەشنی ڕووسیە وەک کارتێکی گوشار بەڕامبەر ئەمریکا لەو شوێنانەی لە ڕووی ئابووری و هێژمۆنییان (وڵاتانی ئەفریقایی) تووشی بەریەک کەوتن دەبن، ئێران وەک کارتێک دەکاتە قەڵغانی بەرژەوەندییەکانی.

کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بەهۆی بەردەوامیی لە سیاسەتی هەناردەی شۆڕش، دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچە و خەونی هیلالی شیعی و پاڵپشتیی تێرۆریزمی نێودەوڵەتی ئاراستەیەکی گرتووەتە بەر کە مەترسیی زۆر لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دروست دەکا، ئەمەش لە نیهایەتدا وا دەکا هاوبەشە سیاسییەکانی ئەمریکا کە لە ئێستادا لایەنگری کارا کردنی میکانیزمی ماشە نین، دواجار پشتی ئەم بڕیارەی ئەمریکا بگرن و پاڵپشتی بن.

دیوێکی دیکەی ئەم نەخشەیە بوونی ئیسڕائیل و وڵاتە نیوە دێموکراتیکەکانی ناوچەیە کە لە ئاکامی بەهاری عەرەبی و گۆڕانکارییەکانی دەیەکانی ڕابردوودا دروست بوون و ئەمریکا لە هەر حاڵدا لەسەر پاراستنی ئەم وڵاتانە لە مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی سوورە، ئەم وڵاتانەی کە مانەوەیان بەشێکە لە ستراتیژیی درێژمەودای ویلایەتە یەکگرتووەکان. هەر ئەوەشە کە لەو ماوەیەدا هەوڵی ڕێککەوتنی سەدە بە ئەندازیاریی ئەمریکا پتر لە هەموو کاتێک چووەتە پێشێ و مەبەستی سەرەکی لەوەش پێش گرتن بە قەیران خوڵقێنی و سیاسەتی شەڕەنگێزیی کۆماری ئیسلامیی ئێڕانە.

به شێوەکی گشتی ستڕاتیژیی بنەڕەتی و گشتگیری ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بریتین لە: پاڕاستن و بەهێزکردنی پێگەی نیزامی و بەستنی ڕێککەوتنی ئەمنییەتی و سەربازی لەگەڵ دەوڵەتان، بەرەوپێش بردنی پرۆسەی ئاشتی و پلانی ئابووری و سیاسی، دژایەتی توندی وڵاتانی

وەک ئێران، سووریە و هێز و گرووپەکانی وەک حیزبوڵڵا و حەماس و بونیادگەرای ئیسلامی سوننە کە سپانسەریی شێواندن و تێکدانی ئەمنیەتی ناوچەکە دەکەن. هەر بۆیە لە هەموو ئەو بەستێنانەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک کۆسپ لەبەردەم ئەمریکادا قوت دەبێتەوە. ئەم بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی ئێستاش کە ئێران تووشی بووە و کۆمەڵگەی بەرەو ڕووخان و دارمان بردوە، لێکەوتەی سیاسەتەکانی ڕێژیم بۆ جەمسەربەندی دژی ئەمریکان. لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا ئەمریکا بە چالاک کردنی میکانیزمی ماشە ئەگەر بە تەنیاش بێ، لەبەر ئەوەی هێژمۆنیی ئابووری، سەربازی، دیپلۆماسی و تێکنۆلۆژیی بە سەر ئورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا هەیە و خاونی سیاسەتی پاراستنی سەروەری سیاسی و یاسایی زۆر لەم وڵاتانەیە، یەکلایەنەش بووبێ دەتوانێ لەم بڕیارەدا سەرکەوتن بە دەست بێنێ.

بەم پێیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنیا دوو ڕێگەی لەبەرە: یان ملدان بە وازهێنان لە بەرنامەی ئەتومی و مووشەکی و وەلانانی سیاسەتی پشتیوانی لە تێرۆریزم و ڕێگە کردنەوە بۆ دێموکراسیی نێوخۆیی و گۆڕینی دێموکراتیکی دەسەڵات؛ یان تەریک کەوتنەوەی زیاتر و ڕووبەڕوو بوونەوەی پتر لەگەڵ ئەمریکا و هاوبەشە سیاسییەکانی کە لەوانەیە چارەنووسی ئێران و کۆماری ئیسلامی بەرەو ئاقارێکی دیکەدا ببا.




***

## دارسمە

دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزی

# سمینی یادداشتی ئاخوندێکی جڕشێت

خوێنەرانی بەڕێز و چازان، دارسمەی هاوڕێی هەمیشەییتان ئەمجارە تەنیا یادداشتی ئاخوندێکی جڕشێتتان بۆ دەخوێنێتەوە و خۆی تێکەڵی هیچ باس و خواسێک ناکا. ئەمەش دەقی یاداشتەکە:

بەڕاستی ئینقلابی ئێمە "انفجار نور بود"، بەڵام ئەم نوورە ئاگر و سوتمانێکی لێکەوتەوە چل ساڵی بەردەوامە هەرجارە و لە شوێنکی ئەم جیهانە دارستان و لێڕەواری ئاسایش و ئەمنیەت ئاگر دەدا. ئێمە ئەو شۆڕشگێڕانەی خۆمان بە خاوەنی بەرحەقی ئەم ئینقلابە دەزانین و بە دڵ و بە گیان پێمان وایە "انقلاب انفجار نور بود"، بەڕاستی ماوەی چل و یەکساڵی دوای "انفجار"ی نوورەکە چاکمان کرد و چاکمان خوارد.

لەم ماوەیەدا بە سنوورەکانی "دووغاروون"ی نێوان ئێران و ئەفغانستان و "میرجاوە" و "پسابەندەر"ی نێوان خۆمان و پاکستان و "دەرگەز" و "باجگیران" و "سەرەخس"ی نێوان ئێران و تورکەمەنستان و "ئاستارا" و "بیلەسەوار" و "جولفا"ی نێوان ئێران و ئازەربایجان و "نووردوز"ی نێوان ئەرمەن و ئێران و "بازرگان" و "سێرۆ"ی نێوان ئێران و تورکیە و هەروەها "حاجی ئۆمەران" و "پەرویزخان" و "چەزابە" و "مێهران"ی نێوان ئێران و عێراق و ڕێگەی دەریای باشوور و باکووری ئێران نەوەستاین و لە فڕۆکەخانەکانیشەوە "ئینفجاراتی" ئەم نوورەمان بەڕێ دەکرد و لە "ڤیەن" و "پاریس" و "میکۆنووس" و "ئارژانتین"یش ئەنجامی بەرچاومان وەرگرتەوە.

دوای تێپەڕینی چوار دەیە واتە چل ساڵ بەسەر "انفجار نوور"ەکەدا، ئێستا بارودۆخەکە بۆ ئێمە زۆر لەبار نییە. تەشبیهات بە ئێمە نەبێ، پێم خۆش نییە ئەم سیفەتە بدەمە پاڵ خۆمان، بەڵام قافی قسەی ئەگەر هات ناگەڕێتەوە و ئێمەی ئاخوند جەماعەتیش کە فێری زۆربڵێی بووینە لەم زۆر گوتنەدا باشیش دەڵێین و خراپیش دەڵێین. خۆمان پێمان وایە زۆربەی قسەکانمان باشن و دوژمنان و زیدی ئینقلابی "از خدا بی‌خبر"یش دەڵێن زۆربەی قسەکانمان خراپن و باشیان یان تێدا نییە، یان هەر زۆر زۆر کەمە. هەرچۆنێکی بێت ئەم ڕستەیە هەر دەڵێم ئەگەر بە زیانی خۆشمان بێت. قسەی خۆمان بێت لەم دواییانەدا هەر بەتەواوی بووین بە "پشیلەی ڕەجەبەشێت" و لە جیاتی گەڕەکە ماڵێک گەڕەکە وڵاتێکمان بە خۆمانەوە سووتاندوە. دەڵێن ڕەجەبەشێت ئاگری لە پشیلەکەی بەردا و بەری هەڵدا، پشیلەی ئاگرتێبەربووش بە ئاگرەوە هەڵ دەهات و بەمجۆرە گەڕەکە ماڵێک ئاگری گرت. ئێمە هیچ کێشەمان گەڵ ئەمە نییە بە ئێمەوە کوێ دەسووتێ و کوێ ناسووتێ، بەڵام کێشەی گەورە ئەمەیە پشیلەکە خۆشی لەنێو ئەم ئاگەرەدا دەسووتێ. جا ئەو ئنقلابەی ئێمە کە "انفجار نور بود" لێمان بوو بە ڕەجەبە شێت و ئێمەش پشیلەکەی بووین؛ ئێستا هەموو دونیا بسووتێ بە دەرەک، تەنیا خۆمان نەجاتمان بێت.

ڕەشەبای شەماڵ و زریانی ئەم سەردەمەش کەس نازانێ لەکام لاوە دەشنێتەوە. ئێستا هەر بایەک لەهەر شوێنیکەوە بشنێتەوە ئاگرەکە بۆ لای خۆمان دێنێتەوە.

لەم دواییانەدا ئاگر کەوتووەتە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان. شەڕێکە کەوچکی تێناگەڕێ. شەڕەکەش لەسەر خاکی ئەو کوردانەیە لە سەردەمی کۆندا، سەفەوییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تورکانی عوسمانی بۆ لاچینی ناگۆرن و قەرەباغیان گواستبوونەوە. ئێستا کوردەکان هیچ، ئاگری شەڕەکە بەرەو خۆمان دێ. لەملا و لەولا دەبیستین چەند خومپارە و مووشەکێک لەم شەڕەوە سەر دەکەن و لە خاکی ئازەربایجانی ئێران دەکەونە خوارەوە. ئەمەیان بۆ ئێمە هیچ نییە. چۆن سەدان هەزار کەسمان لە جەنگی ئێران و عێراق و بەرەڕووبوونەوەی کورد و عەرەب و بەلووچی ئێران بە کوشت دا، با لێرەش چەند هاووڵاتیی ئازەریی دیوی لای خۆمان بە دەرجەی ڕەفیعی شەهادەت نائیل بن. بەڵام کێشەکە لەمە قووڵترە و ئەم هەویرە توندە ئاوی چۆمی ئارازی دەوێ. ئێستا خەڵکی گوندەکانی سەر سنووری ئازەربایجان و ئەرمەنستان لە دیوی خۆمانەوە کە ئەوانیش ئازەرین، بە شەو و بە ڕۆژ دەچنە سەر تەپۆڵەکەکان و لە دوورەوە سەیری شەڕەکە دەکەن. دەڵێن بەردەوام تووک و دوعا لە ئەرمەنییەکان دەکەن و بۆ سەرکەوتنی ئازەربایجان و ئەردۆغان و ئاکپارتی لە خوای میری مەزن دەپاڕێنەوە.

دەمڕاست و کەیخودا و چازانەکانی ئێمەش کە چەندین ساڵە لە کون و کەلەبەرەکاندا خەریکی داڕشتنی بەرنامەکانی پاراستنی نیزامی موقدەسن و بەرنامەی ئەم هەموو ئینفجاراتەیان لە وڵاتانی جیهان و ناوچەکە داڕشتوە، ئێستا دارێکیان پێیە هەردوو سەری وەک سەلکەماری ماری ژاراوییە. کەوتوونەتە سەر دووڕییانێک ناچارن بەڕەی لەسەر هەتیوان هەڵدەنەوە. ئەگەر پشتی ئازەرییەکان بگرن، ئیشەکە هەر بە یەکجاری دەبێتە فشە. یانی هەستی ئازەرییەکانی ئێران دەبزوێ و نیوەی تاران و کەرەج و هەموو قەزوێن و تاکستان و زەنجان و مەراغە و مەرەند و ئەردەبێڵ و تەورێز و نیوەی ورمێ و خۆی و سەڵماسیش پشت لە ڕەهبەری موعەزەم دەکەن و واز لە شیعەگەرییەکە دەهێنن. هەستیی نەتەوەییان دەبزوێ و زیاتر لە ٢٠ میلیۆن کەس لە ئێران لێمان وەخۆ دەکەون. کوردەکانیش قامکیان لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگە و خەون بەم ڕۆژەوە دەبینن. هەربۆیە ئێستا ناچارین لە جیاتی برادەرانی هاونیشتمان و ئازەرییە موسوڵمانەکانی دراوسێمان لە ئێرەوە دەگەڵ کاکە "تەواریش" لە ڕووسیەوە پشتی برایانی ئەرمەنی بگرین. ئەمە ئەگەر لە نێو موسوڵمانانی هاو ئایینی ئازەری لەهەڵڵا نەدرێ، لۆ پەزی زەرەری نییە. با ئەرمەنییەکان بەهێز بن. ئەوان هەڕەشەی دابەش کردنی جوگرافیا پشیلە ئاساکەی ئێران نین و دوژمنی ئاکپارتیی میراتگری عوسمانیەکانیشن. ئەگەر وابێ ئێمە هەروا لە درێژە پێدانی ڕێبازی شێخ سەفیەدین و تۆرە و تۆرەمەکەی بەردەوامین.

لە کۆتاییدا هیوادارم پشلەی ڕەجەبەشێت بەم ئاگرە نەسووتێ و جوگرافیا پشیلە ئاساکەمان نەشێوێ و بە قەت گوڵی هەرامە خواردوو لە "انفجار نور"ەکە پەشیمانم.

## کەماڵ کەریمی:

# یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان هەوێنی یەکیەتیی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە



کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبی دێموکراتی لە داهاتوودا بە هەوێنی یەکیەتیی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵات زانیٚ و ڕایگەیاند هەلومەرجی ئێستا و داهاتووی ئێران دەخوازیٚ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لێک نزیک ببنەوە.

لە کۆنفرانسی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەکانی بەشێکی دیکە لە ئەندامانی حیزب کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ٨ی ڕەزبەر بەڕێوەچوو، بەڕێز کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، باسێکی سیاسیی تایبەت بە داهاتووی ئێران و کوردستانی پێشکەش کرد.

بەڕێزیان لەم کۆنفرانسەدا کە ئەندامانی سەر بە چوار کۆمیتەی حیزبی تێیدا بەشدار بوون، سەرەتا ئاماژەیەکی خێرای بە دۆخی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە گشتی و بیٚ مەسئولیەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو ئاستەکاندا کرد. بەڕێزیان لەم پێوەندییەدا باسی لە بەرین بوونەوەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک دژ بە کۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کرد و لەم بارەوە وێڕای ئاماژەدان بە بەشداری نەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی «میان دورە»یی نوێنەرانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، گوتی؛ بێزاری و ناڕەزایەتیی خەڵک لە نیزامی کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی خۆیدایە.

بەڕێز کەماڵ کەریمی لە درێژەی قسەکانی بە ئاماژەدان بە ئەگەری نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە نیسبەت داهاتووی ئێران و ماهییەتی ئەو نیزامەی لە داهاتوودا لە تاران دەسەڵاتی سیاسیی بە دەستەوە دەگریٚ، باسی لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێستای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد. لەم پێوەندییەدا بەڕێزیان پێی وابوو یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامی، نەبوونی ئاڵترناتیڤێکی یەکگرتوو و بەهێزی جێی متمانەیە و نەبوونی ڕێبەرییەک بۆ جووڵانەوەی ئازادیخوازی لە ئێران، ئاسۆی ڕووداوەکانی بە لێڵی هێشتۆتەوە.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی باسەکەیدا هاوکات لەگەڵ ئاماژەدان بە سیاسەتی سەرکوت و دژیگەلیی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، بە هومێدەوە باسی بەردەوامیی خەباتی خەڵکی کورستانی لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکانیدا کرد. لەم بەشە لە قسەکانیدا بەڕێز کاک کەماڵ کەریمی، داهاتووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستانی بەستەوە بە پرسی یەکڕیزی و یەکگرتوویی نێوان حیزبە سیاسییەکان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. بەڕێزیان وێڕای ئاماژەدا بە بوون و گرینگیی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» وەک چەترێک بۆ هاوهەڵوێستی و کاری هاوبەشی نێوان حیزبەکان، لێکنزیکبوونەوەی زیاتری حیزبەکانی لە هەلومەرجی ئێستادا بە زەرووری زانی.

لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسی لە ڕۆڵ و کاریگەریی تاریخیی حیزبی دێموکرات لە سەر بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان کرد و لەم بارەوە وەک زەروورەتێک بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەڕژایە سەر پرسی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لەم پێوەندییەدا کاک کەماڵ کەریمی لە گەڵ پێداگریی لە سەر ڕۆڵی قورس و گرانی ئەم حیزبە لە داهاتووی ڕووداوەکاندا گوتی: یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان هەوێنی دروست بوونی یەکیەتیی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەم پرسە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لە سەر یەکیەتیی و یەکگرتوویی نێوان خەڵک و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی دەبیٚ.

لە کۆتا بەشی ئەم کۆنفرانسەدا ئەندامانی حیزب لە چوار کۆمیتەی جیاوازدا بە ئامادەبوونی نوێنەری کۆمیسیۆنی چاودێری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب و نوێنەری کۆمیسیۆنی تەشکیلات، لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیکدا ئەندامانی نوێی کۆمیتەکانیان هەڵبژارد.



# تێکهەڵچوونەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان دەتوانیٚ کاریگەریی لە سەر خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەبیٚ

**ئورشەلیم پۆست – سێت جەی فرانتزمەن**

**و: کەماڵ حەسەنپوور**



وێدەچیٚ تێکهەڵچوونەکانی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان کە ڕۆژی یەکشەممە دەستیان پیٚ کرد، بەربڵاوتر لە هی جارەکانی پێشوو بن. دوای تێکهەڵچوونی لەو چەشنە لە مانگی جولای، ئاشکرا بووە کە باشووری قەفقاز هەر دێت و گرینگتر دەبیٚ. دوای دەیان ساڵ کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی تا ڕاددەیەکی زۆر باشووری قەفقازی پاشگویٚ خستبوو، ئەوان دیسان هاتوونەوە ژێر دیدی گشتیی. ناکۆکی لەویٚ کاردانەوەی بەرچاوی بۆ خۆرهەڵاتی ناڤین دەبیٚ چونکە تورکیە، ئێران و ڕووسیە گشتیان پۆتانسیەلی دەور دیتنیان هەیە.

دوای تێکڕمانی یەکیەتیی سۆڤیەت، قەفقاز تووشی کێشە بوو. بەشێک لە کێشەکان بە چارەسەرنەکراوی مانەوە، کە هێندێک جار بە شێوەی جەنگی نویٚ سەریان هەڵدایەوە. کێشەی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان یەکێک لەو کێشانەیە. ئازەربایجان ناوچەیەکی دابڕاوی لە نزیک تورکیە هەیە و ئیدیعا دەکا کە ناگۆرنا_قەرەباغ، ناوچەیەک لە نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان، هی ئەوانە. ئەو ناوچەیە لە نەوەدەکانی زایینیدا سەربەخۆیی خۆی لەژێر ناوی کۆماری ئارتساخ ڕاگەیاند. بە پشتیوانیی ڕووسیە، ئەرمەنستان کۆنترۆڵی ئەوێی پاراستوە.

کەمێک سەرووتر بەرەو باکوور، لە ٢٠٠٨ لە نێوان گورجستان و ڕووسیە تێکهەڵچوون هاتە ئاراوە کە بووە هۆی شکستێکی شەرمەزارانە بۆ گورجستان، چونکە نەیتوانی دەست بەسەر ئۆسێتیای باشووردا، کە لە ١٩٩١ سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندبوو، بگرێتەوە. بە یارمەتیی ڕووسیە، گورجستان لە دەسەڵات بەسەر ئابخازیا و ئۆسێتیای باشوور بێبەش کرا. ڕوسیە کە لە ژێر دەسەڵاتداریی ڤلادیمیر پوتین خەریکی چاکسازی بوو لە جەنگی ٢٠٠٨ بە گورجستانی نیشان دا کە کیٚ بەهێزترە. بە هەمان شێوە، پوتین توانی سەرهەڵدانی ئیسلامیی لە باکووری قەفقاز سەرکوت بکا.

کۆتایی تێکهەڵچوونەکان لە ٢٠٠٨ بووە هۆی ماوەیەک ئارامیی ڕێژەیی لە قەفقاز. بەڵام سەرجەم ئەو کێشانە بە چارەسەر نەکراویی مانەوە. ئەوانە بە هەمان شێوە بە گرژییەکان لە ئوکراین، کە لە ٢٠١٤ سەری هەڵدا و بووە هۆی جەنگی نێوان جیاییخوازانی پشتگیریکراو لە لایەن ڕووسیە و دەوڵەتی ئوکراین، پێوەند درانەوە. ڕووسیە شێوە دوورگەی کەریمەی خستە سەر خاکی خۆی و پشیوانیی لە دوو کۆماری نویٚ لە دۆنباس کرد. چەکەکان لە ئوکراین هەرگیز بە تەواوی بێدەنگ نەبوون.

ئەمڕۆ، ڕووسیە پەیتا پەیتا ڕاهێنانی سەربازیی دەکا تا هێزی خۆی نیشان بدا، هەم لە باشووری ڕووسیە، لە قەفقاز و هەروەها لە باڵتیک و بێلاڕوس. دیمەنی گشتی دەرخەری سەرهەڵدانی بنکەی دەسەڵاتی ڕووسیەیە. بۆ وێنە، حەوتووی ڕابردوو ڕاهێنانی برایەتی سلاڤی لەگەڵ سێربستان و بێلاڕوس بەڕێوە چوو. لە سەرەتای سێپتامبریش ڕاهێنانی قەفقاز لەگەڵ چین، ئەرمەنستان، ئێران و میانمار بەڕێوە چوو. لە مانگی جولای پوتین بڕیاری ڕاهێنانێکی سەربازیی بە بەشداریی ١٥٠٠٠٠ سەرباز بۆ پارێزگاری لە باشووری قەفقاز دەرکرد. پەیامی مۆسکۆ ئاشکرایە. ڕووسیە خەریکی تیژ کردنی چەقۆکەیەتی تا بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە بیٚ، جا گیروگرفت لە بێلاڕوس بیٚ یا قەفقاز جیاوازیی نییە.

پوتین ئاشقی مەتەڵۆکەی سەربازییە. چەند ساڵ لەوەپێش لە بارەی پیاوێکدا پرسیاری لیٚ کرا کە چەقۆی سەربازیی باوکی بە سەعاتێکی نویٚ گۆڕیبۆوە، پوتین باسی ئەو پیاوەی کردبوو کە بە کوڕەکەی گوتبوو، ”جا کاتێک سبەینیٚ تالانچی هاتن و سەرجەم بنەماڵەکەتیان کوشت و خوشکە گەورەکەتیان لاقە کرد، تۆ دەتوانی پێیان بڵێی، لە مۆسکۆ سەعات چەندە ...“ بەشداران کە لە ڕێوڕەسمی وتووێژی ٢٠١٨ لەگەڵ پوتین‌دا بەشدار بوون لە قاقای پێکەنینیان دا، بەڵام پەیامەکە ئاشکرا بوو. ڕووسیە هێزی سەربازیی خۆی بەهێز دەکا. ئەو لە ڕێگای بەشداریی لە سووریە و لیبی ئەو پەیامەی گەیاندوە.

هێشتا ڕووسیە لە تێکهەڵچوونەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجاندا بەشداریی نەکردوە، بەڵام بە سەریانەوە هەڵوەستاوە. ڕووسیە ناتوانیٚ ڕێگا بدا هاوپەیمانەکانی شکست بێنن و ئەرمەنستان هاوپەیمانیەتی. ڕووسیە بەهەمان شێوە پێی باشە کە هاوپەیمانەکانی پێوەی بەستراوە و لاواز بن. بە پێچەوانە، تورکیە خەریکی ڕابواردنی میلیتاریستییە. ئەو باکووری سووریەی داگیر کردوە، عێراقی بۆردومان کردوە و چەند مۆڵگەی سەربازیی لە باکووری عێراق دروست کردوون؛ چەکداری سووریەی بۆ لیبی ناردوە و ڕۆژانە هەڕەشە لە یونان و وڵاتانی دیکە دەکا. تورکیە دەخوازی شانبەشانی ئازەربایجان لە جەنگ دژی ئەرمەنستان بەشدار بیٚ. لە ڕابردوودا ڕوسیە ویستوویەتی ناتۆ و ڕۆژئاوا لە ڕێگای واژۆکردنی ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیە تووشی شکست بکا. ڕووسیە سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی S400 ی بە تورکیە فرۆشتوە و لە ئیدلیب بە یەکەوە پاسەوانیی دەکەن. بۆ نموونە.


ئەگەر تورکیە زۆرتر خۆی لە شەڕ لەگەڵ ئەرمەنستان تیهەڵقوتێنیٚ، لەوانەیە ڕووسیە بە شێوەیەکی دیکە مامەڵە لەگەڵ تورکیە بکا، بە شێوەیەک کە بڕیاردەری ڕووداوی داهاتوو ڕووسیە دەبیٚ. ئەوە مودێلی ڕوسیەیە لە ئاستانە، سۆچی و لیبی، کە لەسەر گشت ئەو دۆسیەیانە قسە بکا کە لەگەڵ تورکیە تیایاندا هاوبەشە. ڕووسیە هەم هاوبەشی تورکیەیە و هەم لەگەڵی ناکۆکە. بەڵام ڕووسیە بەتەمایە لەپێشدا هێزە ڕۆژئاواییەکان وەدەر نیٚ. ئەوە ئامانجی ڕووسیەیە لە ئوکراین، بێلاڕوس و هەروەها لە جەنگی ساڵی ٢٠٠٨ لە دژی گورجستان. بۆ وێنە ڕووسیە لە دەستێوەردانەکانی ڕۆژئاوا لە باڵتیک تووڕەیە. پوتین دەبیٚ بڕوانێتە سەرجەم ئەو دۆسیەیانە و بڕیار بدا قورسایی ڕوسیە لە کامیاندا بەکار بێنیٚ.

لە هەمان کاتدا ئێران بۆ بازرگانی، کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگریی و فاکتەری دیکە دەڕوانێتە قەفقاز. ئێران هەوڵی داوە پرۆژەیەکی کێشانی هێڵی ئاسن لەگەڵ ئازەربایجان جێبەجیٚ بکا. لە سەردەمی ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا و خولیای دروست کردنی دنیایەکی فرە جەمسەر بۆ یەخانگیریی ئەمریکا، ئامانجی سەرەکیی ئێران پێوەندیی توند و تۆڵتر لەگەڵ چین و ڕوسیەیە. لێرەدا ئامانج ئەوەیە کە تورکیەش تێکەڵی ئەو هەوڵانە بکا، چونکە ئێران و تورکیە پێوەندییەکی گەرموگوڕیان هەیە. کێشەیەک لە سنووری باکووری ئێران لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان لە بەرژەوەندیی ئێران نییە. ئەو پێی باشترە کە ئەو کێشەیە تەشەنە نەکا. ئێران بۆخۆی ڕێژەیەکی زۆر لە شارۆمەندەکانی ئازەرین و ناتوانیٚ پێشبینیی ئەوە بکا کە ناسەقامگیریی چۆنە.

ئەوە بەو مانایەیە کە کێشەی ناگۆرنا_قەرەباغ یا کێشەی دیکە کە تورکیە تێیانەوە گلاوە، دەتوانیٚ ئاسەواری بەرچاوی لەسەر ڕایەڵەی ڕووسیە_ئێران_تورکیە هەبیٚ. لەبەر دەستپێشخەریی ڕێگای ئاوریشمی نویٚ، چینیش خوازیارە لە دوورەوە بڕوانیٚ. ئەو خوازیاری سەقامگیریی و بازرگانییە، نەوەک شەڕی زۆرتر. وڵاتە یەکگرتووەکان وێدەچیٚ چیدیکە وەک نەوەدەکانی زایینی حەزی لە نێوبژیوانی و وەستاندنی شەڕان نەبیٚ، ئەوە بەو مانایەیە کە موسکۆ، تاران، ئانکارا و وڵاتانی دیکە دەبنە دەمڕاستی خۆش کردنی ئاگری جەنگ یا وەستاندنی تێکهەڵچوونەکان لە قەفقاز. یەکیەتیی ئورووپا چیدیکە دەوری کاریگەر ناگێڕیٚ و زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە دەزانن کە وڵاتانی ئورووپایی بە گشتی قسە دەکەن و لێدوان بڵاو دەکەنەوە بەڵام هێچ کارێک ناکەن. یەکیەتیی ئورووپا تەنانەت ناتوانیٚ لەسەر سیاسەتێکی هاوبەش لە بارەی بێلاڕوس یا تورکیە لە خۆرهەڵاتی مەدیتەرانە و سەپاندنی ئابلۆقەی چەکوچۆڵ بە سەر لیبیدا ساغ بێتەوە.

چ شتێکی دیکە لەو کێشەیەدا لەوانەیە ڕوو بدا؟ ڕووسیە و تورکیە و دەوڵەتانی دیکە دەیانهەویٚ سیستەمی پارێزگاریی ئاسمانیی و سەربازیی تاقی بکەنەوە. هەموو لایەک چاوەڕوانن بزانن ئاخۆ بڕیاری ئازەربایجان بۆ تەرخان کردنی سامانی زەبەلاح بۆ فڕۆکەی بیٚ فڕۆکەوان یارمەتیی دەکا ئەو جەنگە بباتەوە. فڕۆکەی بیٚ فڕۆکەوان تێچووی گیانی بۆ خاوەنەکانی کەم دەکەنەوە بەڵام هەرگیز لە ڕوانگەی تاکتیکییەوە، لە بردنەوەی جەنگی مەزن سەرکەوتوو نەبوون. ڕووسیە لە سووریە کەڵکی لە سیستەمی مووشەکی پانتسیر و سیستەمی پارێزگاریی ئاسمانیی دیکە وەرگرتوە و ئەو سیستەمانە دەفرۆشیٚ کە لە لیبی کەڵکیان لیٚ وەرگیراوە. ئەو پێی خۆشە بزانیٚ ئەو سیستەمانە بە کردەوە چەندە کاریگەرن.

لە کۆتاییدا، ئاسەوارەکانی کێشەکە دەتوانیٚ سووریەش بگرێتەوە. تورکیە گرووپە کوردەکانی بەوە تاوانبار کردوە کە بۆ پشتیوانیی ئەرمەنستان ”تێرۆریست“ ی ناردوونە ئەوێندەریٚ، ئیددیعایەکی خەیاڵی لە لایەن ئانکاڕاوە. بەڵام، ئانکارا بە کەڵک وەرگرتن لەو ئیددیعایە شەڕکەری سووریەیی بە ئەندام گرتوە تا لە دەروەی سووریە شەڕی بۆ بکەن. لەوانەیە تورکیە بیهەویٚ کەڵک لە شەڕکەری سووریە وەرگریٚ تا دژی ئەرمەنستان بجەنگێن بۆ ئەوەی ئەوان خەریکی شتی دیکە بکا. ئێستا ڕوون نییە کە ئاخۆ ئەو کێشەیە پەرە دەستێنیٚ و بیانووی زیاتر دەداتە دەست تورکیە تا لە سووریە، عێراق و شوێنی دیکە دەستوەردا. تورکیە خوازیاری ئەو تێوەگلانەیە و هیچ شتێکی لەوە پیٚ خۆشتر نییە کە هێزی سەربازیی لە قەفقاز جێگیر بکا. ئێران و ڕووسیە لەوانەیە دژی ئەو کارە بوەستنەوە. ئەوە ئاشکرای دەکا کە دەسەڵاتدارانی ناوچە لە قەفقاز چەندە گرەوەکانیان لێک جیاوازن.




***

# شەڕی ڕەوانی



سەلاح ئیبراهیمی

شەڕی ڕەوانی وەک بەشێک لە تاکتیکی دوژمنەکان بەرامبەر یەک، شتێکی نوێ نییە و بە درێژایی مێژووی شەڕ و دوژمنکاری هەبووە. بەڵام لە دنیای ئەمڕۆی تێکنۆلۆژی و لەگەڵ دیاردەی بەجیهانی بووندا، شەڕی ڕەوانی بووەتە بەشێک لە دەستووری کاری ڕۆژانەی حکوومەتەکان کە بەرە بەرە خۆیانی لەگەڵ ڕێک دەخەن و بەرژەوەندییەکانیانی لەگەڵ دەگونجێنن.

لە ئێران شەڕی ڕەوانی وەک دەرس لە زانکۆ نیزامییەکان دەگوترێتەوە و بە دەیان کتێبی لەسەر نوسراوە. ساڵی ١٣٩٥ قەرارگای "بەقیەتوڵڵا" لەژێر سەرپەرستیی ڕاستەوخۆی سەرۆکی گشتی سپای پاسداران ڕێک خرا و ئەرکی تایبەتیی شەڕی نەرمی بۆ دیاری کرا، واتە بەرپەرچدانەوەی شەڕی ڕەوانی بەدژی کوماری ئیسلامی.

مێژووی شەڕی ڕەوانی بە شیوەی سازماندراو دەگەڕێتەوە بو شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی و بە تایبەت نازییەکان زۆریان بۆ ئامانجەکانی خۆیان کەڵک لێ وەرگرت، بەو ڕادەیەی کە ڕەگەزی ئاڵمانی باوەڕیان بەوە هێنابوو کە نەتەوەی باڵادەست و یەکەمن لە جیهاندا، دواتریش لە هەموو سەردەمی شەڕی سارددا بەردەام بووە و بەرە بەرە ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتنی بە خۆیەوە دیتوە.

لە دونیای ئێستادا ئەو جۆرە هێرش یا شەڕە بۆتە بەشێکی جیانەکراو لە تاکتیکی پێش و دوای شەڕی دەوڵەتان وەک ئەوەی لە شەڕی عێراق دیتمان، ئەمریکا بە دەرس وەرگرتن لە شەڕی ویتنام، بەر لە هێرش بۆ سەر عێراق شەڕێکی ڕەوانیی بەهێزی دەست پێ کرد، هەتا تەواو ورەی هێزەکانی عیراقی تێک شکاند و بە مەودایەکی کەم شەڕە نیزامییەکەی بردەوە.

هێنری کیسێنجێر لە نووسینێکدا دەڵێ کە شەڕی ئێمە لەگەڵ هێزە ویتنامییەکان بۆ لەنێو بردنی جەستەیی ئەوان بوو، بەڵام ئەوان شەڕی ڕەوانییان لەگەڵ ئێمە کرد و لە ئاستی جیهانیشدا شەڕی سیاسییان لەگەڵ کردین. پڕوپاگەندەی بەرەی ویتنام وای کرد کە لە کۆتاییدا بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئەمریکا داوای گەرانەوەی هێزەکانیان دەکرد و لە ڕاستیدا ئەمریکا لە ویتنامدا بە شەڕی ڕەوانی دۆڕا.

یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو شیوە شەڕە وەدەستهێنانی هاوسوزی و هاوکاریی لایەنە بێ تەرەفەکانە، چ وەک دەوڵەت و چ وەک خەڵکی ئاسایی. لە ئینگلیز کاتی خۆی بەشێکی خەڵک لەگەڵ بەشداریی وڵاتەکەیان لە شەڕ بە دژی ئالمان نەبوون، بەڵام بەشی پڕوپاگەندەی شەڕ بە پڕوپاگەندایەکی زۆر توانی هەموو خەڵکی ئینگلیز هاودەنگ بکا بە دژی هیتلێر.

حکوومەتی ئیرانیش لە هەموو ماوەی دەسەڵاتەکەیدا شەڕی ڕەوانیی بە دژی هەموو لایەکانی بەرامبەری خۆی بەکار هێناوە. بۆ وێنە کاتێک هێزەکانی ڕێژیم قارنێ و قەڵاتانیان کۆمەڵکوژ دەکرد، حکوومەتی ئیسلامی بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هێزە کوردییەکان پیاوکوژ و سەربڕن، بەمە لە هەموو ناوچەکانی ئێرانەوە هێزی بۆ شەڕ بە دژی کورد کۆ کردەوە و تەنانەت ئێستاش لە هەندێ شوێن و ناوچەی ئێران شوێنکاری ئەو بانگەشە و چەواشەکارییانە دەبیندرێ.

گرووپە جۆراوجۆر و دەوڵەتەکان لەو شەڕە بە دژی نەیارانی خۆیاندا ڕۆژانە بە شێوەی جۆراجۆر و لە ڕێگای ئینترنێت و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، کتێب، گۆڤار و فیلمی دیکومێنتاری و هەتا خوارترین ئاست کە دەگاتە دەنگوی کۆڵان و شەقامە بەردەوامن.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا داعش شەڕیکی ڕەوانیی گەورەی بە دژی هەموو وڵاتانی ئوورووپایی و ئەمریکا و کۆمەڵگەی جیهان وەڕێ خست و بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەنگوی ڕاست و درۆ و هەڕەشەی هێرشی جواروجۆر بووە هۆی دڵەڕاوکێی زۆری خەڵک و حکوومەتەکان، بە جۆریک کە لەو ماوەیەدا، زۆر جار فرۆکەخانە یا شوێنە گشتییەکانی زۆر لە وڵاتان بە هۆی هەڕەشەیەک یان دەنگۆیەک دادەخران و ئەمە وزەی بەشێک لە ئیدارە و بودجەی ڕۆژانەی ئەو وڵاتانەی بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکرد. بڵاو کردنەوەی فیلمی سەربڕینی دیلەکان لە لایەن داعشەوە زۆرتر بۆ شەڕی ڕەوانی و تێکشکاندنی ورەی هێزەکانی بەرامبەریان بەکار دەهات، بە جۆرێک کاتێک هێرشیان کردە سەر موسڵ و کەرکووک، هەموو هێزە عێراقییەکان لەبەریان هەڵاتن، تەنانەت هەموو چەک و چۆڵەکانیشیان بۆ داعش بەجێ هێشت.

داعش لە دوایین ڕۆژەکانی بەر لە گیرانی شاری موسل لە مانگی ئوکتۆبر فیلمی بڵاو دەکردەوە کە نێو شار هێمنە و ژیانی ئاسایی بەڕێوە دەچی و خەڵک خەریکی کڕینی کەلوپەلی ڕۆژانەن و ئەوەی وەک شەڕێکی دژکردەوە بۆ بەهێز ڕاگرتنی ورەی هێز و لایەنگرانی خۆی بەکار دێنا وەک چۆن لە دوا ڕۆژەکانی هەرەسهێنانی هێزە عێراقییەکان لە بەرامبەر ئەمریکادا، وەزیری فەرهەنگ و زانیاریی عێراق، محەممەد سەعید السەحاف لە شوێنیکی نێو شاری بەغدا ڕا فیلمی لێ بڵاو دەکراوە کە دەیگوت چ باس نییە و ئێمە سەرکەوتووین، هەتا بەغدا بە تەواوی گیرا و ئەویش خۆی ڕادەستی هیزە ئەمریکاییەکان کرد، واتە شەڕی ڕەوانی هەتا دوایین کاتەکانی ڕووخانی ڕێژیمە دیکتاتورییەکان بەردەوامە، وەک چۆن لە کاتی ڕووخانی ڕێژیمی عێراق و بەهاری عەرەبیدا دیتمان.

شەڕی ڕەوانی هەموو ئەو پیلان و تاکتیکانە دەگرێتەوە کە هەوڵ دەدەن ورە و باوەڕبەخۆ بوونی هێزەکانی لایەنی بەرامبەر تێک بشکێنن و خەڵک و هێزەکانی تووشی سەرلێشێواوی و دڵەڕاوکێ و بێباوەڕی بکەن و لە لایەکی دیکەوە هەوڵ دەدەن ورەی لایەنی خۆیی بەرز کەنەوە و لە هەمان کاتدا بە دانی هەر ئەو دەنگۆیانە بە ناوی خەبەری ڕاست ڕەخنە بکەنە نێو لایەنی بەرامبەر.

شەڕی ڕەوانی لە کردەوەدا خۆی لە گوشاری سیاسی لە ڕێگای دیپلۆماسی، گوشاری نیزامی، گوشاری کۆمەڵایەتی و کولتووری و گوشاری ئابووریدا دەبینێتەوە و دوژمن یا لایەنی بەرامبەر بە شێوەیەکی سازماندراو و بە کەڵک وەرگرتن لە هەمو توانا جۆراوجۆرەکانی هەوڵ دەدا زەختێکی بەردەام بخاتە سەر لایەنی بەرامبەر و لە کردەوەدا تیکڕای ئەو گوشارانە دەتوانن پێکەوە بن، یا یەک و دوو کاریان پێ بکرێ و تەواوکەری یەکتری بن.

ئەو لایەن و گرووپانەی شەڕی ڕەوانی وەک ئامراز بەکار دێنن لە هەموو ئەو بابەتانە کەم و زۆر کەڵک وەر دەگرن. بڵاوکردنەوەی دەنگو و زانیاریی هەڵە، وەدرۆ خستنەوەی ڕاستییەکان، فریودان، پەرەپێدانی بێهیوایی، ئاوەژوو کردنی هێز و تواناکانی خۆیی و دوژمن یان لایەنی بەرامبەر، گوشاری ڕەوانی لە بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و بە تایبەتی خاڵە لاوازەکانی نێو کۆمەڵگە، تێروری کەسایەتییەکان و هتد؛ هەموو ئەوانە بەکار دێنن بۆ پێکهێنانی بێهیوایی، ترس و دڵەڕاوکێ و نانەوەی ئاژاوە و بشێوی لە ڕیزەکانی لایەنی بەرامبەردا.

ڕێژیمی ئێران لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا بە شێوەی جۆراجور شەڕی ڕەوانیی بە دژی هێزەکوردییەکان کردوە وەک، دەنگۆی سیخوڕیی حیزبە کوردییەکان بۆ ڕێکخراوی هەواڵگریی ئەمریکا و وەرگرتنی پارە و چەک لە ئەمریکا و عەرەبستان، پەیوەندی لەگەڵ ئیسراییل، گوشار خستنە سەر بنەماڵە و ئەندامان و لایەنگرنی حیزب و تەنانەت گرتن و لێدان و ئەشکەنجەی ئەوان، ڕێگانەدان بە کەسوکاری ئەندامانی حیزب بۆ دامەزران و کار وەرگرتن لە شۆینە هەستیارە دەوڵەتییەکان، ناوزڕاندنی ئەندام و تێکۆشەرانی حیزب لە ڕێگای میدیا بە شێوەی جۆراجۆر، ناردنی سێخوڕ بۆ نێو ڕیزەکانی حیزب و لایەنە کوردییە دژبەرەکان بۆ نانەوەی ئاژاوە و بشێوی و زەبرلێدان لە پێشمەرگەکان لە دەرفەتی هەڵکەوتوودا، ناردنی بۆمب، تێرۆری ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شارەکانی کوردستان، بڵاو کردنەوەی دەنگۆیی جۆراجۆر کە ئەندامانی حیزبەکان لە بارودۆخێکی خەراپدا دەژین (یەک لەوان: نانی خواردنیان نییە)، بڵاوکردنەوەی دەنگۆی کۆکردنەوەی هێز لێرە و لەوێ بە شێوەیەک کە هێزەکانی پێشمەرگە هەموو کات لە ئامادەباشیدا بێ و شەکەت و ماندویان ماندوو ببن؛ هەمووی ئەو کارانە بەشێکن لەو جۆرە شەڕە کە، زۆرتر لەوەی باری نیزامییان هەبێ، باری ڕەوانییان هەیە و جۆریک نائەمنی لە نێو لایەنی بەرامبەردا دروست دەکا.

بۆ گەڵاڵەی شەڕی ڕەوانی بە شیوەی سیستماتیک و بەردەوام، لایەنەکان کەڵک لە مێژووناس، کۆمەڵناس و دەرونناس، کولتوورناس، پیاوە ئاینییەکان و هونەرمەندان و زانیاریی دەزگا هەواڵگەرییەکان وەر دەگرن، بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترین کاریگەرییان بۆ وێرانکردنی باوەڕەکانی لایەنی بەرامبەر هەبێ و لە هەمان کاتدا هەر ئەو هەوڵانەش بۆ بەهێز و پتەوکردنی هێزی کۆمەڵگەیی خۆیی بەکار دێنن، واتە بە پروپاگەندەی ڕەوانی لەنێو هێزە چەکدارەکانیان وایان لێ دەکەن تەنانەت چەک بە دژی خەڵکی ئاسایی خۆیان بەکار بێنن؛ وەک ئەوەی لەو ساڵانە لە ئێران و لە ڕەوتی سەرکوتی خۆپیشاندانەکاندا ڕوویان دا.

پانتایی شەڕی ڕەوانی لە دوو بەشی شەڕی ڕەوانی بە دژی کەسایەتییەکان و شەڕی ڕەوانی بە دژی گروپێک، دەوڵەتیک و یا کۆمەڵگەیەک خۆ دەنوێنێ. لە بەشی هێرش بۆ سەر کەسایەتییەکان ئەو بەشە مێژوییەکی دوورتری هەیە کە لە ئێستادا بە ناوی تێرۆری کەسایەتییەکان باسی لێوە دەکرێ کە ئەوە بۆ لێدانی ئەو کەسایەتییانەن کە لەنێو خەڵکدا خۆشەویستین و جێگای باوەڕ و هیوان بە تایبەتی لە بەشی سیاسی و نیزامیدا.




## ڕۆڵی میدیا

میدیا یەکێک لە سەرەکیترین ئامرازەکانی شەڕی ڕەوانییە کە بەکار دێ، بەڵام ئەوەی جیگای سەرنجە ئەو کاتەیە کە میدیاکانی خۆیی کە بە شێوەی زانستی کاری میدیایی فێر نەبوون و لە هەمان کاتدا لە شەڕی ڕەوانی شارەزا نین، بە ناوی میدیای ئازاد بە کردەوە دەبنە داردەستی نەیارانی خۆیان، ئەوە نیشان دەدا کە شەڕی ڕەوانی هەتا چ ڕادەیەک کاریگەری لەسەر سەرلێشێواندنی میدیای خۆییش هەیە.

بۆ ئەوەی دوژمن نەتوانێ لە شەڕی ڕەوانیدا سەرکەوتو بێ، بە شێوەی جۆراجۆر دەبێ ڕێگری لێ بکرێ، هەم بە میدیا و باس لەو بابەتە و هەم بە کردەوەی چاکسازی وەک، لەقاو دانی شەڕی ڕەوانی لە ڕێگای ڕوونکردنەوی جەماوەریی خەڵک، بە تایبەتی ئەو کەس و ڕێکخراو و گرووپانەی باوەڕیان بەو شەڕە ڕەوانییە کردوە و هەڵویستیان گرتوە؛ چاکسازیی بەکردەوە لەنێو هەموو کەرت و سێکتەرەکانی خۆییدا، وەک نەهیشتنی بێکاری، ئاسانکاریی ژیان، هەوڵدان بو هێمنایەتیی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، نەهێشتنی دووبەرەکیی سیاسی، ئایینی و نەتەوەیی لە نێوخۆدا بۆ ئەوەی دوژمن نەتوانێ بە کەڵک وەرگرتن لەو دوبەرەکییانە لە شەڕی ڕەوانیدا سەرکەوتوو بێ.

زۆر گرینگە کە هێزە کوردییەکان گروپیکی تایبەتیان هەبێ کە ڕۆژانە بەدوای ئەو بابەتانەدا بگەڕێن و بەردەوام بە کردەوە و بە دەنگ و ڕەنگی میدیاکانی خۆیی بەرهەڵستی ئەو بابەتانە ببنەوە. شەڕەکانی داهاتوو و ئەو شەڕە ساردەی ئێستا بە خشکە لەنێو چین و ئەمریکا و ڕووسیە دەستیان پێ کردوە، وەک شەڕەکانی ڕابردوو شەڕی دەستەویخەی نیزامی نابن و زۆرتر ڕوویان لە شەڕی ڕەوانی و زانیاری هەیە کە ئاسەوارەکانیان تەنیا بۆ خۆیان نابێ و هەمو وڵاتەکان لێی زیانبار دەبن.

## عومەر باڵەکی:
## بۆ قۆناغی ئێستای تێکۆشانمان پێویستە زیاتر گرینگیی بە تەشکیلات بدەین



عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوونی تەشکیلاتی لە حیزبی دێموکراتدا بە ئەساس و بنەڕەتی پێکهاتەی حیزب ناو برد و گرینگیدانی زیاتری حیزب بە تەشکیلاتی لە قۆناغی ئێستای خەباتدا بە زەرووری دەزانێ.

لە کۆنفڕانسی کۆمیتەی ئەندامانی حیزب نیشتەجێ لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٢ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی بەڕێوەچوو، بەڕێز عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وێڕای پێشکەشکردنی باسێکی سیاسیی پێوەندیدار بە بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران و کوردستان، لە سەر تەشکیلات لە حیزبی دێموکرات و گرینگیدان بە کاری تەشکیلاتی قسەی بۆ بەشداران کرد.

لە دەسپێکی ئەم کۆبوونەوەدا کە بە ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان بەڕێوە چوو، کاک عومەر باڵەکی بە نوێنەرایەتی لە دەفتەری سیاسیی حیزب لە کۆنفڕانسی ساڵانەی ئەندامانی حیزب لە شاری کۆیە باسی بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی ئێران و کوردستانی کرد. لەم پێوەندییەدا بەڕێزیان وێڕای ئاماژەدان بە کاریگەریی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئامریکا لە سەر ئێران و قوڵتر و بەرین بوونەوەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، لاوازیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران وەک ئالترناتیڤی ئەم ڕێژیمەی بە خاڵی لاوازی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵک زانی.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان قسەی کرد و وێڕای ئاماژەدان بە تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا، پەرژایە سەر گرینگیی ڕۆڵی ئەندامانی حیزب وەک تەشکیلات لە گەیاندنی پەیامەکانی حیزب بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. هەر لەم پێوەندییەدا بەڕێزیان گرینگیدان بە ئەندامانی حیزب و تەشکیلاتی بە پێویستییەکی ئێستای خەبات زانی.

لە بەشی تەشکیلاتیی کۆنفڕانسی ئەندامانی حیزب لە شاری کۆیەدا دوای پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی کۆمیتە لە لایەن بەرپرسی کۆمیتەوە، پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی نوێی ئەندامان کە ڕاستەوخۆ لە لایەن نوێنەری کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب و نوێنەری کۆمیسیۆنی تەشکیلاتەوە چاودێری دەکرا بەڕێوە چوو. بەم شێوەیە کۆنفڕانس سەرکەوتوانە کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا.

## ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاری لەسەر بڕیاری چۆڵکردنی زۆرەملێی چەند گوندێکی کوردستان

**خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!**
**ناوەندە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ!**

لە درێژەی سیاسەتی پاکتاو و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی، لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا لەلایەن شوڕای بەرزی ئەمنیەتی نەتەوەیی ڕێژیمەوە، دانیشتووانی شەش گوندی سەر سنوور (ئاشکانی خوارێ، کاگێ، هەرزنێ، تەهێت، گۆڕەشێر، نۆکان) لە ناوچەی سەردەشت ئاگادار کراونەتەوە کە بەهۆی ئەوەی گوندەکانیان کەوتوونەتە «ناوچەی سوور» دەبێ ئەو گوندانە چۆڵ بکەن.

بڕیاری دژە ئینسانیی چۆڵکردنی زۆرەملێی شەش گوندی ناوچەی سەردەشت بە بیانووی ئەمنیەتی، درێژەی هەمان سیاسەتی کۆماری ئیسلامییە کە لە سەرەتای هێرش بۆ سەر کوردستان بە بیانووی یارمەتیدانی پێشمەرگە، دەیان گوند لە لایەن هێزەکانی سوپای پاسداران خاپوور کران و خەڵکەکەی بە زۆر ڕاگوێزران، ئێستاش بە داتاشینی دەستەواژەی جۆراوجۆر وەک «ناوچەی سوور» و «ناوچەی زەرد» هەمان سیاسەت پەیڕەو دەکەن، کە ئەمەش بەپێی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ دەچێتە خانەی گۆڕین و تێکدانی دێمۆگرافیای ناوچەکە و کۆچی زۆرەملێ و تاوانی دژە مرۆیی. بۆیە دەکرێ لەسەر ئەم تاوانە و تاوانی لەم چەشنە لە دادگا نێودەوڵەتییەکان سکاڵا لە دژی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی تۆمار بکرێ.

ئەم بڕیارەی ڕژیم لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی لە قەیرانێکی سیاسی و ئابووریی سەختدا بەسەر دەبا. ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تا دێ لە ناوچەکە بەرتەسکتر دەبێتەوە و گوشارە نێودەوڵەتییەکان بەهۆی سەرەڕۆییەکانی ڕێژیم بۆ سەر ئێران زیادی کردوە، لە هەمان کاتدا گەلانی ئێران بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی لە خراپترین دۆخدا دەژین و هەژاریی و بێکاری و بێدەرەتانی تەنگی بەخەڵک هەڵچنیوە و لەهەموو ئیمکاناتێکی ڕیفاهی و خزمەتگوزاری بێبەش کراون. لەوەها بارودۆخێکدا کۆماری ئیسلامی هەرجارە و بە دروست کردنی ئاژاوەیەک هەوڵ بۆ بەلاڕێدا بردنی ڕای گشتیی خەڵکی ئێران و کوردستان دەدات.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەم بڕیارەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەتوندی مەحکووم دەکەین و داوا لەخەڵکی کوردستان و ناوەندە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ دەکەین، لەبەرانبەر ئەم تاوانکارییە بێدەنگ نەبن و بەهەموو شێوازێکی گونجاو سیاسەتە دژە مرۆییەکانی ڕژیمی ئێران لەقاو بدەن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٥ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی**

# لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی

## (پێویستیی پلاندانانی ستراتیژیک)



و: مەنسوور مروەتی

**هەر وەک لە ژمارەکانی پێشدا باس کرا و لە ژمارەکانی داهاتووشدا وەک زنجیرە باس بەرچاوتان دەکەوێ، لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی ناوی توێژینەوەیەکی "جین شارپ"، بیرمەندی ناوداری بواری خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژە. شارپ ساڵی ١٩٢٨ لە ئۆهایۆی ئامریکا لەدایک بووە، دوکتۆرای فەلسەفەی سیاسیی بووە و جیا لە مامۆستایەتی لە زانکۆکانی ئامریکا، بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر خەباتی ناتوندوتیژ سەردانی زۆر وڵاتی کردوە و تەنانەت زۆر جاریش بۆ پەروەردەکردنی خەڵک سەری لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو هەڵێناوە و لەوە گرینگتر لە چەند وڵاتێک خۆی گەیاندووەتە ریزی پێشەوەی نارِازییان و تێکەڵ بە خەڵکی ئازادیخوازی ئەو وڵاتانە بووە. کاکڵی ئیدەکانی جین شارپ ئەوەیە کە ''دیکتاتۆرەکان هێزی سەرەکیی خۆیان لە گوێڕایەڵی و ملکەچیی خەڵکەوە وەدەست دێنن، ئەگەر خەڵک ئاوا ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران نەبن دەتوانن دیکتاتۆرەکان بە چۆکدا بێنن یا دەنا مەجبوور بە ئاڵوگۆڕیان بکەن.''**

**لەم زنجیرە باسەدا باس لە بنەما فیکرییەکانی "جین شارپ" بۆ خەبات دژی دیکتاتۆری دەکرێ:**

زنجیرە خەباتی سیاسی بە دژی دیکتاتۆرەکان لەوانەیە بە شێوازی جۆراوجۆر دەست پێ بکەن. ئەم جۆرە خەباتانە لە ڕابردوودا بەبێ پلانی پێشوو و زیاتر بە هەڵکەوت ڕوویان دەدا. ئەو نارِەزایەتییانەی کە دەبوونە دەسپێکی ئەو خەباتانە چەندین جۆر بوون، بەڵام زیاتر بریتی بوون لە سەرکوت و درِندەییە تازەکان، دەسبەسەر کردن یا کوشتنی کەسێکی بەڕێز و خاوەن کەسایەتی، سیاسەت یا حوکمی نوێ بۆ سەرکوت، نەبوونی و کەمیی خوردوخۆراک، بێ ڕێزی کردن بە باوەڕە ئایینییەکان یان ساڵڕۆژی ڕووداوێکی گرینگ.

جاری وایە کردەوەیەکی تایبەت لە لایەن دیکتاتۆرەوە هێندە خەڵکەکەی تووڕە کردوە کە بەبێ هیچ ئیدەیەک لە سەر چۆنیەتیی کۆتایی هێنان بەو ڕاپەڕینە، هەستاون و دەستیان داوەتە ڕاپەڕین. لە هەندێ کاتی دیکەدا لەوانەیە کەسێکی ئازا و بوێر یا گرووپێکی چکۆلە دەست بەدەنە کارێک کە پشتیوانیی خەڵکی لێ بکەوێتەوە. جاری وایە نارِەزایەتییەکی تایبەت لە لایەن کەسانێکەوە بەڕێوە دەچێ کە لەوانەیە ئەوانیش ئەو ستەمەیان چەشتبێ و بەو شێوەیە ئەوانیش تێکەڵی خەباتەکە دەبن.

جاری وایە بانگەوازی خەبات لە لایەن گرووپێکی چکۆلە یا تەنانەت یەک کەسەوە، بە شێوەیەکی بەربڵاو و چاوەڕواننەکراو وڵام دەدرێتەوە. دەست بردن بۆ خەبات هەر لە خۆوە و بە بێ پلان هەندێ شتی چاکی هەیە بەڵام کێشە و کەموکوڕییشی هەیە.

هێزە خەباتکارەکان چاوەڕانیی درِندەیی و سەرکوتی بەردەوامی دیکتاتۆریان نەبوون، کەواتە ڕەنجی زۆریان داوە و خەباتەکەیان لێک هەڵوەشاوە. جاری وایە نەبوونی پلان لە لایەن دێموکراتەکانەوە بڕیارە گرینگەکان بە شانس و قەزاوقەدەر دەسپێرێ؛ لەم جۆرە کاتانەدا ئاکامەکان کارەساتبار بوون. تەنانەت کاتێک کە حکوومەتێکی ستەمگەریان بە چۆکدا هێناوە، نەبوونی پلان لە سەر چۆنیەتیی تێپەڕین بەرەو سیستمێکی دێموکراتیک، دیکتاتۆرییەکی تازەی لێ کەوتۆتەوە.

### پلاندانانی واقعبینانە

بێگومان لە داهاتوودا، سەرهەڵدانی بێ پلانی خەڵک، ڕۆڵێکی گرینگ لە ڕاپەڕین بە دژی دیکتاتۆردا دەگێڕن. بەڵام لە ڕۆژگاری ئەوڕۆدا ئەو ئیمکانە هەیە کە هەڵسەنگاندن بۆ کاریگەرترین شێوەکان بۆ ڕووخاندنی دیکتاتۆرەکان بکرێ و ئەو ئیمکانەش هەیە کە دۆخی سیاسی لێک بدرێتەوە و هەستی باشی نەتەوەیی و هەڵبژاردنی شێوەی دەستپێکی خەبات دیاری بکرێ. لەم دۆخەدا وردبینییەکی واقعبینانەی توانایی و بارودۆخی خەڵک پێویستە تا یارمەتیدەری هەڵبژاردنی باشترین شێوەی خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی بێ.

ئەگەر کەسێک حەزی لە ئەنجامدانی کارێکە، پێویستە کە ژیرانە بیر لە چۆنیەتیی ئەنجامدانی کارەکە بکاتەوە. ئامانجەکە هەرچی گرینگتر و ئاکامی هەڵەکە مەترسیدارتر بێ، پلاندانان گرینگتر دەبێ. بەرنامەڕێژیی ستراتیژیک، ڕێگا خۆش دەکا کە هەموو سەرچاوەکان بە باشترین شێوە کەڵکی لێ وەربگیردرێ. ڕاستیی ئەم بابەتە بە تایبەتی لە سەر ئەو بزووتنەوە دێموکراتیکانەی کە دەستکورتن و لایەنگرەکانیشیان مەترسییان لەسەرە، و دەیانهەوێ دیکتاتۆرێکی بەهێز برووخێنن، زیاتر دەردەکەوێ. چونکە لە بەرانبەردا دیکتاتۆرەکان زیاتر دەستیان بە سەرچاوە ماڵییەکان ڕادەگا و هێزێکی ڕێکخراویان لە بەردەستدایە و توانایی درِندەیی و سەرکوتیان زیاترە.

"پلاندانانی ستراتیژیک" لێرەدا بە مانای هەڵسەنگاندنی ڕەوتێکی کارییە کە ئەگەری دەرچوون لە دۆخی ئێستا بۆ دۆخێکی باش و دڵخواز لە داهاتوودا زیاد دەکا. لەم باسەی ئێمەدا، ئەمە یانی گەیشتن لە دیکتاتۆرییەوە بە سیستمێکی دێموکراتیک لە داهاتوودا.

بەرنامەڕێژی بە مەبەستی گەیشتن بەم ئامانجە، کۆمەڵێک عەمەلیاتی زنجیرەیی پۆلێنکراو و ڕێکخراو لە خۆ دەگرێ کە بۆ هێزبەخشین بە کۆمەڵگە و خەڵکی چەوساوە و لاوازکردنی دیکتاتۆر گەڵاڵە کراوە. سەرنج بدەن کە ئامانج تەنیا لەنێوبردنی دیکتاتۆریی ئێستا نییە، بەڵکوو گۆڕینەوەی لەگەڵ سیستمێکی دێموکراتیکە. ستراتیژیەکی گەورە کە ئامانجەکەی تەنیا بە لە ناوبردنی دیکتاتۆریی ئێستا کورت دەکاتەوە، ڕیسکێکی گەورە بۆ دروست بوونی دەسەڵاتێکی پاوانخوازی دیکە قەبووڵ دەکا.

### لەمپەرەکانی پلاندانان

هەندێ لە پارێزەرانی ئازدی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان، هەموو هەوڵی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی چۆنیەتیی وەدەستهێنانی ئازادی بەکار ناهێنن. ئەم پارێزەرانە زۆر بە کەمی ئاگایان لە گرینگیی بەرنامەڕێژیی ستراتیژیکی ورد، پێش لە ئەنجامدانی کارەکە، هەیە. بۆیە لە ئاکامدا هیچکات بەرنامەڕێژیی ستراتیژیک جێبەجێ ناکرێ.

بۆچی ئەو کەسانەی کە ئاواتیان وەدەستهێنانی ئازادی بۆ خەڵکەکەیانە، هێندە بەکەمی گەڵاڵەیەکی ستراتیژی هەمەلایەنە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ئامادە دەکەن؟ بەداخەوە زۆربەی ئەو کەسانەی لە گرووپە دێموکراتیکەکانی دژبەری دیکتاتۆرین، ئاگایان لە پێویستیی بەرنامەڕێژیی ستراتیژیک نییە، یان گرنگیی پێ نادەن یان بۆ بیرکردنەوەی ستراتیژیک پەروەردە نەکراون. ئەمە ئەرکێکی قورسە. چونکە بە هێرشە یەک لەدوا یەکەکانی دیکتاتۆری و بەرپرسایەتییە وەختگیرەکانی، ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن ئەمنیەت و دەرفەتیان بۆ پەرەپێدانی شارەزایی و بیری ستراتیژیکی خۆیان نییە.

لە بەرانبەردا وڵامدانەوە بە جموجۆڵە سەرەتاییەکانی دیکتاتۆر، نموونەیەکی هەمیشەییە و کاری پێ دەکرێ. لەم بارودۆخەدا هێزەکانی دژبەری دەسەڵات هەمیشە لە دۆخی بەرگریدان، یانی بۆ پاراستنی ئازادییە بەرتەسکەکان یان هەڵوێستەکانی خۆیان تێ دەکۆشن و لە باشترین حاڵەتدا پەرەسەندنی چاوەدێریی دیکتاتۆر خاو دەکەنەوە یان بۆ سیاسەتە نوێیەکانی ڕێژیم، کێشەی تایبەت دەنێنەوە.

بێگومان هەندێ کەس و گرووپ پێیان وایە پێویستییان بە بەرنامەدانانی درێژخایەن و بەربڵاو بۆ بزووتنەوە ئازادیخوازانەکان نییە. ئەوان وادیارە ڕوانگەیەکی هەڵنەسەنگێنراویان هەبێ لەسەر ئەوەی کە ئەگەر بەهێز و خۆڕاگر و بەردەوام باوەڕیان بە ئامانجەکانیان هەبێ، باوەڕەکانیان بە جۆرێک لە جۆرەکان دێتە دی. هەندێ کەسی دیکە پێیان وایە ئەگەر سادەدە بژین و لە بەرانبەر گیروگرفتەکاندا بەپێی پرنسیپ و ئارمانەکانیان هەڵسوکەوت بکەن، هەموو ئەوەی کە توانیویانە بۆ وەدیهێنانی، کردوویانە. پشتیوانی لە ئامانجە مرۆییەکان و وەفاداری بە ئیدەئالەکان شیاوی سپاس کردنە، بەڵام بەڕاشکاوی بۆ کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆری و وەدەستهێنانی ئازادی بەس نییە.

دژبەرانی دیکەی دیکتاتۆری لەوانەیە بێ ئەزموونانە وابیر بکەنەوە کە، ئەگەر بەڕاددەی پێویست کەڵک لە توندوتیژی وەربگرن، ئازادی وەدی دێ، بەڵام هەروا کە پێشتر باس کرا، توندوتیژی گەرەنتیی سەرکەوتن ناکا. توندوتیژی، لە جیاتی وەدیهێنانی ئازادی دەکرێ ببێتە شکست، کارەساتێکی گەورە یان هەردووکی. لە زۆربەی کاتەکاندا دیکتاتۆری بە باشترین شێوە بۆ توندوتیژی نواندن خۆی تەیار کردوە و ڕاستیەکانی کاری سەربازی ئەگەریش توانیبێتیان، زۆر بە کەمی یارمەتیدەری دێموکراتەکان بوونە.

هەندێ چالاکییش هەیە بناغەی کارەکانیان لە سەر ئەوەی کە "هەست دەکەن" کە دەبێ بیکەن، دادەنێن. ئەم شێوازانە جگە لە خۆبەزل زانین و خۆکردنە تەوەری چالاکییەکان، هیچ ڕێنوێنییەک بۆ گەشەی ستراتیژییەکی گەورە بۆ وەدەستهێنانی ئازادی ناخەنە ڕوو.

ئەو کارانەش کە لە بیرۆکەی باشی تاکە کەسێکەوە سەرچاوەی گرتبێ زۆر کەمن. لە جیاتی ئەمانە ئەوەی کە پێویستە ئەو کارانەیە کە بەپێی هەڵسەنگاندنی وردی «هەنگاوەکانی دوایی» بۆ ڕووخانی دیکتاتۆری لە بەرچاو گیراون.

بەبێ لێکدانەوە و شیکردنەوەی ستراتیژیک، ڕێبەرانی شۆڕش لە زۆربەی کاتەکان نازانن کە هەنگاوی دوایی دەبێ چی بێ، چونکە بیریان لە هەنگاوە یەک لەوا یەکەکان کە بۆ سەرکەوتن پێویستن، نەکردۆتەوە. فکر و بیرۆکەی باش زۆر گرینگن بەڵام بەکەڵک بوونیان بەستراوەتەوە بە باشتر کردنی بارودۆخی دێموکراتەکان.

بە لەبەرچاو گرتنی ڕێکاری زۆر کە دەکرێ بەدژی دیکتاتۆر کەڵکی لێ وەربگیرێ و سەرلێشێوان لەوەی کە بەکام شێواز دەست پێ بکرێ، هەندێ کەس دەڵێن «هەموو کارەکان پێکەوە بکە». ئەم ڕێگایە ڕەنگە باش بێ بەڵام بە کردەوە ناکرێ، بەتایبەت بۆ بزووتنەوە لاوازەکان. جگە لەوە ئەم شێوازە هیچ ڕێنوێنییەک لە سەر ئەوەی کە لە کوێوە دەبێ دەست پێ بکرێ و هەوڵەکان لە کوێ چڕ بکرێنەوە و چۆن لە سەرچاوەکان کەڵک وەربگیرێ، ناخاتە ڕوو.

هەندێ کەس و گرووپ لەوانەیە هەست بە پێویستیی کەمێک بەرنامەدانان بکەن بەڵام تەنیا هەرئەوەندە کە توانایی بیرکردنەوەی کورتخایەن یا تاکتیکییان هەبێ. ئەم کەسانە بیر لەوە ناکەنەوە کە پێویستیان بە پلان دانانی درێژخایەنە. ئەم کەسانە زۆر جار توانایی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی پێوەندیە ستراتیژیەکانیان نییە کە ئەمە خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەمیشە بە هەندێ شتی لاوەکییەوە خەریک بن، و لە زۆربەی کاتەکان شۆڕشگێڕەکان لە جیاتی ئەوەی کە شێوازی کارەکان لە دەستی واندا بێ، تەنیا لە بەرانبەر کارەکانی لایەنی بەرانبەردا دژکردەوە نیشان بدەن. کەواتە ڕێبەران بە تەرخان کردنی زۆربەی وزە و هێزی خۆیان بۆ کورتخایەن، ناتوانن بیر لە ڕێگایەک بکەنەوە کە کە هەموو هەوڵەکان لە ڕێگای سەرکەوتندا ڕێک بخا.

ئەگەری ئەوەش هەیە کە هەندێ لە بزووتنەوە دێموکراتیکەکان هیچ پلانێکی ستراتیژیی هەمەلایەنەیان بۆ ڕووخانی دیکتاتۆری نەبێ و تەنیا بە هەندێ بیرۆکەی بەڕواڵەت دروست، تەنیا کار لە سەر هەندێ شتی کاتی بکەنەوە. ئەمانە لەوباوەڕەدا نین کە دەکرێ بە هەوڵ و تەقەللای خۆیان دیکتاتۆری لە بەین بەرن. هەر بۆیە پێیان وایە بەرنامەدانان لە سەر چۆنیەتیی گەیشتن بەم ئامانجە تەنیا کات کوشتنێکی ڕۆمانتیک و هەوڵێکی بێ سوودە.

خەڵکانێک کە بۆ وەدەست هێنانی ئازادی بە دژی دیکتاتۆرێک کە درِندەیی بەشێکی جیانەکراوەی دەسەڵاتەکەیەتی، زۆر جار ڕووبەڕووی هێزێکی وەها درِندەی سەربازی و پۆلیسی دەبنەوە کە دەگەنە ئەو باوەڕە کە دیکتاتۆری هەرچییەک کە بیهەوێ دەتوانێ بیکا. بەهەرحاڵ ئەم خەڵک بەبێ هیوایەکی ڕاستەقینە، بە جوامێری یا بە هۆکارێکی مێژوویی خەباتی خۆیان بە دژی دیکتاتۆر درێژە پێ دەدەن، بەڵام هەرگیز قەبووڵ ناکەن و یا ڕەنگە هەرگیز نەیانهەوێ کە بیزانن هەوڵەکانیان هیچ هیوایەکی تێدا نییە. کەوابوو بۆ ئەو کەسانە بەرنامەی ستراتیژیکی هەمەلایەنە هیچ مانایەکی نییە.

ئاکامی ئەم سەرنەکەوتنانە لە پلاندانانی ستراتیژیک زۆر جیددیە؛ هێزی تاک لە بەین دەچێ، هەوڵەکانی تاک کاریگەریی نابێ، وزە و هێزەکان لە سەر بابەتە چووکەکان لە بەین دەچێ، فیداکارییەکان بێ بایەخ دەبن. ئەگەر دێموکراتەکان پلانی ستراتیژیکیان نەبێ لەوانەیە نەگەنە ئامانجەکانیان.

پلانی لاواز و سپاردنی بزووتنەوەکە بە هەڵکەوت و قەزاوقەدەر، بزووتنەوەکە بۆ پێشەوە نابا و تەنانەت دەبێتە هۆی کۆنترۆڵ و هێزی زیاتری دیکتاتۆر.

بەداخەوە، چونکە پلانە ستراتیژیکە هەمەلایەنەکان کەمتر کەڵکیان لێ وەرگیراوە، دیکتاتۆرەکان زیاتر لە هێزی ڕاستەقینەی خۆیان، بەهێز دیارن. ئەوان ساڵەهای ساڵ و چەندین دەیە زیاتر لەوەی کە دەبێ بژین، تەمەن دەکەن.

## هەڵکەی شاخ و شۆڕش



### وانە لەبیر نەکراوەکانی محەممەد شیرێژ



برایم چووکەڵی

چەند ڕۆژێک لە مانگی پووشپە تێپەڕیبوو، هەوایەکی خۆش و فێنک هەموو ناوچەی پیرانشاری داگرتبوو، سریوە لە هیچ بوونەوەرێک نەدەهات، خەڵک کە ئێوارێ لە مووچە و مەزرا گەڕابوونەوە و لە خەوێکی خۆشدا بوون، ئەوەندە ماندوو بوون پێیان خۆش نەبوو لەو خەوە خۆش ڕاستیان بکەنەوە، شوان مەڕی شێو دابوو جار جار دەنگی شمشاڵەکەی دەهات، تاقولۆقەش خەڵک بەخەبەر بوون دەتگوت هەستیان کردوە کە هەواڵیکی ناخۆش دەبیستن، لەپڕ ئاوری چەکی هێزی پێشمەرگە لە شاخی «گوزەشکێن» بە سەر هێزی داگیرکەر داباری و خەڵکی ناوچەی هەموو لەخەوی خۆش ڕاپەراند. بەڵام دڵخۆش بوون چونکی دەیانزانی ئەوە کوڕەکانی دێموکراتن هێزی کۆنەپەرەستی ئاورباران دەکەن. پاشماوەیەک دەنگی تەقە کەم بوو، و وردە وردە شەڕ کۆتایی هات. بەرەبەرە سیوادی بەیانی دەرکەوت، ئەو ڕۆژە لە هەموو ڕۆژێک زووتر خەڵک ڕووی لەمووچە و مەزرا کرد، زۆری نەکێشا هەواڵی شەهیدبوونی محەممەد شیرێژ دووهەمین شەهیدی بنەماڵە بە نێو خەڵکدا بڵاو بووە.

محەممەد پادامی ناسراو بە «محەممەد شیرێژ » لە کاتێکدا ناوچە و ئێران و کوردستان ڕوو بە دێموکراسی وئازادی هەنگاوی دەنا و بەرەبەرە دیکتاتۆری لە گۆڕ دەنرا، منداڵێکی خوێن شیرین لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە ئاوایی «جەڕان» لە مەڵبەندی مەکۆی قارەمانان لە ناوچەی پیرانی پیرانشار چاوی بەدنیای ڕوون کردەوە. کاتێک کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا ئەو تەمەنی ٤ ساڵە بوو. لەنێو بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و کوردپەروەر وردە وردە گەورە بوو، ئەویش وەک زۆربەی منداڵە هاوتەمەنەکانی خۆی بۆ ماوەیەک هەوای ئازادی کۆماری کوردستانی هەڵمژی. هەلومەرجی ئەو کاتی ژیان بە هۆکاری جۆراوجۆر نەیتوانی بچێتە قوتابخانە و ژیانی منداڵی محەممەد جیا لە ژیانی منداڵانی نازلێشێواوی ئەو سەردەمە نەبووە. دەرگای خوێندنگا بەسەریدا نەکرایەوە و لە عیلم و زانست بێبەش کرا. دەستی بە کار و کاسبی کرد تا بتوانێ ژیانێکی باشتر بۆ بنەماڵەکەی دابین بکا.

محەممەد برا چووکەی «مراد شیرێژ» بوو کە لە خەباتی پڕ شکۆی ساڵەکانی ٤٦_٤٧دا پێشمەرگە و شەهید ببوو. محەممەد لە کوورەی ژیانێکی سەخت و دژواردا قاڵ ببوو، هەربۆیە بە ئێسک و پێستەوە هەستی بە چەوساندنەوە و بێبەشی دەکرد. چ لە قۆناغی خزمەتی ئیجباریدا و چ لە دەورانی ژیانی ڕۆژانەیدا کە بە چاوی خۆی ئاکار و کردەوەی جینایەتکارانەی کاربەدەستانی دوو ڕێژیمی پاشایەتی وکۆماری ئیسلامی دەدی، ڕق و قینێکی پیرۆز لە دەروونی‌دا پەنگی دەخواردەوە و بەرەو سەنگەری خەبات هانی دەدا، بەتایبەت کاتێ کە هەواڵی شەهیدبوونی مرادی برای بیست ئەوەندەی دیکە هەستی کوردانە لە ناخیدا ڕەگی چەقاند.

دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٣٥٧ محەممەدشیرێژ یەکێک لەو کەسانە بوو کە زوڵم و زۆریی ڕێژیمی پێ قەبووڵ نەکرا و چەکی برا شەهیدەکەی هەڵگرت و لە هێزی «ئاوارە»دا دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد. محەممەد هەر زوو نیشانی دا کە پێشمەرگەیەکی ئازا و قارەمانە و لە پێناو ئامانجەکانی حیزب و گەلەکەیدا ئامادیە گیانی ببەخشێ و، لە چەندین عەمەلیات دژی هێزەکانی ڕێژیمدا ورەی بەرز و ئازایەتیی خۆی نواند. ئازایەتیی ئەو بوو بەهۆی ئەوە کە وەک سەرپەل دیاری بکرێ و دواتریش بەرپرسایەتیی دەستەی وەستۆ گرت.

محەممەد شیرێژ وەک مرادی برای بە هەموو وجوودیەوە حیزبی خۆش دەویست و باوەڕی پێی هەبوو. ئیمان بە ڕێبازەکەی وای لێ‌کردبوو چاوی لەگوللە نەترسێ و هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی خۆڕاگری دابێ. ئەو بۆ ئەو بەرپرسایەتییەی پێی سپێردرابوو بە ئەزموونێکی پتری نیزامیی و سیاسییەوە وەک فەرماندەیەکی لێزان و لێهاتوو و هەڵسووڕ دەستی بەکار کرد. لەبەر وریایی و هەڵسووڕ بوون و خەڵکی بوون و سەرلە پێناو بوونی بۆ ئامانجەکانی گەلەکەی وەک جێگری لک و دواتر وەک فەرماندەری لک دیاری کرا و زۆر بە ڕێکوپێکی ئەم ئەرکەشی بەڕێوە دەبرد و، لە شەڕەکانی چیانە، گردە سوور، گردی عەرەبان، گەپڵەسەن، لاوێن، دەشتی پیرانانددا قارەمانەتی نواند.

شەهید محەممەد شیرێژ بە حەق هەموو توانا و لیاقەتی خۆی لە خزمەت بە حیزب و خەڵکدا خستە کار. ناوبراو لە چەند ساڵ پێشمەرگاتیدا دەیان عەمەلیاتی گەورە و چووکەی فەرماندەیی کرد. ئەو تەنیا فەرماندیەکی نیزامی نەبوو بەڵکوو کادرێکی بە مەعنای واقعی سیاسی بوو، لە نێو خەڵک خۆشەویست وکاتێک لەهەر گوندێک و شوێنێک کۆبوونەوەی گرتبایە خەڵک پێشوازیی لێ دەکرد. ئەو خاوەنی خوو ڕەوشتی شۆڕشگێڕانە بوو، لە کورەی ژیانی سەخت و دژواردا، و لە مەیدانی شەڕ و بەربەرەکانیدا قاڵ ببوو، و خارابوو. ئەو چقڵی چاوی دوژمن بوو، و ناوەکەی ترس و دڵەخورپەی دەخستە دڵی دوژمنەوە، بەڵام مخابن زۆر نەژیا تا زیاتر خزمەت بە نیشتمان بکا.

شەوی ٦ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٢ بە پێی بەرنامەیەکی دیاریکراو هێرشیان کردە سەر پایەگای دوژمن لە «گۆزەشکێن» لە پشتی بەردەشان، بە گرمەی ئارپیجی وقرمەی چەکەکانیان خەویان لەدوژمن زڕاند و دایانە بەر ئاوری چەکەکانیان، لەو شەڕەدا بوو کە بەداخەوە سینگی پڕ لە ئاواتی محەممەد شیرێژ بە گوللەی دوژمن پێکرا و خوێنی تێکەڵ بە خوێنی دوو هاوسەنگەری دیکە (مەحموود تاجکنیا و خالید علیپوور) بوو.

محەممەد شیرێژ شەهید بوو بەڵام ناوی، ئازایەتی، وتەکانی، دەرسەکانی، بۆ هەمیشە بوونە مایەی گوڕوتین بەخشین بە کاروانی خەباتی حیزب و خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، ژیان و خەباتی بووە سەر مەشقی ژیان و خەباتی قوتابییەکانی و ڕۆڵەکانی گەڵ و تێکۆشەرانی دێموکرات.

# ئارام گرتن لای "کوڕەکان"



ناسر سادقی

هێندی دووری ڕێگاکە بیری لەو هەموو جیاوازی و نابەرابەری و زوڵمانە کردبۆوە، ئەخە بۆ؟ بۆ دەبێ میراتی باب و باپیرانیشمان هەر وابێ؟ هەتا دەسەڵاتی شای گۆربەگۆر و بابی بوو ئەوە بوو کە دیتمان و بیستمان و ڕابرد، ئەو دەسەڵاتە نەگریسەی ئێستاش کە هەیە شەرحی لە هیچ قاموس و کتێبێکدا جێی نابێتەوە و دورە وڵاتی، گەرمای تاقەت پرووکێن، جیاوازیی زمان و کولتوور، ژینگە و تەنانەت هەست و ئیحساس و ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکانیش... بەردەوام بەدەم کارکردن و قوڕ درهێنان و خشت برین وخۆڵ دابێژان و هەموو وردەکارییەکانی دیکەوە هەر ورینگەی دەهات و وەک سوقڕات لە ژێر لێو و لەبەر خۆیەوە بەردەوام ورتە ورتی بوو.

لە قوڵایی پرس و پرسیارەکانی ڕۆ دەچوو. یان بۆ ماوەیەکی زۆر لە شوێنێکی زۆر دوور ڕا دەما و نەیدەزانی نهێنیی دڵی لەگەڵ کێ باس بکا. کێ هەیە گوێی بۆ ڕاگرێ. نا کەڵکی نییە و خۆێ ماندوو دەکا. لێگەڕێ با هەر ورینگە و ورتەی بێ و چەندی پێ خۆشە ئەسپی خەیاڵی تاودا، خۆ لە سەرابی خەونەکانی بڕوانی زۆر کەس لەو ڕێگایە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە گەراون و سەریان لەسەر داناوە و هێندێکیان هەتا ئێستاش بێ وەڵام ماوەن.

بەدەنگی بابی کە لەو سەری مەیدانەکە کاری دەکرد وەخۆ هاتەوە: "ئاوم لەو پاستاوە گرتوە، هەتا نوێژەکەم دەکەم چاوێکت بە سەریەوە بێ. پڕ بوو بیگرەوە، نەیبرێ هەموو فەنەرەکان و خشتەکان وێران دەکا!"

_ بەسەرچاو خەمت نەبێ.

زیاتر لە جاران خۆی ماندوو دەکرد بۆوەی لە هاوماڵەکانی دیکە دوا نەکەوێ. ئەو ساڵە قالبەکانیان گەورەتر کردبۆوە بۆوەی بازاڕ و ڕمێنی کەرپوچی خاوەنکار زیاتر بێ، بەڵام چار چییە بەشی تۆ هەر ماندوویەتییە، قەدیمیش گوتوویانە دەستی ماندوو لە سەر زگی تێرە و گۆشتی ڕانت بخۆ و منەتی نامەردان هەڵمەگرە!

ڕۆژ دەهات و دەچوو. ئەو ماڵانەی لە کورەخانەکانی نزیک ئەوان کاریان دەکرد زۆیان ناسیاوی یەک و هێندێکیان بۆرە خزیمیش بوون. زۆربەیان لە بۆکانەوە هاتبوونە ئەوێ. دوو حەوتوویەک بوو نامەی بەدەست نەدەگەیشت. چاوەڕوان بوو. ئای چاوەڕوانی هەی مەرگت بە قوربان بێ چەندە ناخۆشی. خەمی یار و دوورە وڵاتی، گەرما و بیری نایەکسانی و ناعەداڵەتی. هەتا دەهات زەین و ڕوحی لێڵتر و ئاڵۆزتر دەکرد.

بۆ دەبێ هەر قەدەری کورد وابێ؟ تۆ بڵێی ئەوە ویستی گەردوون بێ وا مێژووی ئێمە هەر لە دێر زەمانەوە بەدەست دابەشکاری سەفەوی و عوسمانییەکانەوە بە ناوی ئایین و ئیدۆلۆژیی فاشیستەکانەوە هەر قەتڵوعام و دەربەدەر و کوتکوت کراوین؟ یا ناتەبایی و ناوشیاریی خۆمانە! ئای بەختی ڕەش ئەوە لە جوگرافیا و ئەوە لە ئایین و ئەوش لە ناوشیاری ڕووناکبیری و بێ سەنعەتی وا کوڵەی کوتاوین.

کەم وابوو لە ڕۆژانی پشوودا لەگەڵ کەس بچێتە شار و سەردانی بنەماڵەکانی دیکە لە کوورەخانەکانی نزیکیان بکا. ئەوندەی بەتەنیا بوایە خۆی بە خوێندنەوەی شێعر و کتێبەوە سەرقاڵ دەکرد. بەیانیی ڕۆژی هەینی بوو، نامەیەکیان بۆ هێنا: "ها! ئەو نامەیە بۆ تۆیە."

پشوویەکی هاتەوە بەر، بزەیەکی هاتێ. نامەی پڕ لە ئەوینی یار بوو. ئەو ڕۆژە زیاتر لە چەند جار سەر لەبەری نامەکەی خوێندە. نامەکە حەوتووی ڕابردوو گەیشتبوو، بە تاریخەکەیدا دیاربوو، بەڵام کەس نامەکەی بۆ نەهێنابوو، گوایە لەبیریان چووبوو.

دڵخۆشییەکەی زۆری نەخایاند. ئای چ ڕۆژێکی ڕەش و شووم بوو. چۆن ژانت چزاندە جەرگمانەوە، خۆزگە هەرگیز ئەو ئێوارە ڕەشە بە سەردا نەهاتبایە، ڕۆژ ئاوا نەبوایە و زەمان و سووڕی گەردوون وستابایە. دنیا کاول و ئاخر زەمان و بوومەلەرزە عەرش و قورشی ژێر و ژوور و کاول کردبایە.

بابی کە هەمیشە ئارام و لەسەرەخۆ بوو ئەو ئێوارەیەش ئارامتر لە ڕۆژان. ناهیدیش مات بوو. دەر و جیرانیش ڕەنگ و ڕووی ڕۆژانیان نەبوو. بەڵام ئەو لە گڕی عەشقی و هەواڵی خۆشی گراوەکەی و نامە پڕ لە سۆزەکەی زۆر سەرنجی دەوروبەری نەدا، یانی لە بەیانییەوە هەتا ئێوارێ خۆی لە قەرەی کەس نەدابوو. وختی شێودانان دنیا کش و مات بوو. هەموو ڕۆژێ بابی دەنگوباسی بی بی سی و ئیسرائیل و دەنگی ڕادیۆ کوردستانی بەفیرۆ نەدەدا. تازە دەستیان بۆ نان بردبوو، بابی چاوێکی زۆر مانادار و ئارامی لە چاوی کرد، بەڵام هیچی نەدرکاند.

زۆری پێ سەیر بوو. تۆ بڵێی بابم بە نێوەرۆکی نامەکەی زانیبێ؟! شەرمی کرد و سەری داخست، لە ناکاو ناهید بێ ئەوەی زۆر لە ئاکام و مەبەستی قسەکەی تێ بگا و قورسایی و گرانیی کارەساتەکەی لە درێژخایەندا بۆ ڕوون بێتەوە گوتی: دەڵێن قاسملوویان شەهید کردوە، پاسدار شەهیدان کردوە.

نازام چۆن بوو دڵی لە وەستان نەکەوت. پێی خۆش بوو مردبا و گوێی لەو قسەیە نەبایە. ڕووی کردە ناهیدی خوشکی و زۆر بەتوندی بەگژی داهات:

– بێدەنگ بە کەس نازانێ دەڵێی چی؟ هیچ نازانی بۆ قسە دەکەی؟

ناهید زۆر تێک چوو، شڵەژا. فرمیسک بە چاوەکانیدا هاتنە خوارێ. نەی دەزانی بۆ خۆی بگرێ یان بۆ دڵی برینداری براکەی کە ئەوندە بەو هەواڵە تێک چوو.

دەبوو. بە ئاسپایی پێچی ڕادیۆکەی ترازاند و موسیقایەکی حەزین و ئاگرین وەک گەرمەشین ئەوندەی دیکە گڕکانی هەناوی بەتین کرد. دەنگی شێربەگی بوو. وشک و بێ سۆز! زۆر خەماوی، ئەو شێربەگییەی گوڕەی دەنگی، دوژمنی وەلەرزە دەخست، ئەوڕۆ ڕۆڕۆیەتی و شین دەگێڕێ. شمشاڵەکەی قالە مەڕەش خەماوییە، هەتا تەشقی ئاسمان هەر شین دەگێڕێ...

"شەهید نەمرە وەکوو شاخ، وەکوو بەفر، وەکوو دەرەخت... شەهید ئاوە تینوێتی زەوی دەشکێنێ... شەهید باڵای بە قەد باڵای کوردستانە". هەی ڕۆ هەی ڕۆ قەت کەسمان نەما لەبانگی دا. بوو بە سەردەستە شینگێڕی و ئەوانەی لە دەوری هالابوون، ژن و پیاو فرمێسکیان دەباراند و ڕۆژی ڕەش کە دەڵێن ئەو ڕۆژە بوو.

هەموویان دڵخۆشییان دەداوە، دستێک قورسایی خستە سەر شانی، کەسێک بە کوڵی گریانەوە گوتی:" من برای شەهید سەعدوون بارزانم، منیش دڵ بریندارم".

جەرگم سەد جار کولاوە، دەستی دە ئەستۆی کرد. بابی گوتی لێی گەرێن دەزانم بە چی ئەهۆەن دەبێتەوە، بۆ خۆم دەیناسم، کوڕی خۆمە، لە خوێنی خۆمە و هەر چی بکات لۆمەی ناکەم. ئاخر هێندی زوڵم و زۆر و ناحەقی دیوە دەزانێ کێمان لەدەست چووە. دەڵێن گیان لە جێیەکی زۆر سەختە دەنا هەر ئەودەمی گیانی دەردەچوو...



بابی بێدەنگیی شکاند، ئاخە هەر سەر لە ئێوارێ هەمووان هەواڵە شووم و تراژیدییەکەیان بیستبوو بەڵام هەستیان بەوە کردبوو ئەگەر ئەو بزانێ زۆر دەشێوێ، بۆیە بێ دەنگیان لێ کردبوو. بابی گوتبووی جاڕی هەواڵەکە بڵاو مەکەنەوە بەشکم خودا بکا هەواڵەکە وەڕاست نەگەرێ، بەڵام مخابن...

وشک و شڵەژاو... چاوێکی لە ڕوخساری بابی کرد... وردە فرمێسک لەسەر ڕوومەتەکانی بە سەر ڕیشە ماش و برنجییەکەی خوشین... ئاهێکی قوڵی هەڵ کێشا و گوتی: "سەبرت هەبێ، ئیشەڵا ڕاست نییە.

کوڕەی لەجۆشی هەناوی دەسووتا و هەڵدەقرچا... گوێی لە قرچەی پشت و بۆنی سووتمانی جەرگی سوتاوی هەموو دایکی شەهیدانی کوردستانە، ئاخر ئەم ڕووداوە پڕ لە ژانە وەک هیچ کام لە کارەساتەکانی مێژوومان نییە، ئەمەیان لە ناسۆری کوشتاری دێرسیم و لەداردانی شێخانی نەهری و پێشەوا و هاوالانی لە چوارچرا و شۆڕە سوارەکانی فەیزوڵابەگی و کارەساتی قارنێ و قەڵاتان، قەرەگۆل، کورەخانەکانی بەیاوا و سنەی خوێناوی و هەڵەبجە و ئەنفالی ڕەش و خیانەتی قەڵای دمدم و هەموو ئەوانە بە سامتر و کاریگەرتر و جەرگبڕترە.

دە لێگەڕێن، دەلێگەڕێن با سەر هەڵگرم، سەر هەڵگرم بۆ لای چی وڵات و ڕێکخراوە نامرۆڤەکان و نەتەوە بێ کەرامەتەکان و پارێزەرە بێویژدانەکان و چی کەنیسەی دنیا و پاپی ڕووزەردی کاتۆلیک و ئوسقۆفی گەورەی پروتستان و ئایینە لێڵ تەماوییەکان... دە لێگەڕێن با قوڕ خست بێ و بۆ سەری شەرمەزاری بێ.


ناهید هەنیسکی دەدا پەشیمان بۆوە وای گوت. بابیان هەستی بە قووڵایی برک و ژانی دەکرد. ئەخە بۆخۆیشی کۆشکی هەموو هیواکانی لەسەر قاسملووی بیروباوەڕی هەڵچنیبوو .

نانەکەی بەجێ هێشت، خۆی گەیاندە ماڵی هاوسێکەیان زۆر ئاڵۆز و شێواو بوو. بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ ڕادیۆکەیان لەبەر دەستی دانا. دەستی دەلەرزی و گوێی لە ترپەی دڵی خۆی

موسیقاکە لە هەموو ڕۆژان دوور و درێژتربوو. تەواو بوونی نەبوو، وەک خەمی ئێمە، بە ئەسپایی دەنگێکی گڕ و خەمناک... هەواڵەکەی پشت ڕاست کردەوە: "زۆر بەداخەوە دوکتور قاسملوو لەگەڵ دوو لە هاوڕێکانی کە بۆ کاربارى دیپلۆماسی و سیاسی لە وڵاتی ئوتریش بوون، بەدەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوون".

"چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی پڕ هەستی من؟ چۆن لە ئەژنۆ ببنەوە دوو دەستی من؟" هەرچی دەکرد نە ئەژنۆی لەدوو دەهات نەلەسەر پێ ڕادەوستا. دەستی نەدەچووە کار. ئەو ساڵە هەر ئەو و ناهیدی خوشکی و بابی چووبوونە کورەخانە. چەند ڕۆژێکی پێ چوو، زۆر کەم کەسی دەدواند. بێدەنگی باڵی بەسەر کار و ژیانیدا کێشابوو. بڕیاری کۆتایی دابوو، بەڵام کات و ساتەکە نەگونجاو و ناسک بوو، هەم لە ڕووی دەروونییەوە هەم لە ڕووی کار و دوورە وڵاتییەوە. ئاخر شوێنی کارەکەیان کورەخانەی گوڵپایەگان، شەش کاتژمێر لەولای تاران بوو و نەش دەکرا بابێکی بەتەمەن و خوشکی بە تەنیا لە غەریبایەتی بە تەنیا جێ بێڵێ، بەڵام هێور بوونەوەی ئەو ئاگرەی لە هەناویدا بوو زەحمەت بوو بە وتەکانی قاسملوو نەبێ: "ئێمە لەمێژە بەڵێنمان بە شەهیدان داوە ناگرین، بەڵکوو درێژەدەری ڕێبازیان دەبین... پاشترین پاداش بۆ شەهیدان تەنیا درێژدانی ڕێگەیانە..."

ئەو پەیامە بۆ ئەو چرای ڕێگای خەبات و سەبووریی خەمەکانی بوو. بابی زۆر باش بە بڕیار و بەڵێنی ناخی دەزانی، بۆیە بۆ یەک جاریش نە سەرکۆنەی کرد و نە ڕووی لێ گرژ کرد، بگرە هاوخەم و هاندەر و هاوبیر و ڕێنوێنیشی بوو. ڕۆژێک بە ئارامی و لەسەرخۆیی پێی گوت:" ڕۆڵە گیان، کوڕم! دەزانم کارەساتەکە چەندە قورس و بەژان و زەحمەتە بەڵام هیچ ناکرێ. ئەوەی بەسەر ئێمەهات هەر خوا دەزانێ چەندە ناخۆشە. ڕۆڵەم گەردنت ئازا بێ گلەییم لێت نییە ئەوە خەرجیی ڕێ". بیست هەزار تمەنی لە پێش دانا و گوتی:" کەی پێت باش بوو برۆ بۆ نێو کوڕەکان، خەمی ئێمەت نەبێ خوا یارت بێ، بەڵام کوڕم ناسر ئاگاداری خۆت بە".





# دابەشکاریی دیرۆکیی مافی مرۆڤ



شاڕۆخ حەسەنزادە

لە بەشی پێشوودا گوتمان کە هەتا ئێستا دەستەبەندی جۆربەجۆر لەمەڕ ڕەوتی گەشەی مافەکانی مرۆڤ کراوە کە گرینگترینیان دابەشکاریی دیرۆکی و بەپێی جیلەکانی مافی مرۆڤە. دواتر لەو دابەشکارییەدا هاتینە سەر قۆناغی **لەسەرەتاوە هەتا دەسپێکی سەدەکانی نێوەڕاست** و ئەو کەسانەی لەو پێوەندییەدا شوێنپەنجەیان دیار بووە. **باسمان لە** «حامورابی» خونکاری مەزنی بابیلۆنییەکان، مووسا و کوروش (سایرووس) کرد.

**لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا** دواتر ئەوە ڕۆمییەکان بوون کە بە بڵاوکردنەوەی ١٢ سواڵەتەکە، بناخەیان بۆ مافەکانی مرۆڤ داڕشت؛ کە دواتر زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی چاویان لەم شێوەیە کرد و وەک ژێرخانێکی تۆکمە بیناکەیان لەسەر دانا.

ئەم سواڵەتانە بەرلە هەموو تشتێک ئاماژەیان بە نایەکسانیی چینی دەرەبەگ و دەوڵەمەند و ناڕەزایەتیی چینی ڕەشۆکی لەهەمبەر خوێندن و پێگەیشتن دەکرد. ئەم سواڵەتانە لە ساڵەکانی ٤٥٠ و ٤٥١ی بەر لە مەسیح لەلایەن دەستەیەکی دە کەسی ئامادە کرابوو. مافی مرۆڤی یۆنانی لە بەستێنێکی بیروهزری فەلسەفیی پێشڕەو خۆی دەرخست. ماکی وەک بەشداری و شەڕاکەت، دەسەڵاتی یاسا، دادپەروەریی قەزایی، مافی خاوەنداریەتی و ئازادیی ڕادەربڕین هێمایەک لە بوونی مافەکانی مرۆڤ و پێناسەیەیەک بوو لای یۆنانییە قۆجییەکان. یاساگەلی «سۆلۆن» بیرمەندی یۆنانی لە سەدەی شەشی پێش زایین سیلەی چاوێکی بە ئازادی و دادپەروەری هەبووە. یۆنانییەکان، مافی تیۆری وەک هەوێنێک لە سرووشتی ئینسان و هاوڕێ دەگەڵ خودی مرۆڤ و ڕێساکان و پێویستییەکانی جیا لە شێواز و یاسای حقوقی بابەتەکە دەزانی و پێناسەیان دەکرد.

لەوکاتەوە مافەکانی مرۆڤ، لە ڕوانگەی فەیلەسوفان بە دەوری چەمک گەلی تر ڕاڤە دەکران. «ئالپین» لە پێشەکی کتێبی «ژۆستینین»، مافی مرۆڤ وەک پاراستنی ڕەوشی خەڵک و هەڵبەت بۆ هەموو گیانلەبەرەکان نەک هەر ئینسان دەزانی. «سوقڕات» پێی وابوو مرۆڤ بەرئەمری یاسای سرووشتییە و مافی جێ باسی مرۆڤ وەک مافی ئازادییش دەبێ چاو لەم ڕێسایە بکا. «ئەرەستوو» بەرامبەری لە گوێڕایەڵی و دەسەڵاتداری بە یەکێک لە گرنگترین باسەکانی مافی مرۆڤ دەزانی. «زینۆن» فەیلەسووفی یۆنانی نیوەی دووهەمی سەدەی چووارەم (پ.ز) لەسەر چییەتی مرۆڤەکان پێداگری دەکرد و سیستەمی چینایەتی ڕەد دەکردەوە.

«سیسرۆن» لە بیرمەندانی ڕێبازی «ڕەواقییون»، تیشکی دەخستە سەر ئازادی وەک گرنگترین مافی ئینسانی. لەم دەورە مێژووییە، ڕوانگەکانی «لائۆتیسێ» و «بوودا» لەمەڕ مافی بەختەوەری و ئازادی، هەروەها پێداگری «کۆنفۆسیووس» لەسەر دادپەروەری جێگای سەرنج و بایەخە.

بە چاوخشاندنێکی خێرا بە باوەڕەکانی مافەیلی مرۆڤ، لەم دەورانە دیرۆکییەدا ڕۆڵی داگیرکاری و شەڕی وڵاتان، بۆشایی پێویستیی مافەکانی مرۆڤ بەرچاوە. جگە لەمەش بۆچوونە فەلسەفییەکان وەک یەکەم هەوڵەکانی بنچینەیی بۆ دەرکی مافی مرۆڤ زیاتر خۆ دەنوێنێ. بیر و ڕوانین و باوەڕەکان دەگەڵ شوێنەواری مافەکانی مرۆڤی ئەم چاخە نەتەنیا بەستێنخوڵقێنی دەورانەکانی مێژوویی دیکەیە، بەڵکوو بناخەی فەلسەفی ناسینی مافەیلی بەشەر لە ماوەی سەدەکانی دواتریش وێنا دەکا.

### لە سەرەتای سەدەکانی نێوەڕاست هەتا سەرهەڵدانی ڕێنسانس

سەدەکانی نێوەڕاست کە مێژوو هەمووکات وەک «چاخی ڕەش» ناوی دەبا، دەورانێکی دوورودرێژ بە درێژایی هەزار ساڵ لەخۆ دەگرێ؛ چاخێک لە نێوان سەدەکانی ٥ هەتا ١٥ی زایینی کە بە داڕمینی ئیمپڕاتۆریی ڕۆمی ڕۆژئاوایی لە ساڵی ٤٧٦ی زایینی دەست پێدەکا و هەتا گرتنی قوستەنتەنییە بە دەستی ئیمپڕاتۆری عوسمانلی لە ساڵی ١٤٥١ درێژەی هەیە. بڵاوبوونەوەی ئۆلی کریستییان، هێزگرتنی کلیسا و ماموستایانی ئایینی، دامەزرانی سیستەمی ئاغا و ڕەعیەتی هەروەها سنووردار بوونی ماف و ئازادییەکانی کەسی بە تایبەتمەندییەکانی ئەم چاخە دادەنرێن.

سەدەکانی سێهەم و چوارەمی زایینی کۆمەڵێکی زۆری خەڵک لە دەوری مەسیحییەت هالان، تشتێک کە وردە وردە بووە هۆی کەڵکی نابەجێ وەرگرتنی پێشەوایانی ئایینی لەو دەسەڵاتەی کە هەیانبوو بۆ وەدەست هێنانی هێزی سیاسی و ئۆلی. لەم دەورانەدا هەوڵ درا جێگە و پێگەی کلیسا وەک دامەزراوەیەکی بان مرۆڤی و خوایی جێگیر بێ و لەم ڕێگایەشەوە پاساو و بەڵگەی فەلسەفی لووس و چەور کەڵکی لێ وەرگیرا. پێشێل کردنی مافە ئینسانییەکان لەژێر سێبەری هێزی خوایی دەسەڵاتدارانی سیاسی و ئۆلی، لە گرنگترین تایبەتمەندییەکان ئەم چاخە دەژمێردرێن. دەسەڵات و هێز وەرگرتنی کلیسا و پاپ، مافی خوایی بوونە جێگرەوەی مافەکانی مرۆڤ و پاساوێک بوو بۆ پێشێل کردنی هەموو ئەو بایەخ و باوەڕە ئینسانییانە. کلیسە پێی وابوو هێز و دەسەڵاتی خۆی لە خواست و ئیرادەی خوا وەردەگرێ کە ئەمە دەبێتە هۆکارێک بۆ دەستێوەردان لە ژیانی مرۆڤەکان. بێبەش کردنی خەڵک لە خواستە سەرەکییەکانی وەک ئازادی، (ئازادیی ڕا دەربڕین، ئازادی بیروباوەڕ) ئاکامی ئەم شێوە بیر کردنەوەیە بوو.

دەگەڵ هەموو ئەو ڕەوش و بەسەرهاتانە، لەم چاخەدا هەوڵدان بۆ هەبوونی مافەکانی ئینسان هەر بەردەوام بووە. گرنگترین ڕووداوی جێی سەرنجی ئەم چاخە لە بواری مافەکانی مرۆڤ، بڵاوکردنەوەی جارنامەی مەزن (کبیر) لەلایەن «جان»ی یەکەم خونکاری ئەوکاتی بریتانیا بوو. ئەم بەڵگە مێژووییە کە لە ١٥ ژوئیيەی ساڵی ١٢١٥ی زایینی (٢٥ی جۆزەردانی ٥٩٤ی هەتاوی) واژۆی لەسەر کرا، ئاماژە بە هەندێک خاڵ دەکا کە هەتا ئێستاش لە سیستەمی حقوقی و بەڵگەی قازییەکان بۆ دانی حوکم لە کەیسی گرینگی وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکایی شوێندانەرە و کاریگەری خۆی هەبووە. دەقی ئەم جارنامەیە لەلایەن نوێنەری پاپ بەناوی «ستیفان لینگتۆن» نووسراوە و وردی و زیرەکیی مێژوویی تایبەتی تێدا بەکار براوە. هەرچەندە ئەم مانیفێستە مەزنە لە سەدەکانی نێوەڕاست لە قوڕنەی ئورووپا لەبیر کرا، بەڵام لای بریتانیاییەکان زۆر جار لەلایەن لایەنەکانی سکالا و لە دادگادا وەک بەڵگە بەکار بردرا. ئەو ڕاگەیەندراوە ڕووداوێکی گرنگ بوو لە ژیانی مافەکانی مرۆڤ، لەم جارنامەیەدا هەرچەندە بەردەنگەکە سەرەکییەکەی چینی سەروو بوو(ئاغاوەت)، بەڵام ماف و ئازادییەکانی خەڵکیشی لەبەرچاو گرتبوو.

مالْپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

KURDI STAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:783 6 October 2020

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312

# پۆلێکی دی لە لاوانی نیشتمان هاتنە ڕیزی حیزبی دێموکراتەوە



پۆلێکی دی لە لاوانی کوردستان دوای کۆتایی هاتنی دەورەی سەرەتایی پەروەردە، بە لەبەرکردنی بەرگی پێشمەرگایەتی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا سازمان دران.

ڕۆژی ٥ شەممە ١٠ی ڕەزبەر لە ڕێورەسمێکدا کۆتایی دەورەی ٢٣٨ی سەرەتایی پێشمەرگە لە فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو. ئەم ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕێژەی نیزامی و چەند کارێکی ڕەزمیی بەشدارانی دەورە دەستی پێ کرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا کاک لوقمان موئمینی، بەرپرسی ناوەندی ٣ی کوردستان وتارێکی پێشکێش کرد و وێڕای پیرۆزبایی بە بەشدارانی دەورە سەبارەت بە کۆتایی هاتنی یەکەم قۆناغی فێربوون و پەروەردەیان، باسێکی لە پرسە سیاسییە ڕۆژەڤەکانی ئێران و کوردستان کرد.

خوێندنەوەی پەیامی بەشی ئاموزشیی فێرگە و پێشکێش کردنی چەند سروود و گورانی لەلایەن بەشدارانی دەورەوە چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمە بوون.

# ”هەنیلە هووتی“، بەرهەمێکی ئەدەبیی منداڵان چاپ و بڵاو کرایەوە




بەرهەمێکی ئەدەبیی تایبەت بە منداڵان بە ناوی ”هەنیلە هووتی“ لە لایەن چاپەمەنیی ”باشوور“ چاپ و بڵاو کرایەوە.

”هەنیلە هووتی“ بەرهەمی خاتوو ”هەتاو خورشیدی“یە کە پێشتر بەرهەمێکی ئەدەبیی منداڵانەی بە ناوی ”خاڵخاڵۆکە“ چاپ و بڵاو کردبۆوە.

”هەنیلە هووتی“، لە بواری شێعرییەوە لە سەر ڕیتم و وەزنی بڕگەیی جیاواز و هەتا ڕادەیەک نوێ کاری لە سەر کراوە کە سەرنجی مندڵان ڕادەکێشێ. کتێبەکە باسی میوەکان دەکا و ناساندنیان بە زمانێکی ساکارە بۆ منداڵانی گرووپی تەمەنیی ئەلف و بێ. هەروەها نووسەری ئەو کتێبە لە دەنگەکان و ناودەنگەکان وەک خۆێ کەڵکی وەرگرتوە، بۆ نموونە: ”خرمە خرم، تەقە تەق“ و...

نووسەر لەبارەی ناوی کتێبەکە دەڵێ: ”هەنی“ واتا شووتی. [لە] زیادکراوەکە بۆ خۆشەویستی یان چکۆلەکردنەوە بەکاردێ وەک وردیلە، هێدیلە و جووجیلە. ”هووتی“ش واتایەکی نییە، تەنیا بۆ ڕیتم هاتوە و هەتا ڕاددەیەک ”هیچانە“ کان دەگرێتەوە. وەک نموونەی زۆری کە لە فولکلۆردا هەیە وەک ”هلوور بلوور و هەتوول مەتوول“. لەم کتێبەشدا لەو وشانە کەڵک وەرگیراوە بۆ ڕیتمیککردن و جوانتر بوونی شێعرەکان .

# بڵاو کردنەوەی دوو نامەی سەر بە مۆری مامۆستا هێمن

لە ماوەی حەوتوویەکدا تۆڕی میدیایی ”ڕووداو“ دوو نامەی تایبەتیی مامۆستا هێمن بۆ ”د. شوکریە ڕەسووڵ“ی بڵاو کردەوە.

تۆڕی میدیایی ڕووداو لەو بارەیەوە دەڵێ خوێندنەوەی ئەم نامانەی مامۆستا هێمن بۆ د. شوکریە ڕەسووڵ کە لە مۆسکۆ خوێندوویەتی، دەکرێ لە چەند ڕەهەندی جیاوازەوە قسەی لەبارەوە بکرێ، زمانەوانی، ئەدەبی، خۆشەویستی بۆ ژن و جوانی و خۆشەویستیی نیشتمان.

کاوە ئەمین، کە نووسەری ئەم بابەتەیە، دەڵێ، بە سوپاسەوە کە د. شوکریە ڕەسووڵ متمانەی پێ کردوە و، ئەرشیڤی نامە تایبەتییەکانی خۆی خستووەتە بەردەستی.

**دەقی نامەکەی مامۆستا هێمن:**

کچی خۆم شوکریەی خۆشەویست


ئەوە یەکەم جارە ئەم عینوانە بۆ کچێک دەنووسم، بۆ خۆم کچم نییە و هەرگیز بە چاوی بابانەوەش تەماشای هیچ کچێک ناکەم. بەڵا لە درۆ بدا، من تا ئێستاش جوانی پەرستم و هیچ جوانێکیشم پێ لە کچ جوانتر نییە. بەڵام لە تەواوی ژیانمدا هەرگیز هیچ جوانێک نەیتوانیوە زەوقی من ڕازی بکا، چونکە پێم وایە لە ویش جوانتر هەیە و جارێ تووشی نەهاتووم، هەروەک هیچ شیعرێکیش بەتەواوی ڕازی نەکردوم چونکە پێم وایە لەوەش جوان دەکرێ بخوڵقێ.


کچی خۆم! بەڵام ئەوە ئەم عینوانەم بو تۆ نووسی چونکە هەست دەکەم تۆ وەک کچێک منت خۆش دەوێ و منیش دەبێ وەکوو باوک تۆم خۆش بوێ. شوکریە گیان بروا بکە لە کانگای دڵمەوە خۆشم دەوێی و هیوام وایە نەک هەر کچی چاکی من بی بەڵکوو کچی چاکی کوردان بی. کچی چاک بە بڕوای من هەر ئەوە نییە لە بن عابا و ڕووبەندا بژی و نوێژ و تاعەت بکا و ڕوو لە نامەحەرەم بگرێ. من کچێکم پێ چاکە بە چەکی زانینەوە خزمەت بە نیشتیمان و نەتەوەکەی بکا. تێت ڕادەبینم تو یەکێک لەو کچانە بی. هەر ئەوەی کە لەو بەهەشتەوە یادی کەسێک دەکەیەوە کە ژیان بۆ ئەو وەک جەهەننەم وایە، بەسە بۆ ئەوەی کە تۆ بناسین و بزانین کچە کوردێکی کە خزمەتکارانی کوردت خۆش دەوێ.

کچم، هەم بخوێنە هەم بژی. من قەت ئەوەندە وشک نیم پێم وابێ خوێندکارێک دەبێ شەو و ڕۆژ سەری لەسەر کتێب بێ و تام لە ژیان نەکا. ئەوەندەش بێ موبالات نیم هەق بدەم بە کەسێک هەلی وای بۆ هەڵکەوێ و کەڵکی لێ وەر نەگرێ. سەرکەوتنت بە ئاوات دەخوازم. سڵاوی هەموو کچ و کوڕێکی باشی کورد لەوێ دەگەیەنم. لە باتی من تەماشای جوانەکان و ناسکەکانی وێ بکە. هەرچەندە دەزانم خۆت زەوقی لێ وەرناگری. لە نووسین و خوێندەنەوەی کوردی خافڵ مەبە، خەریکم دیوانەکەم چاپ بکەم هەر چاپ کرا بۆت دەنێرم.

مامۆستا هێمن لە نامەیەکی دیکەدا دوای هێنانە بەر باس و خواسێکی تایبەتی، ڕوو بە شوکریە ڕەسووڵ دەنووسێ:

سڵاوی تۆم بە مامۆستا هەژار و کاکە حەمە گەیاند، ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان سڵاوت لێ دەکەن. کۆڕی زانیاری کارێکی باشی کرد هەژاری ناردە پاریس تا کورد و زمانی کوردی بە ڕۆژهەڵات ناسەکان بناسێنێ. کاک دکتۆر کەمال مەزهەر و دکتۆرە نەسرین فەخریش چوون، سەرکەوتووبن. من بەتەنێ لە بەغدا ماومەوە و ئارەق دەڕێژم. بەراستی گەرماش بەڵایەکی گەورەیە، ڕۆژێ تا ئێوارە دەهاژم و بە لووزە ئارەق دەڕێژم. ناتوانم بیر بکەمەوە تەنیا شەوانەیە بە تاقی تەنی لە سەربانە بەرزەکەم ڕادەکشێم و چاو لە مانگ و ئەستێران دەبڕم. ئەویش تەنیایی و بێ جووتی ڕەنجم دەدا...





بەر لە ماڵاوایی

# «نان و ئازادی» لەدایک بووی هەناوی گەلێکی چەوساوە



ئەحمەد ڕەحمانی

سەرەتای شۆڕشی گەلان ئێران و ڕژانە نێو شەقامە، هروژمی ئاپۆڕای خەڵک بەدەم شنەی ئازادیی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی لە ماوەیەکی کەمدا جارێکیتر سییەکان پڕ بوونەوە لە هەوای ئازادی، ئاوەدانی، کردنەوەی قوتابخانە و خوێندن بە زمانی زگماکی کوردی، بووژانەوەی ناوەندە ڕووناکبیرییەکان و؛ هەڵدانەوەی لاپەڕەی ڕزگاریی گەل و نیشتیمان لەو سەردەمدا هیوابەخش بوون. بۆیە پۆل پۆل خەڵک تەقڵی شۆڕش دەبوون و لە ناوەند و ستادەکانی پێشمەرگەدا خۆیان ناونووس دەکرد و چەکی بەرگری و شەڕەفی پاراستنی کوردستانیان دەکردە شان و دەبوون بە پارێزەری نیشتیمان.

ئەو ئازادییەی کە هاتبووە کایەوە بەرهەمی خەباتی چەندین ساڵەی شۆڕشگێڕان و هەستی پەنگخواردووی خەڵک بوو دژی نیزامی چەوسێنەری پاشایەتی، بەڵام شنەی ئازادی زۆر بەزوویی جارێکی تر گۆڕا بە شەڕ و ماڵوێرانی و گرتنەوەی سەنگەری بەرگری لە کوردستان، ئەو جار خەڵک و پێشمەرگە لە سەنگەردا یەکیان گرت و شەڕی سێ مانگە بە سەر کوردستاندا سەپا.

ورەی بەرزی خەڵک و پێشمەرگە لە هەموو ناوچەکاندا لە بەرامبەر هێزی زۆر و بۆری کۆماری ئیسلامیدا پۆڵا ئاسا لەمپەری گرت، شەڕ بەردەوام بەڵام شۆڕش لە جەنگەی گەرمی خەباتی مەدەنیی خۆیدایە، لاوان، ژنان هەموو چین و توێژێک لە شۆڕشدا بەشدارن، ئا لەو سەردەمدا بوو بیر و هزری کاک تەیفوور بەتحایی چەکەرەی کرد و کەوتە بیری فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر خەڵکی کوردستان و خەباتی پێشمەرگانە. دەست و پەنجەکانی وەستا عەوڵاش کەوتنە گەڕ بۆ گرتنی ئەو سێکانسانە.

هەر چەندە ئامرازەکانی دروست کردنی فیلم لەو سەردەمدا ئەوەندە پێشکەوتوو نەبوون، بەڵام فیلمی نان و ئازادی شاکاری ئەو سەردەم بوو، ڕەنگدانەوەی ژیانی سادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، شەڕ، لە هەمان کاتدا لە گۆشە نیگایەکی ترەوە نیشاندانی خەباتی پێشمەرگانە بوو. دەرهێنەری ئەو فیلمە دیکۆمێنتارییە لە پاش لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنێکی باشی ئەو سەردەم کە فشاری هێزەکانی دوژمن بۆ سەر خاکی کوردستان لەو پەڕی خۆیدا بوو ، توانی سیمای ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە لە ڕێی زوومی کامێراوە نیشانی گەلان بدا. دوبلاژ کردنی فیلمەکە بە تایبەتی بۆ زمانی فەڕانسەوی دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، هێدی هێدی لەڕێی هونەری فیلمی دیکۆمێنتاریەوە گەلی کورد هاتە نێو مەیدانی نیشاندانی خەبات و بەرگری لە خاکەکەی.

فیلمی دیکۆمێنتاریی نان و ئازادی جگە لە بوارە مێژووییەکەی، دەکرێ بگوترێ شوێندانەرێکی باش بوو لەسەر بیروهزری نەوەی نوێ بەتایبەتی ئەو لاوانەی تازە پێ دەگەیشتن و هەستی نیشتیمانپەروەرییان لەو پەڕی جۆشی خۆیدا بوو، لە لایەک کە هەموو کوردستان لە شەڕی پاراستنی خۆیدا بوو، لە لایەکەی تریشەوە لە ڕێی مێدیاوە کێشە و ئارێشەکانی گەل نیشانی خەڵک و گەلانی تر دەدرا.

نان و ئازادی لەو سەردەمدا شۆڕشێک بوو، تەواوکەری ئەو خەباتە پێشمەرگانەیە بوو کە بۆ پاراستنی خاکی کوردستان ڕاسابوو.

ئێستاش پاش چەندین دەیە لە بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە دیکۆمێنتارییە، «نان و ئازادی» هەروا شوێندانەرێکی گەلێک باشە لە ڕووە ڕاستەقینەکەی خەباتی خەڵک و پێشمەرگە.

لەو فیلمەدا کاک تەیفووری بەتحایی لەگەڵ دەست و پەنجەی وەستا عەوڵا لە زۆر گۆشەنیگای ژیانی خەڵک و پێشمەرگەوە توانییان جوانترین گرتەی فیلم نیشان بدەن و خەبات و خەڵک ئاوێتەی یەکتری بکەن.

